WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14 23ی پووشپەڕ 2714 (750) دینار

دڵشاد گەرمیانی:

## زۆر لایەن پشت لە بارزانی دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەڵێت "سەربەخۆیی کوردستان پێش ئەوەی پشتیوانی دەرەکی بۆ پەیدا بکرێ، دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پشتیوانی ناوخۆیی دڵنیاببێ، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشێت و بیانووی هیچ لایەک نەهێڵێ". دەنا پێیوایە "ئەگەر ئەو مەسەلەیە بگاتە قایمایی و فشارەکان جددی بن، ئەگەر نەڵێم سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتەنیا بەجێدەهێڵرێت، دەڵێم زۆر کەم دەبن ئەوانەی تا کۆتایی لەگەڵی دەبن، بەڵگەش زۆرن، نامەوێ هیچ کەس و لایەک بریندار بکەم".



دڵشاد گەرمیانی، کە بەهۆی ئەوەی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە داوا کرابوو، پەنای بۆ ئێران بردوو، باسی تێڕوانی ئێران دەکات بەرامبەر هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان، و دەڵێت "ئێران هەرێمی کوردستان بە ئەمری واقیع دەزانێت و مامەڵەکردنیشی لەگەڵ هەموو لایەکان سیاسییە، بە ئیسلامییەکانیشەوە".

9 »

44 ملیار دیناری خانەنشینی پلە تایبەتەکان دەبردرێت 2

داعش ئاسمانی عێراق قەرەباڵغ دەکات 8

بکوژێک بە دڵۆپەخوێن دەدۆزرێتەوە 14

یەکێتی لەسەر کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆمار یەکلایی نەبووەتەوە

# هێرۆخان ڤیتۆ بەکاردەهێنێت

3 »







## تەماتەی هەڵەبجە یەک کیلۆ و نیوە

**رووداو- هەڵەبجە**

مامۆستایەکی خانەنشین لە هەڵەبجە، گەورەترین و قورسترین تەماتە لە باشووری کوردستان بەرهەم دەهێنێت. مامۆستا رەئوف دەروێش، ئەو کاتەی لە ساڵی 2005 خانەنشین دەکرێت، وەک ئارەزوویەکی خۆی دەستی کردووە بە کشتوکاڵکردن. ساڵی رابردوو سێ جۆر تۆوی تەماتەی لە فەرەنساوە بۆ دێت و دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەمساڵ ریکۆردێکی نوێ لە کوردستاندا تۆماربکات و تەماتەیەکی یەک کیلۆ و نیوی بەرهەم بهێنێت.



فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم

## هەولێر لاسایی بەغدا دەکاتەوە

# 44 ملیار دیناری خانەنشینی پلە تایبەتەکان دەبڕدرێت

**محەممەد هادی**
**رووداو – هەولێر**

دادگای فیدراڵیی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینیی وەزیر و پلەباڵاکانی لە عێراق دەرکرد. ئێستا پەرلەمانی کوردستانیش لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆژەیاسایەکی لەو جۆرە جێبەجێ بکات. بەپێی پرۆژەکە، خانەنشینیی پەرلەمانتاران و دواتریش وەزیر و پلە باڵاکانی دیکە هەڵدەوەشێتەوە.

ئێستا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە بە واژۆی 15 پەرلەمانتار پێشکەشکراوە. بەمەش پارەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە سەرچاوەیەکی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست تۆڕی میدیایی رووداو کەوتووە، ژمارەی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 200 هەزار کەسن. لەم رێژەیەش نزیکەی 100 هەزار کەسیان خانەنشینی سەربازین.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە خانەنشین کراون دەگاتە 320 پەرلەمانتار و مووچەی هەریەکێکیان 6 ملیۆن و 560 هەزار دینارە. هەروەها ژمارەی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون 115 وەزیرن.

جاران مووچەی هەر وەزیرێک 6 ملیۆن دینار بوو، بەڵام بە بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی پێشوودا، مووچەی خانەنشینی وەزیرەکان بە رێژەی لەسەدا ٥٠ کەمکرایەوە. ئێستا هەر وەزیرێکی خانەنشین مانگانە 3 ملیۆن دینار وەردەگرێت.

هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە پلەی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار خانەنشینکراون بەتێکڕایی دەگاتە 250 کەس، کە مووچەیان لەنێوان 2 تاوەکو 4 ملیۆن دینارە. ئەمە جگەلەوەی کە بە گوتەی ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە دەیان کەس هەن بەو پلە باڵایانە خانەنشینکراون، بەبێئەوەی رۆژێک ئەو پلەیەیان هەبووبێت. ئەمە جگە لە خانەنشینیی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان 141 کەسە و مووچەکەیان 2 ملیۆن و 400 هەزار دینارە. هەروەها ژمارەیەک خەڵک بە پلە باڵا سەربازییەکان خانەنشینکراون. سەرجەمی مووچەی ئەو خانەنشینانە بەبێ پلە سەربازییە باڵاکان، مانگانە بڕی 3 ملیار و 667 ملیۆن دینارە، کە حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ مووچەی خانەنشینە باڵاکان دابینیدەکات. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بە نەهێشتنی خانەنشینی پلە باڵاکان، لە ساڵێکدا بڕی 44 ملیار و 4 ملیۆن دینار دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

ئومێد حەمەعەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئەوان وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسایەکیان بۆ هەموارکردنەوەی نەهێشتنی خانەنشینیی پەرلەمانتاران بە واژۆی 15 پەرلەمانتار لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە. لەم خولەی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. ئێستا لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان تاوتوێ دەکرێت بۆئەوەی لە کاتێکی نزیکدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت".

ئومێد حەمەعەلی ئەوەشی راگەیاند کە "بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، خانەنشینی پەرلەمانتاران کۆتایی پێدێت. تەنیا ئەگەر پەرلەمانتارێک لە تەمەنی خانەنشینیدا بێت، دەتوانرێت خانەنشین بکرێت. هەروەها خانەنشینانی پەرلەمانتار بە رێژەی 50% ی مووچەی خۆیان، مووچەیان دەدرێتێ". ئێستا تەمەنی خانەنشینی لە کوردستان 63 ساڵە. بە قسەی ئەو پەرلەمانتارە "ئەو پەرلەمانتارەی تەمەنی خانەنشینیی نەبێت، بە سەرۆک و جێگر و سکرتێر و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانەوە، دەگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێش پەرلەمانتارێتییان. بۆ ئەو مەبەستەش هەر بەپێی پرۆژە یاساکە، بۆ ماوەی سێ مانگ حکومەت رێکارەکانی گەڕانەوەی پەرلەمانتاران دەگرێتەبەر بۆئەوەی بیانگەڕێنێتەوە سەر کارەکانی پێشووی خۆیان و ئەزموونی پەرلەمانتارییان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەکاربهێنن".

ئومێد حەمەعەلی ئاماژەی بەوەشدا کە ئەگەر پەرلەمانتارانی کوردستان پرۆژەکە پەسندبکەن، ئەوە لە قۆناخی دووەمدا دەستکراوە دەبن بەرامبەر خانەنشینیی وەزیران و پلە باڵاکانی دیکەش. هەروەها ئەو پرۆژەیە، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، دەتوانرێت سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانی دیکە لە خولەکانی رابردووش بگرێتەوە. بەمەش رێگە خۆش دەکرێت کە چۆن خانەنشینی پەرلەمانتاران هەڵدەوەشێتەوە، پلە باڵاکانی دیکەش وەک ئەندام پەرلەمانەکان خانەنشینیان هەڵبوەشێتەوە.

### خانەنشینانی کوردستان

- مووچەی مانگانەی خانەنشینی پلەباڵاکان 44 ملیار دینارە
- 200 هەزار خانەنشین لە کوردستان هەن
- 100 هەزار خانەنشینی سەربازی لە کوردستان هەن
- 115 کەس بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون
- 250 کەس بە پلەی بریکاری وەزیر خانەنشینکراون
- 121 کەس بە پلەی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا خانەنشینکراون
- 320 پەرلەمانتاری خانەنشین هەن

### کاریگەریی خانەنشینان لەسەر بودجە

لە چەند ساڵی داهاتوودا بودجەی کوردستان بەشی خانەنشینی پلەباڵاکان دەکات؟ ئەمە پرسیارێکە لەسەر ئابووریی کوردستان دروست دەبێت.

پرۆفیسۆر محەممەد رەئوف، شارەزا لە ئابووریی کوردستان، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئەو مووچە زۆرانە دیاردەیەکی قێزەونن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا سیستمی لەوجۆرە نییە".

وەک محەممەد رەئوف باسیدەکات "لە وڵاتانی دیکە، ئەگەر کەسێک بووە وەزیر یان پەرلەمانتار یان هەر پلەیەکی دیکەی باڵا، دوای تەواوبوونی کابینەی حکومەتەکەی، دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی. بۆنموونە هێنری کیسنجەر، پێشتر راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، دواتر بووە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی تەمەنی حکومەتەکەی، گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی کە مامۆستای زانکۆ بوو".

ئەو پرۆفیسۆرەی بواری ئابووری دەڵێت مووچەی زەبەلاحی خانەنشینان کاریگەریی لەسەر بەرهەمی ناوخۆی وڵاتیش هەیە "ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا لە کوردستان زیاتر لە 600 هەزار کەس هەن، کە مووچەیان هەیە و کاریان نییە. ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت و ببێتە ئەندام لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ئەوە ئەو سندوقە داوا دەکات خەرجیی گشتی کەمبکرێتەوە و پەرە بە کەرتی تایبەت بدرێت".



### وەزارەتی ئەوقاف:
### ئیشی مەلا گشتپرسی نییە

# مەلایەک گشتپرسییەک لەسەر خۆی دەکات

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

وتاربێژی مزگەوتێکی شاری دهۆک گشتپرسییەک لە نێو مزگەوتەکەی دەکات کە ئایا وتارەکانی بە دڵی نوێژکەرانە یان نا، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف پێیوایە نەدەبوو ئەو مەلایە ئەو گشتپرسییە بکات، چونکە ئیشی ئەو نییە.

مەلا مەحموود رێکانی کە 7 ساڵە گوتاربێژی مزگەوتی ئەبوبەکر سدیقە، هەینی رابردوو لەسەر مینبەر داوای لە نوێژخوێنانی مزگەوتەکەی کرد، کە پێش ئەوەی بچنە دەرەوە پارچە کاخەزێک وەربگرن کە لەسەری نووسراوە (رازیم لە وتارەکەت) و بیخەنە ناو سندوقێک کە لە مزگەوتەکە دانرابوو، ئەگەر 70%ی نوێژخوێنان لێم رازی نەبوون ئەوا هەفتەی داهاتوو وتار ناخوێنمەوە.

لەکاتی گشتپرسییەکە تیمی رووداو لە مزگەوتەکە بوون، دوای نوێژ سێ گەنج لەبەردەم مزگەوت کاخەزی گشتپرسیان بڵاودەکردەوە و سندوقێکیش دانابوو، لەسەر وەرەقە نووسرابوو، رازیمە و نەخێر. دوای تەواوبوونی گشتپرسییەکە دەرکەوت کە 99%ی ئامادەبووانی مزگەوتەکە لە مەلا رازین.

مەلا مەحموود رێکانی بە (رووداو)ی گوت "1050 وەرەقە دابەشکرا، ئەوەشمان لەبیربوو کە هەندێک نازانن بخوێنن و بنووسن، بۆیە نەخێرمان رەش کردبوو و بەڵێش سپی، بۆ ئەوەی هەمووان مافی بەشداریان هەبێت"

لەبارەی ئامانجی ئەو گشتپرسیەش، مەلا مەحموود گوتی "خودا لەعنەتی لەو گوتاربێژە کردووە کە بەدڵی نوێژکەران نییە سووربیت لەسەر خوێندنەوەی وتار، بۆیە ئەو گشتپرسییەم کرد".

بەڵام ئەو کارەی ئەو مەلایە بە دڵی وەزارەی ئەوقاف نییە. مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند "گشتپرسی شتێکی باشە، بەڵام کاری مەلا نییە ئەوە بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کارمەندی ئەوقافە و ئەوقاف بڕیاری مانەوە یان گۆڕینی گوتاربێژ دەدات، نەک مەلا".

لەبارەی دەسپێشخەری ئەو گوتارخوێنە، نەقشبەندی گوتی "ئەم جۆرە گشتپرسیە نە لە رێنمایی و نە لە قانووندا نییە، پێشێلکاری کردووە و ئێمە بەشی توێژینەوە و گشتپرسیمان هەیە، ئەوان دەتوانن ئەو کارە بیکەن و کردووشیانە و کاتێک ئەوقاف مەلایێک دادەنێت بۆ ئەوەیە کە ئامۆژگاری لە خەڵک بکات، ئەگەر بە دلی خەڵک نییە، دەتوانن بچنە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و گلەیی لە مەلا بکەن و دواتر ئەوقاف بڕیاری خۆی دەدات".

(رووداو) زانیویەتی کە ئەوقافی دهۆک پەیوەندی بە مەلاکەوە کردووە و پێیراگەیاندووە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن، بەڵام وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف گوتی "خۆ گوتاربێژەکە تاوانێکی نەکردووە، بڕوا ناکەم لەسەر کارەکەی لابدەن و هەرچەندە ئەو بڕیارە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە".

بەڕێوەبەری ئەوقافی قەزای دهۆک ئامادەنەبوو روونکردنەوە لەسەر بابەتەکە بکات و گوتی "ئێوەش تەجاوزتان کردووە کە رووماڵی ئەو بابەتەتان کردووە".

# چیا بچووکترین پێشمەرگەی کوردستانە

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو – هەولێر**

کاتێک لەگەڵ باوکی بەرێدەکەوێت بۆ بەرەکانی شەڕ، دایکی زۆر لەبەری دەپاڕێتەوە کە نەچێت، بەڵام ئەو پێیدەڵێت "دایە شەرمە کوردستان مەترسی لەسەر بێ و منیش لەماڵەوە دابنیشم".

چیا زاهیر، 15 ساڵ، بچووکترین پێشمەرگەی کوردستانە، باوکی چیا پلەکەی رائیدە لە فەرماندەی پێشمەرگەی هەولێر. هەموو جارێک کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ بەرەکانی شەڕ لە دژی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

چیا تاقانەی دوو خوشکە، ئەو لەبەر کەمی تەمەن نەیانکردووە بە پێشمەرگە، بەڵام چیا باس لەوە دەکات گەر بە تەمەنیش بچووک بێت و نەیانکردووە بە پێشمەرگە ئەوە هەر خۆی بە پارێزەری خاکی کوردستان دادەنێت و ئەوەش دەڵێ "هەموو ئاواتێکم ئەوەیە لەدوا رۆژدا ببم بە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە".

چیا دانیشتووی گەڕەکی سێتاقانی هەولێرە و قوتابی 8 ی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی زاگرۆس. ئەو پێیوایە نابێت لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا تەمەن بکرێتە پێوەر بۆ بوون بە پێشمەرگە و دەڵێت "جەنگ تەمەن ناناسێت، گوناهبار و بێگوناە دەکاتە سووتەمەنی، داعشیش ئەمڕۆ بوونەتە مەترسی بۆ کوردستان و هەڕەشەمان لێدەکەن، ئەگەر بەیانی بێنە ئێرە پێش هەموویان هاوتەمەنەکانی وەکو من دەکوژن و کوردستانەکەمان وێران دەکەن".

چیا باسی ئەو ساتانە دەکات کە ئەگەر رۆژێک لە پاڵ باوکی شەڕ لە دژی داعش بکات و دەڵێت "زۆر هەست بە خۆشی دەکەم کە ئەمڕۆ چەکم هەڵگرتووەو لەپاڵ باوکم و پێشمەرگەکان بەرگری لەکوردستان دەکەین، ئەوە بۆ من خۆشترین رۆژەکانی ژیانە کە هەرگیز لەبیری ناکەم".

چیا چەکی کلاشینکۆفی هەڵگرتووە، بەڵام دەڵێت جگە لە کلاشینکۆف، باوکی راهێنانی لەسەر چەند چەکێک پێکردووە و دەتوانێت بەکاریان بهێنێت وەکو BKC و دەمانچە و چەکی ناتۆ، بۆیە ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێ "کاتێک کوردستان بووە خاوەن فڕۆکەی جەنگی ئەوکات هەوڵدەدەم، فڕۆکەوانێکی باشم لێ دەربچێت".

چیا ئەگەرچی تا ئێستا بەشداری لەشەڕدا نەکردووە، بەڵام دەڵێت هەرگیز لەشەڕ ناترسێت و بۆ شەڕیش هاتووەتە بەرەکانی جەنگ، بۆیە دەڵێ "حەز دەکەم بچمە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ تاوەکو شەڕی داعشەکان بکەم، نیشانیان بدەین کە ئێمەی کورد چەندە ئازاین".

چیا باسی هیوایەتەکانی خۆی کرد گوتی حەز دەکات لە کۆلێژی سەربازی درێژە بە خوێندنەکەی خۆی بدات و بەرزترین پلەی سەربازی هەبێت.



## یەکێتی: دوو رای جیاوازمان نییە

**رووداو- سلێمانی**

مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای دوو رۆژ کۆبوونەوە راگەیەنراوێک بڵاو دەکاتەوە و رایدەگەیەنێت "لەهیچ کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیدا، یەکێتیی، لەسەر راپرسی و پرسی چارەی خۆنوسین و گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، دوو رای جیاواز نەبووە". هەروەها لەبارەی مادەی 140یش لە بەیاننامەکەدا هاتووە "با چیدیکە کات بەفیرۆ نەدەین بەمجۆرە گفتوگۆ نەزۆکەی مادەی (140)ەوە، رۆشنمان کردووەتەوە کە ناوەرۆکی دانوستانمان لەگەڵ بەغداد، لەبڕگە برگەی مادەی (140)ەوە بگۆڕین بەپێداگیری لەسەر سنوری حەمرینی کوردستان".

# کاندیدەکانی یەکێتی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار هەروا زیاددەبن

## "قوباد تاڵەبانی لەنێوان دایکی و بەرهەمساڵحدا نێوبژیوانی دەکات"

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

پۆستەکەی تاڵەبانی لە بەغدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی دابەشکردووە. بەشێکیان لەگەڵ ئەوەدان کە بەرهەم ساڵح لەشوێنی تاڵەبانی دابنرێت و بەشێکیش پشتگیری لە نەجمەدین کەریم دەکەن. بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئەو پۆستە دەدات، ماڵی تاڵەبانییە. ئەوانیش تاوەکو ئێستا "بە هیچ شێوەیەک پاڵپشتی لە بەرهەم ساڵح ناکەن".

چەند رۆژێکە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە مشتومڕی یەکلاییکردنەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رزگاری بووە، بەڵام بەبێئەوەی پشوویەک بدات، بابەتی یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بووەتە گرێکوێرەیەکی گەورە لەنێو ئەو حیزبەدا.

ماوەی دوو رۆژە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کۆبوونەوە لەدوای کۆبوونەوە دەکات، بەڵام هێشتا کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری پێ یەکلایی نەکراوەتەوە.

هەریەکە لە بەرهەم ساڵح و نەجمەدین کەریم، لە هەمووان زۆرتر ناویان دەهێندرێت بۆئەوەی ببنە سەرۆککۆماری عێراق. بەمەرجێک ئەو پۆستە بدرێتە کورد. بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر ئەو دوو کاندیدە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووەتە دوو بەش، ئێستا عومەر فەتاح، ئەندامی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش ناوی دێت بۆ شوێنگرتنەوەی تاڵەبانی.

ئاسۆ مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت: "پرۆسەی سیاسیی عێراق و یەکلاییکردنەوەی سێ پۆستە سەرەکییەکەی عێراق (سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پەرلەمان) لەسەر یەکێتی پەکینەکەوتووە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پێیوایە هێشتا روون نییە کە کورد چۆن بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا دەکات: "جارێ نازانین بەشداریی کورد چۆن دەبێت لە حکومەتی عێراقدا". گوتیشی: "پێمانوایە بابەتی سێ سەرۆکایەتییەکە وا بەئاسانی یەکلایی نابێتەوە و درێژەی دەبێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

دەربارەی کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، کە ئایا لەنێوان بەرهەم ساڵح و نەجمەدین کەریمدا کامیان چانسی زیاترە؟ ئاسۆ مامەند دەڵێت: "تاوەکو ئێستا مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئەو بابەتەی تاوتوێ نەکردووە".

(رووداو) لە سەرچاوە بڕواپێکراوەکانییەوە زانیویەتی کە شاندێکی باڵای ئێران لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئێستا وەکو کەسی یەکەمی نێو یەکێتی دێتەپێش، کۆبووەتەوە و داوایانکردووە پەلە بکەن لە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق. بەگوتەی ئەو سەرچاوانە باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە هیچ شێوەیەک پاڵپشتی لە بەرهەم ساڵح ناکەن. داواش لە نەجمەدین کەریم کراوە هەر لە شوێنەکەی خۆی، واتە وەکو پارێزگاری کەرکووک بمێنێتەوە. هەڵویستەکەی ماڵی تاڵەبانی زۆر بە روون و ئاشکرا دەربارەی بەرهەم ساڵح دەرکەوت، کاتێک شاناز ئیبراهیم، خوشکی هێرۆ رایگەیاند "سەرۆککۆمار بۆ کەسێک نابێت کە لە تەنگانەدا پشتی لە یەکێتی کردبێت". قسەکانی شاناز رووی لە بەرهەم ساڵح بوو کە لەماوەی رابردوودا دەستی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی کێشایەوە. کاتێک لەدوای هەڵبژاردنەکانی 20ی ئەیلوولی ساڵی رابردووی پەرلەمانی کوردستان، یەکێتی تووشی شکستێکی گەورە بوو، بەرهەم ساڵح داوای بەستنی کۆنگرەی دەکرد. ئەمەش بەدڵی بنەماڵەی تاڵەبانی نەبوو.

هەر ئەوکات، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لە گوتارێکدا رایگەیاند ئەوانەی پاڵپشتی یەکێتی نەکەن، ئیدی بەشدارنابن لە سەرکەوتنەکانی یەکێتیدا.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش داوایانکردووە یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی عێراق، بەرهەم ساڵح کاندید بکات. چونکە کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری بەندە بە رازیبوونی بارزانی و پارتی و حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش.

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی پۆستی سەرۆککۆماری عێراق دەکات و دەڵێت: "ئەو بابەتە مەتروکە بۆ یەکێتی".

عەلی عەونی بە ناڕاستەوخۆ باسی تواناکانی بەرهەم ساڵح دەکات کە بۆ ئەو پۆستە دەستدەدات و دەڵێت: "دەبێ یەکێتی کەسێک هەڵبژێرن لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە و نێودەوڵەتی مەقبووڵ بێت و توانای هەبێ و ئەزموونی هەبێ لە ئیدارەی دەوڵەتدا".

عەلی عەونی داوا لە یەکێتی دەکات بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق کورد وەکو نێوماڵی شیعەی لێنەیەت، کە لەسەر مالیکی ئێستا نێو ماڵی شیعە تێکچووە، بۆیە "دەبێ کەسێک هەڵبژێرن نێوماڵی کورد رای لەسەربێ و کۆدەنگی لەسەر ئەو کاندیدە هەبێت".

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە، نەیشاردەوە کە دەبێ حیزبەکەی "پەلە" بکات لە دەستنیشانکردنی کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق.

ئاڵا تاڵەبانی بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا لەنێو یەکێتیدا دوو کاندید هەن، بەرهەم ساڵح و نەجمەدین کەریم، بەڵام مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هێشتا ئەوەی یەکلایی نەکردووەتەوە کە کێ کاندیدی یەکێتییە". گوتیشی "شیعەکان دەڵێن چاوەڕوانی کاندیدی کوردین بۆ پۆستی سەرۆککۆمار".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاریی نوێی لەسەر کێشەکانی نێوان بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد باسکرد و گوتی: "هێرۆخان دەیەوێ د. بەرهەم بە روون و ئاشکرا پێیبڵێت تۆ مەرجەعی باڵای نێو یەکێتیت و کاتێک بووە سەرۆککۆمار پشت لە هێرۆ خان نەکات. بەتایبەتی لەو ماوەیەدا د. بەرهەم زۆر دڵی هێرۆ خانی ئێشاندووە".

هەروەها گوتیشی "رەتکردنەوەی بەرهەم ساڵح لەلایەن هێرۆخانەوە بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق بڕیاری کۆتایی نییە". بۆیە ئێستا "قوباد تاڵەبانی سەرقاڵی نێوبژیوانییە لەنێوان دایکی و بەرهەم ساڵحدا، تاوەکو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێ و دواجار هێرۆخان بە بەرهەم ساڵح رازی ببێت".

**ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**

**دەبێ یەکێتی پەلە بکات لە یەکلاییکردنەوەی پۆستی سەرۆککۆمار**

**عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی:**

**نابێ یەکێتی کەسێک کاندید بکات نێو ماڵی کوردی تێکبدات**

### بۆ فرۆشتنی نەوتی کەرکووک

# یەکێتی داوای زەمانەت دەکات

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: پێویستە پرس بە خەڵکی کەرکووک بکرێت
## ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک: پێویست ناکات پرس بکرێت

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو — هەولێر**

لەمەودوا هەم خاک و هەم نەوتی کەرکووک لەدەست حکومەتی کوردستاندایە. یەکێتیش ئەو شارە بە پێگەی خۆی دەزانێ، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ئەگەر نەوتی کەرکووک بفروشرێ، "دەبێ زەمان بدرێتە خەڵکی ئەو شارە".

نەوتی کەرکووک نزیکەی 90 ساڵە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەردەهێنرێ و دەفروشرێت. بەرپرسانی کوردیش دەڵێن کورد سوودی لە نەوتەکەی نەبینیوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە ساڵی 1927ەوە تاوەکو ئێستا، حکومەتی عێراق 15 ملیار بەرمیل نەوتی کەرکووکی فرۆشتووە.

رۆژی 2014/7/11، حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی بە دەسەڵاتی بەغدا بەسەر نەوتی کەرکووک هێنا. پێش مانگێکیش، پاش هاتنی داعش بۆ ناوچەکە، هەریەکە لە کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی دیکەی دەوروبەری کەرکووک، بەتەواوەتی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەوە. بەمەش کۆتایی بە حوکمڕانیی دوورودرێژی بەغدا بەسەر ئەو ناوچانەدا هات کە سیاسەتی تەعریب و راگواستنی دانیشتووانە کوردەکانی لەسەر پیادە دەکرا.

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، رەخنە لە شێوازی دەستبەسەرداگرتنی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەگرێ و دەڵێت: "دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیدارەی کەرکووک رێککەوتن بکات". کەچی لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی کوردستان، کە رۆژی هەینیی رابردوو بڵاوکرایەوە، بەئاشکرا باسی ئەوە کراوە کە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی کێڵگەکانی بای حەسەن و کۆمپانیای نەوتی باکوور لەلایەن "هێزەکانی پاراستنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان" بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی کەرکووک بووە.

ئاسو مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێئاگایی خۆی و حیزبەکەی لە هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئەو کێڵگە نەوتییانە پیشاندا وگوتی: "نە یەکێتی و نە نەجمەدین کەریم و نە ئیدارەی پارێزگای کەرکووک، بگرە کاک قوبادیش، کە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئاگادارنەبوون لە هاتنی ئەو هێزە بۆ کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەگەر بیانەوێ بەشداربن لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی کەرکووک و فروشتنیدا، دەبێ "بێنە کەرکووک و لەگەڵ پارێزگار و ئیدارەی پارێزگای کەرکووک رێککەوتن بکەن". گوتیشی "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمانات بداتە خەڵکی کەرکووک، ئاساییە نەوتی کەرکووک بفروشرێ. چونکە ئەگەر نەوتەکە فروشرا، دەبێ حیسابی ئەوە بکرێ کە بەغدا بودجەی کەرکووک دەبڕێت". بەڵام ئاوات محەممەدئەمین، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە پێویستی نازانێ کە بۆ فروشتنی نەوتی کەرکووک، حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و دەڵێت: "ئەمە پێویست ناکات".

کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک رۆژانە توانای دەرهێنانی 400 هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە، کە داهاتەکەی لە مانگێکدا دەبێتە ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار. لە ساڵێکیشدا دەبێتە نزیکەی 14 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. نرخی یەک بەرمیلی نەوتی کەرکووک، بەگوێرەی نرخی نەوتی رێکخراوی ئۆپێک، لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری فروشتنی نەوتی کەرکووکی داوە و تورکیاش رازی بووە نەوتی کەرکووک لەڕێگەی بۆڕییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا بکرێت و لە بازاڕەکانی جیهاندا بفروشرێت.

ئێستا راکێشان و بەستنەوەی بۆڕیی نەوت لەنێوان کەرکووک و بۆڕیی کوردستانەوە کۆتایی پێهاتووە. بۆڕییەکە لە ناوچەی سەرگەران لەنزیک دوبزی سەر بە پارێزگای کەرکووک راکێشراوە تاوەکو دەگاتە خورمەڵە، کە دەکاتە 35 کیلۆمەتر.

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ "دەمێک بوو کارمان لەسەر راکێشانی ئەو بۆڕییە کردووە و تەواو بووە، ئێستا تەنیا ماوە نەوتەکە بفروشرێ". لە راگەیەندراوەکەی هەمان وەزارەتیشدا ئاماژە بەوەکراوە کە پارە و خەرجییەکانی دروستکردنی ئەو هێڵی بەیەکبەستنەوەیەی نێوان کەرکووک و هەرێمی کوردستان لەسەرشانی حکومەتی کوردستان بووە. راگەیەندراوەکە ئەوەش ئاشکرادەکات کە لە مانگی ئاداری ئەمساڵەوە تەواوی ئەو نەوتەی لەو کێڵگانە دەرهێندراوە جارێکی دیکە رژێندراوەتە نێو کێڵگەیەکی دیکەوە و بەفیرۆدراوە. واتە لەماوەی چوار مانگی رابردوودا نەوتی کەرکووک دەرهێندراوە، بەڵام لەجیاتی فرۆشتن، فڕێدراوە.

وەزارەتی نەوتی عێراق، وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر هەنگاوی کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لەلایەن پێشمەرگەوە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە "کوردە عاقڵەکان" کرد کە رێگە نەدەن پێشمەرگە ئەو کێڵگانەی کەرکووک بکات، ئەگەرنا، وەک لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئۆباڵی دەرهاویشتەکانی ئەو هەنگاوە دەکەوێتە ئەستۆی پێشمەرگە.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، باسی پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک دەکات و دەڵێت: "ئەگەر نەوتی کەرکووک فرۆشرا، ئەوە دەبێ هەرێمی کوردستان 17% ی پشکی خۆی لە داهاتی نەوتی کەرکووک هەڵبگرێ". هەروەها کە "نەوتی کەرکووک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە فروشرا، ئەوە دەبێ پەترۆدۆلار بداتە کەرکووک".

بەپێی دوایین بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بۆ هەر بەرمیلێکی نەوت کە فروشرا، حکومەتی عێراق 5 دۆلار دەداتە ئەو پارێزگایە کە نەوت بەرهەمدەهێنێت". گۆران ئازاد دەڵێت: "رەنگە مالیکی بودجەی کەرکووک ببڕێت. ئەوکات دەبێ هەرێمی کوردستان مووچەی کەرکووک دابین بکات. چونکە کەرکووک لەڕووی ئیداری و داراییەوە دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ لەڕووی یاساییەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێ نەوتی کەرکووک بفروشێت؟ پەرلەمانتارەکەی یەکێتی دەڵێت: "مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکرێ. کوا لە عێراق یاسا و دەستوور ماوە؟" راستە تاوەکو ئەو ساتەی رێفراندۆم دەکرێ کەرکووک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام "دەبێ بڕیاری فروشتنی نەوتی کەرکووک بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بێ و نابێ مەلەفی نەوتی کەرکووک بۆ ئیبتیزازکردنی مالیکی بەکاربێت".

ڕووداو
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14

## خەسرۆ گۆران دەبێتە جێگر



**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، کە پارتی خەسرۆ گۆران بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید دەکات. ڕێناس جانۆ بە ڕووداوی گوت "پارتی دیموکراتی کوردستان خەسرۆ گۆران کاندید دەکات بۆ ئەو پۆستە ئەگەر بەر پارتی بکەوێت". پێنج لایەنی کوردی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەریان هەیە، پارتی 25 و یەکێتی 21 و گۆڕان 9 و یەکگرتووی ئیسلامی 4 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی 3 کورسییان هەیە.

### فەرماندەی فیرقەی 3 وردەکاریی شکستەکەی مووسڵ بۆ (ڕووداو) ئاشکرادەکات:

# ڕۆژێک دواتر زانیم مووسڵ کەوتووەتە دەست داعش



پارتی و یەکێتی هیچ فیرقەیەکی سوپای عێراقیان بەدەستەوە نەماوە

بە سەد سەرباز موسڵم پێ دەپارێزرا

**نەبەرد حوسێن، هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسی یەکەمی هێزە سەربازییەکان بووە لە مووسڵ، بەڵام ڕەنگە دوایین کەس بێت کە زانیویەتی موسڵ هەرەسیهێناوە و کەوتووەتە دەست داعش. وەک خۆی دەڵێت: "ڕۆژی دواتر، کاژێر 10ی بەیانی، زانیم مووسڵ کەوتووەتە دەست داعش".

فەرماندەی فیرقەی 3ی سوپای عێراق باسی هۆکارەکانی پشت تەسلیمکردنی موسڵ بە داعش و ناردنی نامەیەک بۆ مالیکی دەکات. ئەو دەڵێت: "فیرقەکەی ئێمە، لەبەرئەوەی لەدەست کورددا بوو، یەک گوللەمان نەبوو بیتەقێنین".

### 11 ڕۆژ دەوامیکرد

عەمید ڕوکن هیدایەت عەبدولڕەحیم، فەرماندەی فیرقەی 3ی سوپای عێراق لە مووسڵ، تازە ئەو پۆستەی وەرگرتبوو. هێشتا خەڵک پیرۆزبایی لێدەکرد. کەچی، وەک خۆی باسدەکات، تەنیا "11" ڕۆژ دوای وەرگرتنی پۆستەکەی، مووسڵ هەرەسی هێنا.

ئەو ئەفسەرە پلەدارە کوردە، کە ڕۆژی 2014/5/26 فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆ دەرچووە و ڕۆژی 2014/6/29 دەستبەکار بووە، دەڵێت: "ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە من تەنیا فەرماندەی فەوج و نیوێک بووم، نەک فەرماندەی فیرقەیەک، کە خاوەنی چوار لیوا بێت". هەروەها دەڵێت "لەبەرئەوەی فیرقەی 3 بەدەست کوردەوە بوو، حکومەتی عێراق ئیفلیجی کردبوو. ئاخر فیرقەکە نە دەبابەی هەبوو، نە تۆپی هەبوو، گوللەشی نەبوو بیتەقێنێت".

شەوی 2014/6/9، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" کە ئێستا ناویان گۆڕاوە بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، هاتنە نێو مووسڵ. سوپای عێراقیش لەو شارە، بەبێئەوەی بەرگری بکات، شکستیهێنا و شارەکەیان تەسلیمکرد.

سەربازە سوننەکان پێشتر هەڵاتن

فەرماندەی فیرقەی 3ی سوپای عێراق، کە ئەرکی پاراستنی دەوروبەری مووسڵی لەئەستۆدا بوو، بۆ یەکەمجار باسی هۆکاری شکستی سوپای عێراق دەکات و دەڵێت سەربازە سوننەکان "پێشتر دەیانزانی چی ڕوودەدات، بۆیە 10 ڕۆژ پێش هاتنی داعش، نزیکەی 400 سەربازیان لەنێو فیرقەی 3دا ڕایانکردبوو".

هیدایەت ئێستا لەگەڵ ماڵ و منداڵی لە هەولێر نیشتەجێیە و دەڵێت: "پێشبینیم نەدەکرد مووسڵ بەوشێوەیە شکست بهێنێت". هەرچەندە ئەو کەسی یەکەمی نێو فیرقەی 3ی سوپای عێراق بووە، بەڵام ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانی شەڕەکە نەبووە: "تاوەکو ڕۆژی دوای شکستی مووسڵ، کاژێر 10ی بەیانی، ئینجا زانیومە مووسڵ شکستیهێناوە".

### 100 سەربازی بەس بوو

عەمید هیدایەت باسی ئازایەتیی خۆی دەکات لە شەڕدا و دەڵێ تاوەکو ئێستا چەندینجار لە شەڕەکانی فەللووجە و ئەنبار بریندارببووە: "تەنیا یەک مانگ لەوێ بوومایە و 100 سەربازیشم هەبووایە، نەمدەهێشت مووسڵ وایلێبێت. چونکە لیواکان هیچیان لەبەردەستی من نەبوون". دانیشی پێدادەنێت کە "هێزەکانی ئێمە ڕووخابوون، بەڵام بەمنیان نەدەگوت".

نووری مالیکی، کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، عەمید ڕوکن هیدایەتی لەنێو سێ کاندیدی کورد بۆ پۆستی فەرماندەی فیرقەی 3ی سوپای عێراق، بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆی نووسینگەی تاڵەبانی، دانا. نێوبراو ئاشکرایدەکات کە یەکێتی داوای لە مالیکی کردووە فیرقەیەکی سەربازیی لەنێو سوپای عێراقدا پێبدرێت، چونکە پارتی دوو فیرقەی لەدەستدابوو. لە کۆی ئەو سێ فیرقەیەی لەدەست پارتی و یەکێتیدا بوو، ئێستا هیچ فیرقەیەکیان نەماوە و هەموویان هەڵوەشاونەتەوە.

عەمید ڕوکن هیدایەت دەڵێت دوای شکستی مووسڵ، بڕیارداوە هەرکەسێک رابکات "بکوژرێت"، لەوکاتەشدا، وەک ئەو باسیدەکات، "ئەفسەر بە پلەی عەمید هەبوو کە قۆندەرەی سەربازی ماچدەکرد بۆئەوەی ڕێگەی بدات بڕوات".

عەمید ڕوکن هیدایەت پێیوایە دەمێکە بەغدا دەسەڵاتی بەسەر مووسڵدا نەماوە: "داعش تابووری پێنجەمی هەبوو لەنێو سوننە و مووسڵدا، چونکە مووسڵ یەک ساڵ بوو شکستی هێنابوو و لەدەست حکومەتی عێراقدا نەمابوو".

### ڕێژەی کورد لەناو سوپای عێراقدا

سوپای عێراق بەسەر 14 فیرقەدا دابەشبووە. ئەو ئەفسەرە پلەدارەی کورد دەڵێت دەبووایە "3" فیرقە لەدەست کورددا بوونایە، لەگەڵ 2 فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکان. هەروەها لەو 14 فیرقە سەربازییەی عێراق، 14 فەرماندەی لیوای هەبووایە، کەچی کورد تەنیا 7 فەرماندەی لیوای هەبوو. ئاشکراشیکرد کە ئێستا ڕێژەی کورد لەنێو سوپای عێراقدا تەنیا دوو لەسەدە، کەچی دەبوایە 17% بێت. گوتیشی "85%ی سوپای عێراق شیعەیە".

کورد لەدوای ساڵی 2003، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە دروستکردنی سوپای نوێی عێراقدا. عەمید هیدایەت دەڵێت: "لەسەرەتای پێکهێنانی سوپای عێراقدا، کورد هەیبەتێکی زۆری هەبوو، بەڵام لەدوای ساڵی 2008ەوە ئەو هەیبەتە نەما و ئەفسەرانی کورد سوپای عێراقیان بەجێهێشت".

> ◆ پیلانیان دانابوو بمکوژن
>
> ◆ تۆمەتبارکراوم کە فایلی فیرقەی سێم هێناوە بۆ بارزانی
>
> ◆ مالیکی 10 هەزار پاسەوانی هەیە
>
> ◆ هەشتا ملیۆن دینارم لە موسڵ بەجێهێشت
>
> ◆ فەرماندەی فەوج و نیوێک بووم نەک فیرقەیەک

### 80 ملیۆن دیناری بەجێهیشت

دوای هەرەسی مووسڵ، نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بڕیاریدا کە فەرماندەی فیرقەی 3 بدرێتە دادگای سەربازی. فەرماندەکەش دەڵێ "جێگرەکەم "شیعە" بوو، خەڵکی حیللە بوو. ئەو ڕاپۆرتی خراپ و هەڵەی لەسەر من دابووە مالیکی، کە گوایە من فایلی فیرقەی 3م ڕادەستی بارزانی کردووە و لە شەڕدا ڕامکردووە. ئەمەش ئەسڵ و ئەساسی نەبووە و نییە. من تەنیا مۆری فیرقەم هێنا. تەنانەت 80 ملیۆن دینار لەنێو قاسەکەدابوو دەستم لێنەدا و هەروا بەجێمهێشت. بۆیە مالیکی بڕیاریدا لە دادگای سەربازی دادگایی بکرێم. بێ یەک و دووش، بڕیاری دادگا لەسێدارەدانە".

فەرماندەی فیرقەی 3، کە دوو جار بۆ کاری سەربازی سەرۆک وەزیرانی عێراقی بینیوە، ژمارەی پاسەوانەکانی مالیکی ئاشکرادەکات و دەڵێت: "10 هەزار پاسەوانی هەیە".

### نامەی بۆ مالیکی ناردووە

ئەو فەرماندە سەربازییە باسی ناردنی نامەیەک دەکات بۆ مالیکی و نێوەڕۆکی نامەکەش بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو ئاشکرادەکات: "دوای شکستی مووسڵ، نامەم بۆ مالیکی نارد، بەڵام وەڵامی نەبوو. لە نامەکەدا نووسیبووم: "تۆ من تەکریم بکەی یان لێکۆڵینەوە بکەیت، کێشەم نییە. بەڵام دەمەوێ بڵێم کەس ناتوانێ لە ماوەی 9 ڕۆژدا خیانەت بکات. خوا و حوکمی خوا لە هەموو شتێک و لە حوکمی تۆش گەورەترە". هەروەها نووسیویەتی: "لەنێو فیرقەدا پلانیان بۆ من داڕشتبوو تاوەکو بمکوژن".

عەمید ڕوکن هیدایەت تووشی پەشێوی هاتووە. هەر زوو زوو دەیگوت نازانم چۆن ئەوە ڕوویدا. چۆن مووسڵ وا بەئاسانی شکا. تەنانەت دەیگوت شکستەکەی مووسڵ شۆکێکی گەورە بووە بۆی و "وایکردووە ڕووداوەکانم لەبیر نەمێنن".

عەمید ڕوکن هیدایەت پێشئەوەی ببێتە فەرماندەی فیرقەی 3ی سوپای عێراق، لە فیرقەی 12 لە کەرکووک فەرماندەی لیوا بووە. ئەو بە چاکە باسی عەبدولئەمیر ئەلزەیدی دەکات و دەڵێت: "100 جار بینیومە و دوژمنی کورد نییە. ئەوەی لەسەری دەگوترا کە دوژمنی کوردە، هەمووی درۆ بوو". گوتیشی "ئەوە کوردە خەڵک دەکاتە شت و گەورە دەکات، ئەگەرنا ئەلزەیدی هیچ نەبوو".

# "گەنجینەکانی کوردستان بەشی یەک مانگ خواردنیان تێدایە"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئێستا وەبەرهێن و بازرگان و هاوردە و ناردنکارانی باشووری کوردستان لە خۆیان دەپرسن، دەکرێت تورکیا ببێتە شوێنگرەوەی ئێران بۆ ئەوەی کاڵا و کەلوپەل و پێداویستی لێوە هاوردە بکرێت، ئەگەر ئێران سنوورەکانی بەرووودا داخستن؟ سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان دەڵێ "بەڵێ، بەڵام خواردن و کەلوپەل لە بازاڕدا گرانتر دەبێت".

بازرگان و وەبەرهێنەران قسە لەسەر دۆزینەوەی جێگرەوەیەک دەکەن بۆ ئەو مەرزە نێودەوڵەتییانەی لەنێوان باشووری کوردستان و ئێراندان، ئەمەش دوای ئەو هۆشدارییەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایانە بەرپرسانی باشووری کوردستان کە ئەگەر سووربن لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی، کاردانەوەی ئەوان لە داخستنی مەرزەکانەوە دەست پێدەکات.

شێخ مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان، ڕەتیکردەوە مەرزەکان بە تەواوی داخرابن و دەڵێ "بەڵام ئەگەر بابەتەکە گەیشتە ئەوەی بەڕاستی دایبخەن "دەبێ بیر لە بەندەری مێرسین لە تورکیا بکرێتەوە، بەڵام کرێی گواستنەوە لەوێ بەبەراورد بەمەرزەکانی ئێران دووقات دەبێتەوە و هەروەها کێشەی درەنگ گەیشتنیشی دەبێت، بۆیە نرخ بەرزدەبێتەوە لە بازاڕدا".

باشووری کوردستان، جگە لەو بازرگانییە کەمەی لە ڕێگەی فرۆکەخانەکانەوە ئەنجامیداوە، بەشێوەی سەرەکی پشتی بە مەرزە نێودەوڵەتییەکانی ئێران و تورکیا دەبەستێ، بەڵام ماوەی چەند ڕۆژێکە ئێران ئامادەکاریی دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەو مەرزانە دابخات.

یەکێک لەو بازرگانانەی لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان کاری بازرگانی دەکات دەڵێ ئێران شۆفێری تانکەرە بارهەڵگرەکانی سووتەمەنی ئاگادارکردووەتەوە، هەم ئێرانییەکان و هەم کوردەکان، کە چیدی ڕێگە بە هاتوچۆکردن نادرێت "دەبێ ئەوانەش چوونەتە ئێران بە بەتاڵی بگەڕێنەوە و ئەوانەش کە هاتوونەتە ناو کوردستان هەروا". ئەو بازرگانە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "ئێرانییەکان تەحەمولی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئەو قسانە ناکەن، کە سەرکردەکانی ئێمە ڕۆژانە باسیدەکەن".

قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی ئێران لەگەڵ باشووری کوردستان، بە بەراورد بەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی لەگەڵ تورکیا هەیەتی، زۆر نییە، چونکە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و باشووری کوردستان 4ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا، بەڵام لەگەڵ تورکیا گەیشتووەتە 8 ملیار دۆلار.

یاسین مەحموود ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، دەڵێت بەڵام داخستنی مەرزەکانی ئێران کاریگەری زۆری لەسەر باشووری کوردستان دەبێت "چونکە ئەو بازرگانییەی لەڕێگەی ئێرانەوە دەکرێت زیاتر خواردەمەنی و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵکە".

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، هێما بۆ دوو گەمارۆی ئابووری و بازرگانی دەکات کە لەیەککاتدا و پێکەوە دەستیان پێکردووە، ڕاگرتنی هێڵی ئەو فرۆکانەی کەلوپەلی بازرگانی و دەرمانیان لە بەغداوە دەهێنایە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو جموجوڵە بازرگانییەی لە مەرزە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانەوەیە و دەڵێ "شادەماری بازرگانی سلێمانی ئەو مەرزانەن، هەولێر و دهۆک دەتوانن لە تورکیاوە بەئاسانی قەرەبووی بکەنەوە، بەڵام لە 59% کەلوپەلی بازرگانی ئەم وڵاتە لە ئێرانەوە دێت".

بەپێی قسەی بازرگانان و وەبەرهێنان، 60%ی کاڵا و پێداویستی باشووری کوردستان لە ڕێگەی بەندەرعەباسی ئێرانەوە دێتە ناوەوە، بەڵام ئەو کاڵایە هەمووی ئێرانی نییە و تەنیا لە 30%ی بەرهەمی ئێرانییە.

ئێران گەمارۆیەکی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەرە، هەر بۆیە مەرزە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان هیوایەکی باشە بۆ خۆژیێنێ و ساخکردنەوەی کاڵا و شمەکی کارخانەکانی، بەڵام وەک یاسین مەحموود ڕەشید دەڵێ واردەردەکەوێ "ئێران ئامادەبێت ئەو زیانە ئابوورییەش لەخۆی بدات و مەرزەکان دابخات، هەرچەند بزانێ کە ژمارەیەک لە کارخانەکانی ڕووبەڕووی قەیران و بێبازاڕی دەبنەوە".




ئەمە لەکاتێکدایە کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو ئێرانییەکان ژمارەیەک پڕۆتۆکۆڵ و گرێبەستی بازرگانی و ئابووری گەورەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. بەڵام یەکێک لەو گرێبەستە گەورانە، ڕۆژی 2014/7/9 واژۆکرا، کە لەبواری سەرمایەگوزاریی هاوبەش، پرۆژەکانی گواستنەوەی گاز و کارەبا و بیناسازی.

محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆماری ئێران داوایکرد هەموو بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لاببرێت. لەلایەکی دیکەوە قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ ئاشکرایکردووە تەنیا قەبارەی بازرگانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکەی ئەو 250 ملیۆن دۆلارە.

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت ئەوان وەک وەبەرهێنەران سەرقاڵی نووسینی نامەیەکی ورد و پڕ لەزانیارین بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لە ئاکامی داخستنی مەرزە نێودەوڵەتییەکانی ئێران ئاگاداری بکەنەوە و چەند زانیارییەکی نێو نامەکەی باسکرد و گوتی "بۆمان نووسیووە گەنجینەکانی هەرێمی کوردستان بەشی یەک مانگ خواردنی تێدایە، لەماوەی ڕابردوو ئەوەندە گەنجینە و شوێنی گونجاو دروستنەکراوە تاوەکو خواردن و پێداویستی تێدا هەڵبگیرێت".

ڕووداو
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14



ڕۆن جۆنسن، سیناتۆری کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ (ڕووداو):

# ئێستا هیچ قازانجێک لە سەربەخۆیی کوردستاندا نابینم

ڕۆن جۆنسن، سیناتۆری دیاری کۆمارییەکانە لە کۆنگرێسی ئەمریکا، کە نوێنەرایەتی ویلایەتی وینکانسن دەکات. ژمارەی دانیشتووانی ئەم ویلایەتە 6 ملیۆن کەسە. ئەم سیناتۆرە کە لە ساڵی 2011 پۆستەکەی وەرگرتووە، یەکێکە لە دیارترین ڕەخنەگرانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئێستا ڕەخنەکانی چڕترکردووەتەوە دوای ئەوەی چەکدارە سوننەکان کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی عێراقیان کرد. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت وڵاتەکەی پێویستە بە تەواوی پشتگیری کورد بکات، لە کاتێکدا لە هەوڵی ئەوە دان خەونی لە مێژینەیان بێننەدی.

هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا

**ڕووداو: ئێستا عێراق لەسەر لێواری ڕووخان و دابەشبوون دایە، گۆڤاری تایم لە دوایین ژمارەی خۆیدا باس لە کۆتایی عێراق دەکات، بە بڕوای تۆ چۆن گەیشتین بە ئێستا؟**

**ڕۆن جۆنسن:** ئەوە تراژیدیایە. مەبەستم ئەوەیە ئەمە شتێکە کە پێموایە نەدەبوایە ڕوویدابووایە. پێموایە هەڵەی ستراتیژی ئەمریکا ئەوە بوو کە هێزێکی بۆ سەقامگیرکردنی عێراق جێنەهێشت. هەلێکی مێژوویی هەبوو. گەرەنتیکراو نەبوو، بەڵام هەلێکی مێژوویی کە نیشانیدەدا سوننە و شیعە و کورد دەیانتوانی پێکەوە کار بکەن و حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنن و دەستکەوتەکان بەش بکەن. بەڵام دۆخەکە پێویستی بە کاریگەری سەقامگیریهێنەری ئەمریکا هەبوو. بۆ ئەوەی فشاری پێویست لەسەر کەسانی وەکو مالیکی دروست بکات، بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە حکومەتی هاوپەیمانی ڕاستەقینە بێتەدی. بەڵام ئێمە لە پشت بەغدا نەماینەوە و ئەنجامی تراژیدی و کارەساتاوی ئەو هەڵە ستراتیژییەمان بینین.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک کەس ئەو ڕاستییەی کە ئەمریکییەکان نەمانەوە، بە هەڵەیەکی عێراقییەکان خۆیان دەبینێت، چونکە ئەوە نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، کە نەیویست پارێزبەندی یاسایی بدرێتە سەربازانی ئەمریکی.**

**ڕۆن جۆنسن:** ئەوەی من بیستوومە بەوجۆرە نییە. قسەم لەگەڵ ئەو کەسانە کردووە کە بەشداری دانوستاندنەکان بوون، وابزانم ئەو جەنەڕاڵەی ئەوکات فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق پێشنیازی مانەوەی 20 هەزار سەربازی ئەمریکی کردبوو، کاتێک گفتوگۆکان لەگەڵ مالیکی دەستیان پێکرا لەبارەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئەمنی، لەناکاو ژمارەکە کەمیکرد بۆ 10 بۆ 13 هەزار سەرباز، ژمارەکە بەردەوام ڕوو لە داکشان بوو.

**ڕووداو: مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشنیازی کرد ئەمریکییەکان لە کوردستان بمێننەوە، بەڵام سەرۆک ئۆباما ڕەتیکردەوە؟**

**ڕۆن جۆنسن:** ڕاستە، دیسان دەڵێم شتێکی تراژیدی بوو، هەڵەیەکی ستراتیژی بوو. بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ئەو واقیعە دەبینەوە کە ئەمڕۆ لەئارادایە، کە واقیعێکی زۆر لێڵە. وا تەماشای کوردستان دەکەم کە ئەو هەرێمەیە کە ئەگەری ئەوەی هەیە سەقامگیر بمێنێتەوە. پێشنیازی من ئەوەیە کە ئەمریکا هەرچی لەدەستی دێت بیکات بۆ یارمەتیدانی کورد نەک تەنیا بۆ پاراستنی سەقامگیرییان، بەڵکو ئەگەر گونجاو بێت هاوکار بێت لە بەرفراوانکردنی ئەو سەقامگیرییە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش.

**ڕووداو: مەبەستت چییە لە پاڵپشتیکردنی کوردستان، ئایا پێتوایە ئەمریکا دەبێت چەک بدات بە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی کوردستان بپارێزێت؟**

**ڕۆن جۆنسن:** من پسپۆڕی سەربازی نیم، ئاگاداری ئەوەش نیم کە بە دروستی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە لە چ پێگەیەکدایە، دەمەوێ هانی کوردستان بدەین، یارمەتی بدەین بەو جۆرەی کە دەتوانین. ئەگەر تەماشای نەخشەی ئێستای عێراق بکەین، دەبێ لە کەرکووکەوە بۆ بێجی و موسڵ لێیبڕوانین. زۆر پێمباشترە کورد حوکمی ئەو ناوچانە بکات نەک قاعیدە. بارودۆخەکە شلۆقە و هیوادارم کورد بە دانبەخۆداگری بمێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە باوەڕموایە پێویستە هەرچیان لەدەست دێت ئەنجامی بدەن، بۆ ئەوەی پێداگری لەسەر ئۆتۆنۆمییان بکەن، ئۆتۆنۆمییەکەیان بەرفراوان بکەن. ئەمریکا دەتوانێت هاوکاربێت بۆ پەرەدان بە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، کە پێموایە شتێکی زۆر گرنگ دەبێت. پێموایە ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهاندا ئەوەیە کە بە نموونە پرەنسیپەکانی نیشان بدات. پرەنسیپەکانمان بریتین لە ئازادی، ئازادی لە بڕیاردان لە چارەنووس، هەروەها دیموکراسی. بەڵام لەو شوێنانە کە دەتوانین. نەک دروستکردنی دەوڵەت و سەپاندنی بەهاکانمان بەسەر خەڵکدا. بەڵام بەدڵنیاییەوە یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە ئازادییان خۆشدەوێت و بەدوای دیموکراسییەوەن بۆ ئەوەی سەقامگیری بەدەستبێنن. دەبوایە لە عێراق ئەوکاتە ئەوەمان کردبا، کە حکومەتی هاوپەیمانی هەبوو. عێراق لە جۆرێک سەقامگیریدا بوو کاتێک ئۆباما بوو بە سەرۆک. ئێستا ئەگەر سەیری کوردستان بکەین زۆر سەقامگیر بووە. کە ڕەنگە توانای بەرگری لەخۆکردنیشیان هەبێت، پێویستە یارمەتی کورد بدەین بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن.

- لەبری پەلەکردن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، دانبەخۆتاندا بگرن
- حکومەتی شیعە توانای پاراستنی ناوچەکانی خۆی نییە
- ئەمریکا هەڵەی کرد هێزی بۆ سەقامگیرکردنی عێراق نەهێشتەوە
- نەخشەی ئێستای عێراق لە کەرکووکەوە بۆ بێجی و موسڵە
- پێویستە یارمەتی کورد بدەین بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن

**ڕووداو: ئەم ماوەیە بە سەردانەوە لە کوردستان بووم، کورد دەڵێن کورد هەمیشە خۆی بە دۆستی ئەمریکا زانیووە، کوردستان زیاتر دیموکراسیترە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکەی دیکەی عێراق، میدیایەکی تا ڕاددەیەک ئازادی هەیە، بۆچی ئەمریکا هەمیشە پاڵپشتی حکومەتی ناوەندی دەکات؟ لە کاتێکدا ئەو حکومەتە زۆر نزیکترە لە ئێرانەوە. بۆ نموونە لەمەسەلەی سووریاش سەرۆک وەزیرانی عێراق، پاڵپشتی بەشار ئەسەدی کردووە، لە کاتێکدا ئەمریکا و ڕۆژئاوا پاڵپشتی لە چەکدارە یاخییەکان دەکەن؟**

**ڕۆن جۆنسن:** دەزانی ئەگەر بیر لە دۆخێکی مێژوویی بکەیتەوە کە کرابا تێیدا سوننە و شیعە و کورد پێکەوە هەڵبکەن، داهاتەکان بەشبکەن، ئەوە شتێکی زۆرباش دەبوو. ڕەنگە ئەمریکا زۆر ئایدیالیستی بێت، بە دڵنیاییەوە ئێمە لە ئەمریکا لەگەڵ پێکهاتەی جیاواز هەڵمان کردووە، وڵاتێکی فرە کولتوور و ئیتنیکین، ئەمریکا نموونەیەکی سەرکەوتووە. خۆزگە دەخوازین و هیواداریین کە کرابا ئەوە لە ناوچەکانی دیکەی جیهانیش هاتبا دی. ڕەنگە زۆر ئایدیالستی بین کە هیوا دەخوازین بکرێ ئەوە لە عێراقیش بێتەدی. بەڵام ئەوە چیدی ڕاستی بارودۆخەکە نییە. هۆکارێکی ئەوەی کە ئەم هەڤپەیڤینە ئەنجامدەدەم ئەوەیە کە هیوادارم بتوانم هانی سەرکردەکان و ئیدارەی ئەمریکا بدەم کە چیدی کوردستان پشتگوێ نەخەن. بۆ ئەوەی دڵنیابین، کە ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە پارێزگاری لەو شوێنانە بکەین، کە خاوەنی سەقامگیرین. لە ڕوانگەی منەوە دەبێ لەم خاڵەدا هەرچی لە دەستمان دێت بیکەین بۆ یارمەتیدانی کورد. تێدەگەم کاتێک ئۆباما دەستبەکاربوو خواستی دروستکردنی حکومەتی هاوپەیمانی هەبوو، ڕەنگە ئەوە مەحاڵ بووبێت، ڕەنگە بژاردەیەکی دروست نەبووبێت، بەڵام تێدەگەم کە بۆچی ئەو ئایدیالیزمە، لانیکەم بەپێی تێگەیشتنی ئەمریکییەکان، بۆچی هەرەسی هێنا، تراژیدیا بوو، ڕەنگە هەرەسهێنانەکە کارەسات بێت. پێویستە ئێستا لە بارودۆخەکە تێبگەین، وۆڵ ستریت جێرناڵ زاراوەیەکی داهێناوە، ئێمە شایەتحاڵ و بینەری دامەزرانی وڵاتێکی نوێین بەنێوی ئەلقاعیدەستان. ئەوە بۆ هەموو جیهان تراژیدیا دەبێت. تراژیدیا دەبێت بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، بۆ کوردیش تراژیدیا دەبێت. من نامەوێ ئەلقاعیدەستان ببینم. نامەوێ عێراقێکی شیعی ببینم کە ئێستا ئێران تێیدا باڵادەستە. بەرای من زۆر زۆر ڕوونە کە باشترین دۆستەکانمان لە ناوچەکەدا کوردن. پێویستە هەرچیمان پێدەکرێ بیکەین بۆ هاوکارییان.

**ڕووداو: سەرۆک بارزانی لە دیدارێکدا وتی کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان هاتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە ئایا ئەو دەوڵەتە چۆن دەبێت؟ ئایا ئەمریکا پاڵپشتی دەکات و دانی پێدادەنێت؟**

**ڕۆن جۆنسن:** تەنیا دەڵێم وریا بن، لەوە تێدەگەم کە خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردە. بەڵام ڕێژەیەکی باشی ئۆتۆنۆمیتان هەیە. پێشنیازی من ئەوەیە کە دانبەخۆتاندا بگرن.

**ڕووداو: بەڵام تاوەکو کەی چاوەڕێ بکەین؟**

**ڕۆن جۆنسن:** دەزانم لەوە تێدەگەم، بەڵام ئۆتۆنۆمیتان هەیە، ئێوە دیفاکتۆتان هەیە، سەربەخۆیی دیفاکتۆیی. ئێوە ڕێژەیەکی باشی سەربەخۆییتان بەدەستهێناوە. ڕاستییە مەیدانییەکانیش دەبنە واقیع. با هیوابخوازین ئەوە بەردەوام بێت. لەم کاتەدا سەرکەوتووانە هەرێمەکەتان دەپارێزن. هەر کە هێزەکانی عێراق لە کەرکووک پاشەکشەیان کرد ئێوە شوێنتان گرتنەوە و ئێستا پارێزگاری لە کەرکووک دەکەن. کەواتە با ڕاستییە مەیدانییەکان خۆیان بێنە قسە و ئۆتۆنۆمییەکەتان بەهێزتر بێت. لە ڕوانگەی منیشەوە ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، سەیرکە لە ماوەی ڕابردوودا پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەوپێشچوو، پێویستە بەپێی کات پەیوەندییەکە بەهێزتر بکەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەمریکا تا ڕاددەیەک دژی ئەو پەیوەندییەشە؟**

**ڕۆن جۆنسن:** من وانیم، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڤپەیڤینە. دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە کە ئێمە لە ئەمریکا واقیعبینین و تێدەگەین دۆستەکانمان کێبوون، ئەگەر تەماشای ڕاستییەکان بکەی هەرێمی کوردستان نیشانیداوە کە توانای ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات، ڕاوەدوونانی قاعیدە، بەتەواوی لە دژی قاعیدە و تیرۆریزمن. وا لە کورد دەڕوانم کە لە ململانێی دوورودرێژمان لە دژی تیرۆریزمی ئیسلامی هاوپەیمانمان بوون.

**ڕووداو: پێتوایە سەرۆک ئۆباما پشتی کردووەتە هاوپەیمانەکانی لە عێراق؟**

**ڕۆن جۆنسن:** من قسە لەسەر ئەوە ناکەم. جارێکی دی دەڵێم هەڵەیەکی ستراتیژی بوو کە هێزێکی سەقامگیرکەری جێنەهێشت. پێموایە ئەوە ڕاستییەکی ڕوون بوو، بارودۆخێکی زۆر خەمهێنەرە. با چیدی بەردەوام نەبین لە ئەنجامدانی هەڵەی ستراتیژی، پێویستە دڵنیایی ئەوە بدەین کە هەرچییەک لەدەستمان بێت دەیکەین بۆ هاوکاریکردنی کورد بۆ بەرگریکردن لە خۆیان هەروەها بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمییان.

- نامەوێ ئەلقاعیدەستان ببینم
- زۆر زۆر ڕوونە باشترین دۆستەکانمان لە ناوچەکەدا کوردن
- پشتگیری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەکەم

**ڕووداو: سەرۆک ئۆباما زۆر پێداگیری لەسەر وڵاتێکی یەکگرتوو لە عێراق دەکات، بەڵام ئێستا دەبینین ئەو وڵاتە لە عێراق کۆتایی پێهات، بۆچی ئیدارەی ئۆباما سوورە لەسەر ئەوەی کە هەرسێ گروپە جیاوازەکەی عێراق بە زۆر لە ژێر دەسەڵاتی یەک سەرکردەدا بمێننەوە؟ بۆچی ئەمریکا پاڵپشتی لە دەوڵەتێکی لامەرکەزی ناکات؟ کە داواکاری کورد و زۆر لایەنی دیکەیە.**

**ڕۆن جۆنسن:** ڕاستە، دیسان دەڵێم لە ئەمریکا فیدراڵیزمان هەیە، ویلایەتمان هەن کە خاوەنی مافی خۆیانن. بەڵام هەموویان سەر بە حکومەتێکی نیشتیمانین. ئەوەش شتێکی زۆرباشە بۆ ئەمریکا. ئەوە نموونەیەکی ئایدیاڵییە بۆ جیهان، پێمانوابوو ڕەنگە لە عێراقیش سەرکەوتوو بێت. بەهەرحاڵ ئەگەر سەرکەوتوو بووایە ڕەنگە ببووایە نموونەیەکی زۆرباش، ڕەنگە توانیبامان ململانێی چەندین سەدەی سوننە و شیعە و کورد تێپەڕێنین. دیسان دەڵێم لەو حەزە تێدەگەم، بەڵام دەبێ مامەڵە لەگەڵ واقیع بکەین. بە ڕای من مادام ئەمریکا حکومەتی هاوپەیمانی دەویست، دەبووایە هێزێکی سەقامگیرکەری لە عێراق هێشتبایەوە. بۆ ئەوەی کاریگەری ئەرێنیمان هەبووایە بۆ ئەو کارە. بەڵام وامانەکرد و کشاینەوە. لە ئەنجامدا کاریگەریمان لەدەستدا، ئەوە ئەو بارودۆخەیە کە هەمانە. تەواو بوو، ئێستا دەبێ لەگەڵ بارودۆخی مەیدانی مامەڵە بکەین. لەبەرئەوەیە هانی ئەم ئیدارەیە دەدەم ئەوەی دەتوانێ بیکات بۆ یارمەتیدانی کورد لە پاراستنی ئۆتۆنۆمی، بەرگریکردن لەخۆیان.

**ڕووداو: ئایا خۆت پاڵپشتی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەی؟**

**ڕۆن جۆنسن:** جارێکی دیکەش دەڵێم لەم کاتەدا ئامۆژگاری من دانبەخۆدا گرتنە. کوردستان ئۆتۆنۆمی خۆی بەدەستهێناوە، بەپشت بەستن بەوەی بەسەر عێراق هاتووە لەم بارودۆخەی ئێستادا ئۆتۆنۆمییەکەتان بەرفراوانتر دەبێت، بۆیە لەبری پەلەکردن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، کە ڕەنگە کێشە دروست بکات، دانبەخۆتاندا بگرن و بەردەوام بن لەسەر بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمییەکەتان، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ ئەمریکا و تورکیا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. ئەگەر سەربەخۆیی لەنێو کارتەکاندا بێت، بە ڕەفتاری بەرپرسیارانەی درێژخایەن ڕەنگە بەدیبێت. بەڵام با بە ڕوونی بڵێم ئێستا هیچ قازانجێک لە سەربەخۆییدا نابینم، لە خەون و خولیای لەمێژینەی کورد تێدەگەم، تەنیا ئامۆژگاریم ئەوەیە کە دانبەخۆتاندا بگرن، بەشێوەی بەرپرسیارانە ڕەفتار بکەن، دۆستانە مامەڵە بکەن، بەهیوای ئەوەی کە ئەمریکا وەڵامی هەبێت و هەرشتێک لە دەستمان بێت ئەنجامی بدەین، دیسان دەڵێم واقیع و ڕاستییە مەیدانییەکان بەوجۆرەن کە جۆرێک لە سەربەخۆییتان بەدەستهێناوە، بەڵام با چاوەڕێ بین، ئێستا کوردستان خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی زۆرە و ئەو ئۆتۆنۆمییە گەشەدەکات و بەهێزتر دەبێت.

**ڕووداو: بەڵام بە دڵنیاییەوە کورد دەتوانن زۆر شتی سەربەخۆ بکەن، بۆ نموونە دەتوانن نەوتەکەی خۆیان بنێرنە دەرەوە؟**

**ڕۆن جۆنسن:** من بە تەواوی پشتگیری ئەوە دەکەم. پێموایە لەم خاڵەدا کورد خاوەنی کەیسێکی بەهێزن بۆ ئەوەی کارێک بکەن چیدی گیرۆدەی چەند ڕێککەوتنێک نەبن، لەبارەی چوونی هەموو داهاتەکانی نەوت بۆ بەغدا، ئێستا حکومەتی بەغدا زۆر لاوازە، بەتەواوی پشتگیری لە توانای کورد دەکەم بۆ هەناردەکردنی نەوت و داهاتەکە بکەوێتە دەست خۆیان. پێموایە ئەمە یەکێکە لە ئەنجامەکانی ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات، بە بۆچوونی من حکومەتی شیعە توانای پاراستنی ناوچەکانی خۆی نییە. پێموایە ڕێگرییەکانی جاران چیدی نەماون. بۆیە دەڵێم ئەوە دیفاکتۆیە، نامەوێ وشەکە بەکاربێنم.

- کورد ڕێژەیەکی باشی سەربەخۆیی بەدەستهێناوە
- هیوادارم بتوانم هانی ئۆباما بدەم کە چیدی کوردستان پشتگوێ نەخات
- شایەتحاڵی دامەزرانی وڵاتێکی نوێین بەنێوی ئەلقاعیدەستان

رووداو
کوردستانی
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14



## بەنی سەدر: ئاگاداری تیرۆرکردنی قاسملوو بووم

**رووداو- هەولێر**

ئەبولحەسەن بەنی سەدر، یەکەم سەرۆک کۆماری ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامی، رایگەیاند کە ئەو ئاگاداری تیرۆرکردنی قاسملوو و هەڤاڵانی بووە. ئەبولحەسەن بەنی سەدر، بەهۆی پشتیوانی لە موجاهیدینی خەڵق لەساڵی 1981 لە ئێران رایکرد و ئێستا لە فەرەنسا دەژی. بەنی سەدر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی گوت ئەو ئاگاداری ئەوە بووە، کە رژێمی ئێران ویستویەتی قاسملوو تیرۆربکات، بەڵام ئەوکاتەی ویستویەتی قاسملوو ئاگاداربکاتەوە، ئەوان تیرۆرکرابوون، "ئەوکات دوو تیمی تیرۆرکردن لە ئێرانەوە چووبوونە ڤیەننا، کە ئەگەر تیمی یەکەم نەیتوانی قاسملوو و هاوڕێیانی تیرۆربکات، تیمی دووەم ئەم کارە بکات".

# قاچاخچییەکانی شوێنەوار رۆژهەڵاتی کوردستان دەکێڵن

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**



زۆربەی گرد و تەپۆلکە و ئەشکەوتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە گومانیان لێدەکرێت پارچەی شوێنەواریان لێ بێت، کەوتوونەتە بەر نووکی پاچی ئەو قاچاخچی و شوێنەواردزانەی خەون بەوە دەبینن بە یەکشەو دەوڵەمەند ببن.

دەرهێنان و بەتاڵانبردنی شوێنەوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم رۆژانەدا لە پارێزگای کرماشان دەنگی دایەوە، کاتێک ماڵپەڕێک کۆمەڵێک وێنە و هەواڵی لەسەر هەڵدانەوەی شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی رێژاو بڵاوکردەوە.

کۆتاییەکانی مانگی شوباتی ئەمساڵ، هەواڵی دزرانی شوێنەوارەکانی پەرستگای ئاناهیتاش بڵاوبووەوە، کە لە مۆزەخانەی کەنگاوەر لە کرماشان داندرابوون. ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی میراتی فەرهەنگی و گەشتیاری کرماشان هەواڵەمەی رەتکردەوە. بەڵام مانگی رابردوو نوێنەری شاری کەنگاوەر دزرانی شوێنەوارەکانی پەرستگای ئاناهیتای پشتڕاستکردەوە. دواتر بەڕێوەبەری گشتی میراتی فەرهەنگی و گەشتیاری پارێزگای کرماشان دانی بە دزرانی شوێنەوارەکان نا.

### نیوە بە نیوە

دەرهێنانی شوێنەوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی نوێ نییە. چالاکڤانانی ئەم بوارە دەڵێن لە ساڵی 1953 جولەکەیەک بە ناوی ئەیوب ربنوو، لە گردی زێوێی نزیک شاری سەقز دەستی کردووە بە دەرهێنانی شوێنەوارەکانی کوردستان.

مێژووی شوێنەوارەکانی گردی زێوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مانییەکان و ماددەکان. ئەیوب ئەم کارەی بە ئاگاداری و مۆڵەتی حکومەتی ئەوکات کردووە. دەڵێن ئەیوب ئەو شوێنەوارانەی دەریدەهێنان لەگەڵ حکومەت بەشی دەکرد.

### دەوڵەمەندبوون لە یەک شەودا

دەرهێنانی شوێنەوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە بە چڕی دەستی پێکرد. لەو کاتەوە "بە یەک شەو" دەوڵەمەند بوون، خەونی زۆر کەسە. هەر ئەوکات ناوی کوڕەکانی هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران، کەوتە سەر زار. بەگوتەی خەڵک ئەوان گەورەترین بازرگانیان بە شوێنەوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و زۆربەشیان بە تاڵان بردوون.

ئەرکی پاراستنی شوێنەوارەکان لە ئەستۆی رێکخراوی میراتی کەلتوورییە. شوێنەوارناسێک لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "میراتی فەرهەنگی نە بودجەی پێویستی هەیە و نە دەسەڵاتیشی هەیە، بۆیە ناتوانێ شوێنەوارەکانی کوردستان بپارێزێت".

عەلی فیعلەگەری، بەڕێوەبەریی گشتی میراتی فەرهەنگی کرماشان، قسەی ئەو شوێنەوارناسەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "ئەوە سێ ساڵە هیچ بودجەیەک بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان تەرخان نەکراوە".

فەرماندەی یەکەی پاراستنی میراتە فەرهەنگییەکانی کرماشانیش دەڵێ "ناتوانین هەموو شوێنەوارەکان بپارێزین، چونکە چوار هەزار شوێنەوار لەو پارێزگایەدا هەیە، چوار هەزار کەسمان پێویستە بۆ پاراستنی هەموو شوێنەوارەکان".

دەرهێنان و فرۆشتنی شوێنەوارەکان بازاڕی نوێشی بۆ زۆر کەس دروستکردووە. کەسانێک شوێنەوارەکان ساختە دەکەن و بە ناوی شوێنەواری کەڤنار دەیانفرۆشنەوە. کەسانێکیش شوێنە دێرینەکان لەپێناو پارەیەکی زۆردا بە قاچاخچییەکان نیشان دەدەن.

قاچاخچییەکان پارچە شوێنەوارەکان بە مۆزەخانە بیانییەکان دەفرۆشن. بەگوتەی ئەو شوێنەوارناسە، ئەمەش بووەتە بیانوویەک بۆ خەڵکانێک کە بە شوێن شوێنەوارەکاندا بگەڕێن "خەڵک دەڵێن ئەگەر بە حکومەتی ئێران بدرێنەوە ئەوە دەفەوتێن، بەڵام مۆزەخانە بیانییەکان دەیانپارێزن".

کارناسێکی دیکە بواری شوێنەوارناسی کە ئەویش نەیدەویست ناوی بڵاوبکرێتەوە پێیوایە هەژاری و کەمدەرامەتی، هۆکارێکی دیکەی دەرهێنانی شوێنەوارەکانە "دەستڕاگەیشتن بە پارەیەکی زۆر لە رێگەی فرۆشتنی شوێنەوار، بەبێ زەحمەت و بە ئاسانی، زۆر کەسی هان داوە بە شوێنی شوێنەواردا بگەڕێن".

بەگوتەی ئەو کارناسە، یاسا و رێوشوێنەکانی ئێران زۆر رێکوپێک نین و ئەو یاسایانەش کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچییەکانی شوێنەوار هەیە، جێبەجێ ناکرێن.

بەپێی یاساکان ئەگەر کەسێک لە شوێنی هەڵکەندنی شوێنەوارێک بگیرێ، کەرەستەکانی لێدەستێندرێ و دەبێ زیانی ئەو شوێنەش قەرەبوو بکاتەوە، جاری یەکەم بە شەش مانگ تا دوو ساڵ زیندانی سزا دەدرێ. ئەگەر جاری دووەم بگیرێ 2-5 ساڵ و جارەکانی دیکەش-5 10 ساڵ زیندانی دەکرێت. بەڵام ئەو کارناسە دەڵێت "ئەوانەی گیراویشن لێپێچینەوەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ نەکراوە و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئازاد کراون. بۆیەشە خەڵک هیچ ترسێکیان نییە و هێشتا دەرهێنانی شوێنەوارەکان بەردەوامە".

بەگوتەی شایەتحاڵەکان چەند رۆژێک لەمەوبەر دوو گرووپ لە ناوچەی رێژاوی نزیک کرماشان دیتراون کە خەریکی دەرهێنانی شوێنەوارەکان بوون.

ئەوان هەموو پێداویستی و ئامرازێکی پێشکەوتووی دۆزینەوە و دەرهێنانی شوێنەوارەکانیان پێبووە. هاوڵاتییەکی خەڵکی رێژاو باس لەوە دەکات کە ساڵانێکی زۆرە، لە بێدەنگیی مانادارى بەرپرساندا، کەسانێک شوێنەوارەکانی رێژاو تاڵان دەکەن.

# "یاسای پرۆسەی ئاشتی دەنگی کورد بۆ ئەردۆغان کۆدەکاتەوە"



**دەنیز سەرینجی**
**رووداو – کۆپنهاگن**

بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا خۆشحاڵن، کە تورکیا هەوڵی بە فەرمیکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەدات، رەنگە هەنگاوەکە سەرەتایەک بێت بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئەنقەرە و گەریلاکانی PKK.

کاترین ئاشتۆن، نوێنەری باڵای یەکێتی ئەورووپا و ستیڤان فیوڵ، کۆمسیاری یەکێتییەکە جەختیانکردەوە کە یەکێتی ئەورووپا پشتگیری لەو پرۆژە یاسایەی حکومەتی تورکیا بۆ بەفەرمیکردنی گفتوگۆکان دەکات. کە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لە پەرلەمانی تورکیا پەسەندکرا.

"یەکێتی ئەورووپا پێشوازی لەو هەنگاوەی حکومەتی تورکیا دەکات لەپێناو گرتنەبەری رێوشوێنی نوێ بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی ئاشتی و دڵنیابوون لە بەردەوامبوونی ئەو ئاگربەستەی ئێستا هەیە". ئەو دوو بەرپرسەی یەکێتی ئەورووپا بەر لە پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە لە بەیاننامەیەکدا رایانگەیاند "پرۆژە یاساکە دەبێتە هۆی دابینکردنی بنەمایەکی یاسایی بەهێز بۆ گفتوگۆکان و پاڵنەرێک بۆ سەقامگیری و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا".

یاساکە بە ناوی "کۆتاییهێنان بە تیرۆر و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی" لە پەرلەمان تێپەڕێندرا، کە ئامانج لێی بە یاساییکردنی گفتوگۆ راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانە لەگەڵ بەرپرسانی PKK بە عەبدوڵا ئۆجەلانیشەوە. لە یاساکەدا داماڵینی چەک لە PKK و دەرکردنی لێبووردن بۆ ئەندامانی ئەو گرووپە هاتووە.

بە دیدی تورکیا PKK رێکخراوێکی "تیرۆرستی"یە، بۆیە بەپێی یاسای دژە تیرۆری تورکیا دەکرێت گفتوگۆ لەگەڵ PKK بە تاوان دابنرێت.

لە ئاداری 2013دا گەریلاکانی PKK ئاگربەستیان راگەیاند. بەڵام گفتوگۆکانی ئاشتی لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا ساردوسڕی بەخۆوەبینی، پاش ئەوەی گەریلاکان پرۆسەی کشانەوەیان لە ناوچەکانی تورکیا راگرت.

پاش خۆپیشاندانەکانی مانگی رابردوو لە چەند شارێکی باکووری کوردستان دژی دروستکردنی بنکەی سەربازی لەو شارانەدا. حکومەتی ئەنقەرە رووبەڕووی فشارێکی زۆر بووەوە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتی.

نیکۆلاس ڤیلومسێن، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا و پەرلەمانتاری دانیمارکی، پشتگیری لە بەفەرمیکردنی گفتوگۆکان دەکات "کەس لەگەڵ تیرۆریستان دانوستاندن ناکات. بۆیە بەفەرمیکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا هەنگاوێکە بەرەو ئاراستەیەکی دروست، دەبێت یەکێتی ئەورووپا فشار لەسەر لایەنەکان دروست بکات". ڤیلومسێن هەروەها بە (رووداو)ی گوت "حیسابکردنی PKK وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی زۆر مایەی تێگەیشتن نییە، لەکاتێکدا تورکیا پێشتر دانوستاندنی لەگەڵ کردوون".

هەژار دەشتی، شارەزا لە مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆپنهاگن، پێیوایە ستایشی یەکێتی ئەورووپا بۆ یاساکە هاوتەریبە لەگەڵ یاساکانی ئەو رێکخراوە کە دەڵێ دەبێت وڵاتانی ئەندام پارێزگاری لە مافی کەمینەکانی وڵاتەکانیان بکەن ئەگەر دەیانەوێ ببنە ئەندام لەو رێکخراوەدا.

هەژار دەڵێت "یەکێتی ئەورووپا پێشوازی لەو هەنگاوەی تورکیا دەکات، کە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەیە، بۆیە رێگەی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا کورتتر دەکاتەوە. تورکیا دەتوانێ نیشانی یەکێتی ئەورووپای بدات، کە جددییە لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناکۆکییەکان".

بەڵام بەپێی تێڕوانینی کاریان وێسترهیم، سەرۆکی کۆمسیۆنی مەدەنی تورکی بۆ یەکێتی ئەورووپا، کە چاودێری پاپەندبوونەکانی تورکیا بە یاساکانی یەکێتی ئەورووپا دەکات، بە مەبەستی بوونە ئەندام لەو رێکخراوە، دەبێت یەکێتی ئەورووپا و ئەنجوومەنی ئەورووپا "رۆڵێکی گرنگتر" بگێڕن کاتێک دێتە سەر چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ئەو جەنگەی تورکیا

"دەبێت پشتگیری پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بکەن، بەڵام ئەمە ناکرێت هەتا ئەم دامەزراوانە لەگەڵ ئەمریکا، هەنگاوی گەورە و جددی نەنێن لە وبارەوە" کاریان وا دەڵێت.

هەندێک لە شارەزایان لەو باوەڕەدان کە هەوڵی رەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ تێپەڕاندنی یاساکە بەر لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی مانگی ئاب، بۆ بردنەوەی دەنگی کوردە. ئەردۆغان کە ماوەی سێ ویلایەت سەرۆک وەزیران بووە، بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ئەو وڵاتە خۆی کاندید دەکات.

"ئەردۆغان پێویستی بە دەنگی کوردە تا ببێتە سەرۆک کۆمار، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات" دەشتی هەروەها دەڵێت "لەهەمانکاتدا تێگەیشتووە لەوەی کە PKK لایەنێکی شیاوە بۆ دانوستاندنکردن: ئەگەر بتەوێت کێشەکە چارەسەر بکەی ئەوە ناتوانی PKK پشتگوێ بخەی. PKK بەشێکە لە چارەسەر".

کاندیدی رکابەری سەرەکی ئەردۆغان بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی مانگی ئاب ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغلۆ، سەرۆکی پێشووی رێکخراوی هاریکاری ئیسلامییە، کە لەلایەن هەردوو پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا پارتی گەلی کۆماری و بزووتنەوەی نەژادپەرستی تورکیا پشتگیری لێدەکرێت.

بەپێی وتەی ئەحمەد ئەلیسی مێژووناس لە زانکۆی بۆگازیچی تورکیا، رەنگە یاساکە هیچ کاریگەرییەکی نەبێت "تەنانەت وشەی کورد لەنێو یاساکەدا نەهاتووە. کێشەکە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە باکوور و رۆژئاوای تورکیا مامەڵەی لەگەڵ کراوە نەک لە چوارچێوەی مافی کەمینەکان". ئەلیس پێیوایە "یاساکە بۆ ئەوەیە رێگری بکات لە چوونی دەنگی کورد بۆ ئەکمەلەدین".

**هێلین کرولیچ، هاوسەری قاسملوو بۆ رووداو دەدوێت**

# سکاڵای لەسەر نەمسا تۆمارکرد و رەتکرایەوە



هاوسەری قاسملوو زمانی ئینگلیزی فێری پێشمەرگە کردووە

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو – کۆپنهاگن**

25 ساڵ لەمەوبەر هاوسەرەکەی عەبدولڕەحمان قاسملوو، پێویستی بەهێز و توانایەکی زۆر بوو، تاوەکو بەرگەی هەواڵی تیرۆرکردنی مێردەکەی لەلایەن ئەفسەرانی هەواڵگری ئێران لە ڤیەننا بگرێ "باوەڕم نەکرد، هەستم کرد نووستووم و خەوێکی ناخۆش دەبینم".

هێلین کرولیچ، کە کورد بە "نەسرین" بانگی دەکەن بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر ئەوکات دڵێکی نەساغم هەبووایە، حەتمەن تووشی جەڵتەی دڵ دەبووم"، مەبەستی لە رۆژی 13ی تەمووزی 1989یە، کاتێک مێردەکەی تیرۆرکرا.

قاسملوو، کە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو لە شوقەیەکی ڤیەننا تیرۆرکرا، لەکاتێکدا سەرقاڵی دانوستاندنی نهێنی بوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران. کرولیچی تەمەن 81 ساڵ، لە پاریس بوو کاتێک هەواڵەکەی بیست. هاوڕێیەکی لە حیزبی دیموکرات تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێیڕادەگەیەنێ ئەو پیاوەی کە ماوەی 38 ساڵە هاوسەریەتی کوژراوە. کۆبوونەوەکەی ڤیەننا کە تێیدا قاسملوو و دوو هاوڕێی بەناوی فازیل رەسول و عەبدوڵا ئازەز بەشداریان تێداکرد، پاش چەندین کۆبوونەوەی هاوشێوە هات "کۆبوونەوەکە دەربارەی وەستانی شەڕ بوو لە کوردستان". هاوسەرەکەی قاسملوو هەروەها دەڵێت "قاسملوو پێشوازی لەو کۆبوونەوەیە کرد، چونکە هەمیشە دژی شەڕ بوو." دوو کەس کە خۆیان وەک رۆژنامەنووس ناساندبوو لە کۆبوونەوەکەدا قاسملوو و دوو هاوڕێکەی دەکوژن. سەرەتا پۆلیسی نەمسا دوو گومانلێکراوەکەیان دەستگیر کرد و ئاشکرایان کرد کە ئەو دوو کەسە ناویان لە باڵیۆزخانەی ئێران لە ڤیەننا وەک دیپلۆمات تۆمارکراوە. دواتر پۆلیسی نەمسا رێگەیان بە دوو گومانلێکراوەکە دا بگەڕێنەوە تاران، پاش چوار مانگ دادگایەکی نەمسایی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردن، بەڵام تازە قورتاریان بووبوو.

لەدژی دەسەڵاتدارانی نەمسا کرولیچ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆپیشاندانیان سازدا، لەگەڵ هەڵمەتێک لە دژی حکومەتی ئێران، بەڵام ئەو هەوڵانە هیچ کاریگەریان نەبوو.

"لە ساڵی 1990 رێوشوێنی یاساییم دژی حکومەتی ڤیەننا گرتەبەر، بەڵام دوو ساڵ دواتر، دادگای باڵای نەمسا داواکەی رەتکردمەوە". کرولیچ گوتیشی "هەستم بە دۆڕان و تەنیایی کرد. کاتێکی زۆر سەختبوو بۆ من".

بەڵام سوپاسی ئەوانە دەکات کە پشتگیریان کرد، بە تایبەتی دانیال میتەران، خانمی یەکەمی پێشووی فەرەنسا. میتەران هاوڕێیەکی نزیکی قاسملوو بوو، پاش تیرۆرکردنی قاسملوو، میتەران رایگەیاند کە باڵوێزخانەی فەرەنسا لە ڤیەننا وەک باڵوێزخانەی کورد خزمەت دەکات. میتەران ئەرکی گواستنەوەی تەرمەکەی قاسملووی بۆ فەرەنسا گرتەئەستۆ و کە هەر لەوێش بەخاکسپێردرا.

کرولیج گوتی دەبێت حکومەتی مەلاکان لە ئێران لەناوببرێت "رژێم ئەوەی دەیەوێت دەیکات و ناڕەزاییەکانی کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگوێ دەخات. بۆیە ئەو رژێمە شەرعیەتی لەدەستداوە". ژمارەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە 8 ملیۆن مەزەندە دەکرێت، بەڵام هیچ پارتێکی سیاسی یاسایی رێپێدراویان لەو وڵاتەدا نییە، ئەمە جگە لەوەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتە قەدەخەیە.

کرولیچ پێیوایە تەنیا چارەسەر ئێرانێکی دیموکراتی نوێیە کە مافی ئەتۆنۆمی بۆ کەمینەکان دابین بکات "ئەوە یەکسانی بۆ هەموو گرووپ و نەتەوەکانی ئێران دابین دەکات، هەر ئەوەش بوو کە قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد."

کرولیچ سەرەتای هەشتاکانی بەبیر دێت کاتێک پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە شەڕێکی سەختدا بوون لەگەڵ رژێمی ئێران و چەند ناوچەیەکی کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد.

کرولیچ، کە خەڵکی کۆماری چیکە، لە چیاکانی کوردستان لەگەڵ مێردەکەی خەباتی کردووە و زمانی ئینگلیزی فێری پێشمەرگە کردووە. جگە لە زمانی چیکی، فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و کوردی (سۆرانی) دەزانێت.

هەرچەندە رووداوی تیرۆرکردنی ئەو سەرکردانە بووەتە مێژوو، پاش 25 ساڵ گومانلێکراوانی ئەو تاوانە رووبەڕووی سزای یاسایی نەبوونەتەوە. کرۆلیچ گوتی "بەڵام، میراتی ئەو سەرکردە ئێرانییە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە "مێردەکەمیان کوشت، بەڵام نەیانتوانی میرات و پاشماوەی وەک سەرۆکی حیزبی دیموکرات بکوژن. هێشتا بیرۆکەی ئازادی لەنێو ملیۆنان کورد زیندووە".

ئێران نکۆڵی دەکات لە هەبوونی پەیوەندی بە تیرۆرکردنی ئەو سەرکردانە، بەڵام هاوسەرەکەی قاسملوو دەڵێ "زۆرباش دەزانم کە ئێران مێردەکەمیان کوشت، بەڵام بەهۆی گوشارەکانی ئێران و هەڕەشەی ئابووری، دەوڵەتی نەمسا تاوانبارەکانی ئازادکردن".

پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ لە سلێمانی خۆیان یەکلایی ناکەنەوە

# پارێزگارەکەی گۆڕان لەبەر 1 کورسی دانەنرا

کۆمەڵ:
چارەسەر تەنیا دوو ساڵ بە دوو ساڵە

یەکگرتوو:
لیستێک سەرناخەین کە بزانین لیستەکەی دیکە پشێوی دەنێتەوە

پارتی:
هەر ڕێکبکەون، با فەڕاشەکانیش لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەوڵەکانی پێکهێنانی ئیدارەی نوێی پارێزگای سلێمانی خەریکە بگەڕێتەوە خاڵی سفر و گفتوگۆکانیش تاوەکو ئێستا بێ ئەنجامن. گۆڕان و یەکێتی ژمارەی کورسییەکانیان وەکو یەک نییە، بەڵام هێندەی یەکدی سوورن لەسەرئەوەی کە پارێزگار لەخۆیان بێت. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێت: "چارەسەر تەنیا 2 ساڵ بە 2 ساڵەکەیە".

زیاتر لە 2 مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا تێپەڕیوە، چانسە باشەکەی گۆڕان و یەکێتی لەو قۆناخەدا ئەوەیە کە شەڕوشۆڕ بارودۆخێکی تەمومژاویی بەسەر ئایندەی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتیی عێراقدا هێناوە. بۆیە چاوەکان پەڕیونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق. ئەمەش وایکردووە کە پێکنەهێنانی حکومەتە لۆکاڵییەکەی سلێمانی زۆر نەکەوێتە بەر ڕەخنە.

سەرۆکی فراکسیۆنە هاوبەشەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەلایەوە سەیرە کە کاتێک ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەوان و پارتی دەگیرێت، گوایە ئامادەنین ئەو هاوکێشەیە یەکلایی بکەنەوە: "ئێمە لەپێناوی سلێمانی و ئارامیی شارەکەدا ئامادەنین ئەو کارە بکەین، دەزانین پشێوی بەرۆکی سلێمانی دەگرێت، بۆیە ئەو کارە ناکەین".

مەهدی مەحموود دەڵێ تاوەکو ئێستا ڕێگایەکی باشیان هەڵبژاردووە کە پشتگیری هیچکام لە گۆڕان و یەکێتی ناکەن: "گوتوومانە لیستێک سەرناخەین، بۆئەوەی لیستەکەی دیکە دەست بە پشێوینانەوە نەکات".

ئیسلامییەکان لەسەرەتاوە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی بەمەبەستی پێکهێنانی ئیدارەی نوێی پارێزگای سلێمانی، بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، یەکێتی ئەوانی بێ هیوا کرد لەوەی کە لەبەرامبەر پشتگیریکردنیان، پارێزگاری هەڵەبجەیان پێبدرێت.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، یەکێتی بە ئیسلامییەکانی گوتووە ئەگەر گۆڕانیش ئەو بەڵێنەیان پێبدات، ئەوان ناهێڵن پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بدرێتە ئەوان، چونکە وەک یەکێتی بە ئیسلامییەکانی گوتووە "ئێمە لە هەڵەبجە خۆمان زۆرینەین و پۆستی پارێزگار بۆخۆمانە".

هەر بۆیە ئیسلامییەکان پاشگەزبوونەتەوە لەوەی کە پشتگیریی خۆیان بۆ یەکێتی دەرببڕن. گومانیشیان هەبووە لەوەی کە لەبەرامبەر پشتگیریی 4 کورسییەکەشیان بۆ گۆڕان، یەکێتی نەهێڵێت ئەو پۆستە بەدەستبهێنن.


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

مەهدی مەحموود، کە ئەندامی سەکردایەتیی یەکگرتووشە، دەڵێت " لەوانەیە گۆڕان بۆ مەسەلەی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە پشتگیری بکردینایە، بەڵام ئێمە ئارامیی سلێمانی هەڵدەبژێرین و کەسیان بەسەر کەسی دیکەدا سەرناخەین".

لە دانیشتنی یەکەمدا ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نەیتوانی جگە لە سوێندخواردنی ئەندامانی، هیچی دیکە بخاتە بەرباس و گفتوگۆ. بۆیە بە دەنگی تێکڕای ئەندامانی، ماوەی 15 ڕۆژ دانیشتنەکە بە کراوەیی مایەوە بۆئەوەی لایەنەکان لە دەرەوەی ئەنجوومەن بگەنە ڕێککەوتن و کاندید بۆ پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن یەکلایی بکەنەوە. بەڵام 15 ڕۆژەکە کۆتاییهات و لە دانیشتنی دووەمی ئەنجوومەندا دیسان کۆبوونەوەکە لە بازنەیەکی بۆشدا خولایەوە. تاوەکو 4ی ئابی داهاتووش دەرفەت درایەوە بە گۆڕان و یەکێتی بۆئەوەی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە. هەرچەندە ئیسلامییەکان و پارتی و چەند ئەندامێکی دیکە دەنگیان بەوە نەدا.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ سەرەتا ئیسلامییەکان خۆیان ساخکردبووەوە، بەڵام ڕایاننەدەگەیاند: "پشتگیریی گۆڕانمان دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی گۆڕان هێشتا پێویستی بە کورسییەک بوو بۆئەوەی 50+1 پێکبهێنێ، نەتوانرا پارێزگار دابنێت و مایەوە".

دارا محەممەدئەمین پێیوایە "گۆڕان موستەحەقە پارێزگار دابنێ، بەڵام دەشزانین بەوشێوەیە یەکدی قبوڵ ناکەن، بۆیە باشترین چارەسەر ئێستا 2 ساڵ بە 2 ساڵەکەیە و پێشمانوایە لەئەنجامدا هەردوولا بەوە ڕازی دەبن".

هەر لەسەرەتاوە هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی بڕوایان وابوو دابەشکردنی پۆستی پارێزگار لەنێوان یەکێتی و گۆڕان 2 ساڵ بە 2 ساڵە، وەک ڕێگەی چارەسەر سەیر بکرێت، بەڵام حاکم قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، گوتی "لە دانیشتنەکانماندا باسی 2 ساڵ بە 2 ساڵمان نەکردووە".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، پێیوایە لەکۆتاییدا ئارامی و سەقامگیریی سلێمانی پێویستی بەوە هەیە یەکێتی و گۆڕان لەنێو پرۆسەکەدا بن "بۆئەوەی هەردوولاش لەنێو مەسەلەکەدا بن، دەبێ 2 ساڵ پارێزگار لای یەکێتی بێت و 2 ساڵیش لای گۆڕان بێت".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان دەڵێت ئێمەش تێگەیشتووین لەو ڕاستییەی کە دەبێ هەردوولا لەنێو پرۆسەکەدابن، "بەڵام دەکرێ ئێمە پارێزگار وەربگرین و لەبەرامبەردا یەکێتی جێگری پارێزگار و قایمقامی سلێمانی وەربگرێت".

بەرپرسێکی پارتی لە سلێمانی دەڵێ "ئێوە دادوەر بن، ئێمە و ئیسلامییەکان چۆن پارێزگار یەکلایی بکەینەوە کە بزانین بە سەرخستنی هەرلایەکیان لایەکەی دیکە قبوڵی ناکات و پشێوی دروستدەکات بۆ سلێمانی".

ڕزگار ئەژی گۆڕان، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی ڕەتیکردەوە بەوشێوەیە ئەو بابەتە بگاتە ئەنجام "تەنانەت ئێمە و ئیسلامییەکان ئامادەین بەشداری پێنەکرێین، بەمەرجێک ئەوان خۆیان بگەنە ئەنجام". گوتیشی "باشە ئێمە چی بکەین؟ بیاندەین بەیەکدا؟ پێمانگوتوون 2 ساڵ بە 2 ساڵەکە هەڵبژێرن بۆئەوەی ئەو ئارامییە لەدەستنەچێ، ئەوان خۆیان ڕێکبکەون، با فەراشەکانیش دابەش بکەن".

# ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بێ لێژنە و پەیڕەوە

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک: ئێمە هاتینە سەر جێگایەکی وێران

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

"پێش هەڵبژاردن ماڵە و ماڵ دەگەڕان، کە دەریشچوون کەس نازانێت چیان لێهات و بە یەکجار لەبەرچاوان ونبوون". ئەمە قسەی حوسێن جەمیلی تەمەن 45 ساڵە لەبارەی ئەندامانی نوێی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک. ئەو هاووڵاتییە گوتیشی "قەیران لەسەر قەیران ڕوو لە کوردستان دەکات، ئەی ئیشی ئەنجوومەنی پارێزگا چییە، ئەگەر لە ڕۆژێکی وا دا قسەیان نەبێت".

یەک مانگ بەسەر یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک تێپەڕیوە، کە پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی تێدا هەڵبژێردرا، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەندامانی ئەنجوومەن دەستیان بەکار نەکردووە و لێژنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاش پێکنەهاتوون.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت "بەهۆی نەبوونی پەیڕەوی ناوخۆ تاوەکو ئێستا هیچ کارێکی وا لە ئەنجوومەن نەکراوە".

فەهیم عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەروەها گوتی "ئێمە هاتینە سەر جێگایەکی وێران، هیچ شتێکی وا لێرە نەبوو، ڕاستە یاسایەک هەبوو، بەڵام هەتا ئێستا پەیڕەوی ناوخۆ نییە بۆ ئەوەی بە گوێرەی پەیڕەوەکە کار بکەین". ناوبراو پێیوایە هەر لەبەر نەبوونی پەیڕەویش تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە لێژنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاش دروستبکەن.

پێشتر چەندین لێدوان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دراون، کە ئەوان هیچ پۆستێک بە هیچ لایەنێکی سیاسی نادەن، بەڵام بۆ لێژنەکان فەهیم عەبدوڵلا دەڵێت "لە دانانی لیژنەکان و سەرۆکی لیژنەکاندا ئێمە هیچ شتێک لەبەرچاو ناگرین".

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا پارێزگاری دهۆک بەبێ هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەن سەردانی نزیکەی 40 بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای دهۆکی کردووە. فەهیم عەبدوڵلا دەڵێت "ڕاستە ئەو شتە کراوە، بەڵام مەرج نییە هەموو شتێک پارێزگار بیکات ئێمە لێی ئاگادار بین".

ئەندامێکی سەر بە فراکسیۆنی یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان ڕایگەیاند لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دونیایەک بەڵێنیان بەخەڵک داوە، بەڵام بەهۆی پێکنەهێنانی لێژنەکانی ئەنجوومەن نازانن کاریان چییە.

پەروین مەجید، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاری دهۆک لە فراکسیۆنی یەکگرتوو بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا هەر 28 ئەندامی ئەنجوومەن نازانین کارمان چییە و چی دەکەین و دەسەڵاتمان چییە، داواکارین هەرچی زووە لیژنەکان پێکبێنن بۆ ئەوەی بەپێی پسپۆڕی و دەسەڵاتمان بە دواداچوون بۆ کار و داواکاری خەڵک بکەین، چونکە ڕۆژانە دەیان خەڵک پەیوەندیمان پێوە دەکات و گلەیی و کێشەیان هەیە".

ڕۆژگار سدقی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکیش لەفراکسیۆنی پارتی هەست بەوە دەکات کە ئەوان خۆیان بەکەمتەرخەم دەزانن بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە خەڵکیان داوە "ڕاستە ئێمە پارتین و پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن پارتین، بەڵام هەر یەک لە ئێمە بەهەزاران خەڵک متمانەی پێداوە، دەبێ بەرامبەر ئەو خەڵکە ئێمە خاوەن بەڵێن بین، بۆیە داواکارین بەزووترین کات لێژنەکان پێکبهێندرێن".

لە خولی ڕابردوودا لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک 17 لیژنە هەبوون، بۆ ئەم خولە بڕیارە گۆڕانکاری بەسەر لێژنەکاندا بێت و کەمبکرێنەوە بۆ 13 لیژنە.






# پارتی و یەکێتی لەسەر سەرۆکێک پێکنایەن

**ئەمرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانی کوردستان لەم خولەیدا پێکهێنانی سێ لێژنەی نوێی پەسەندکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو لێژنانە هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە و بێ دەستەی سەرۆکایەتین، بەهۆی ئەوەی یەکێتی و پارتی "کێشە"یان لەسەر سەرۆکایەتی کردنی لێژنەیەک هەیە.

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند ئەندامانی هەر سێ لێژنە دەستنیشان کراون، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی لێژنەکان یەکلایی نەکراون. هۆکارەکەشی بۆ کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی گەڕاندەوە لەسەر سەرۆکایەتیکردنی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ئەو سێ لێژنە نوێیە بریتین لە لێژنەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی دەرەوە و کاروباری ڕەوەندی کوردی و لێژنەی کاروباری پەرلەمان، بەمەش لێژنەکانی پەرلەمان دەبنە 22 لێژنەی هەمیشەیی.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت بە یەکێتی و پارتیان ڕاگەیاندووە "بڕۆن بە سازان یەکلایی بکەینەوە". ئەو پێیوایە ئەو لێژنانە بە سیستەمی سانتلیگۆ یەکلایی دەبنەوە، هاوکات پێشبینیش دەکات هەفتەی داهاتوو دەستەی سەرۆکایەتی هەر سێ لێژنەکە یەکلایی بکرێنەوە و دەستنیشان بکرێن.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی زەردی پارت لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە لەوبارەوە کێشە لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبێت، بەڵام دەڵێت هەردوولامان داوا لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەین و بە مافی خۆمانی دەزانین. سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ئامارژە بەوەش دەکات، کۆبوونەوەیەک لەو بارەیەوە کراوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەنجام.

لەبارەی ئەوەی یەکێتی، سەرۆکایەتی ئەو لێژنەیە بە مافی خۆی دەزانێت، بەوپێیە زۆرترین دەنگی لە کەرکووک و لە ناوچەکانی دیکە هێناوە، ئومێد خۆشناو، دەڵێت نابێت بەم لۆژیکە بیربکرێتەوە، ئەگەر باس لە هەژموون دەکرێت لەو ناوچانە، ئەوا پارتی لە ناوچەکانی شەنگاڵ، موسڵ و مەخمور هەشت کورسی پەرلەمانی هێناوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بەم لۆژیکە بیرمان نەکردووەتەوە.

ئومێد خۆشناو، گوتی بۆیە داوای سەرۆکایەتی ئەو لێژنەیە دەکەن تاوەکو خزمەتی زیاتری ئەو ناوچانە بکەن.

لە نێو ١٩ لێژنەکەی پەرلەمانی کوردستان، پارتی سەرۆکایەتی ٧ لێژنە و گۆڕان ٥ لێژنە (کە یەکێکیان کاتییە) و یەکێتی سەرۆکایەتی ٣ لێژنە دەکات.

بزووتنەوەی گۆڕان لەم سێ لێژنە نوێیە، داوای سەرۆکایەتی لێژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستان دەکات. ڕابوون مەعروف، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ (ڕووداو) ئەمەی پشتڕاستکردەوە و ڕاگەیاند ئەو لێژنەیە بە مافی خۆمان دەزانین و قسەی سەرەتاییمان لەگەڵ لایەنەکان کردووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ئامادەیی فراکسیۆنەکەی دەربڕی کە هاوکاری یەکێتی و پارتی بکات، بۆ ئەوەی هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی سەرۆکایەتی کردنی ئەو لێژنانە. هاوکات بە پێویستی دەزانێت کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە دەستپێشخەری بکات، بەمەبەستی کۆبوونەوە و یەکلاییکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەو سێ لێژنەیە.

بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت پێکهێنانی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و لەلایەن پەرلەمانتاران پەسەندکراوە، بۆیە یەکێتی مافی خۆیەتی و پێداگیریش لەسەر سەرۆکایەتی ئەو لێژنەیە دەکات. خوازیاریشە ناوی لێژنەکە بگۆڕێت بۆ "لێژنەی ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان".

بێگەرد تاڵەبانی باسی ئەوەدەکات کە جگە لەو لێژنەیە، پەرلەمانی کوردستان نووسینگە لە کەرکووک دەکاتەوە، بەرپرسی نووسینگەی پەرلەمان لە کەرکووک جێگەی گفتوگۆیە، دەکرێت ئەم پرسە بە لۆژیک و لێگەیشتن و بە سازان یەکلایی بکرێتەوە.

هەروەها گوتی لێژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی، لەسەر پێشنیاز و داواکاری گۆڕان بووە، بۆیە ئاساییە ئەو لێژنەیە بۆ ئەوان بێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز ڕاشیگەیاند بڕیارە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆک فراکیسۆنەکان کۆببێتەوە و پرسی سێ سەرۆکایەتی ئەو لێژنە ئەوکات یەکلایی بکرێتەوە.

ڕووداو
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14

## قەبارەی بازرگانی تورکیا و عێراق 21% کەمیکردووە



**ڕووداو–Hurriyat**

بەهۆی ڕووداوە ئەمنییەکانی ئەم دواییانەی عێراق، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان تورکیا و عێراق بە ڕێژەی 21% کەمیکردووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ڕێگای هەناردەکردنی کەلوپەل بۆ باشووری عێراق لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش کۆنترۆڵکراوە. مانگی ڕابردوو قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان تورکیا و عێراق بە ڕێژەی لەسەدا 21 دابەزی بۆ 727 ملیۆن دۆلار. عێراق پاش ئەڵمانیا دووەم بازاڕی گەورەی هەناردەکردنی کاڵا و شتومەکە بۆ تورکیا.

# داعش ئاسمانی عێراقی قەرەباڵغ کردووە




(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتانە لە هەردوو فڕۆکەخانەکەی باشووری کوردستان 240 گەشتی ئاسمانی دەکرێن و ژمارەی گەشتەکانیش لە شەش مانگی ڕابردوودا بە ڕێژەی 20% زیادی کردووە. بەهۆی قەیرانی عێراقیش گەشتی ناوخۆیی بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر کە دووەم گەورەترین فڕۆکەخانەی عێراقە ڕۆژانە زیاتر لە 20 گەشتی لێدەکرێت. بەپێی قسەی بەڕێوەبەرەکەی، ساڵانە گەشتەکانی ئەم فڕۆکەخانەیە بە ڕێژەی 30% گەشە دەکات.

### زۆرترین گەشت بۆ تورکیایە

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژانە 20 - 25 گەشت لەو فڕۆکەخانەیە دەکرێت و هەفتانەش 140 گەشت". گوتیشی "زۆرترین گەشتیش بۆ تورکیایە، کە هەفتانە 25-35 گەشت لە هەولێرەوە بۆ تورکیا دەکرێن".

بەپێی ئامارەکانی ئەو فڕۆکەخانەیە ڕۆژانە زیاتر لە 4000 کەس گەشت دەکەن و بەتەنیا لە مانگی ئایاری ڕابردوو زیاتر لە 124 هەزار گەشتیار لە فڕۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێرەوە گەشتیان کردووە. هەروەها لەساڵی 2013 زیاتر لە 1 ملیۆن و 200 هەزار کەس لە ڕێگەی ئەو فڕۆکەخانەیە گەشتیان کردووە.

سەبارەت بەو کۆمپانیا فڕۆکەوانیانەی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرە و گەشتەکانیان دەکەن، تەلار فایەق گوتی "32 کۆمپانیای فڕۆکەوانی بیانی لە فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێرەوە گەشتەکانیان ڕێکدەخەن، تەنیا یەک کۆمپانیای خۆماڵیمان هەیە، کە فڕۆکەی تایبەت بەخۆی هەبێت ئەویش کۆمپانیای زاگرۆس جێتە".

تەلار فایەق هەروەها گوتی "فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر گەشتەکانی بۆ زیاتر 30 شاری دونیا لە 23 وڵات ئەنجام دەدات".

سەبارەت بە توانای گەشتەکانی فڕۆکەخانەکە تەلار گوتی "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە توانایدا هەیە لە یەککاتدا 6 گەشت ئەنجام بدات، لە ڕۆژێکیشدا زیاتر لە 40 گەشت ئەنجام بدات، ئەگەر دۆخیکی ئاسایی و بێ کێشە هەبێت".

### گەشتی ناوخۆیی زیادی کردووە

تەلار فایەق باسی لە گەشتە ناوخۆییەکان کرد بە تایبەتی دوای ئەو قەیرانەی لە عێراق دروستبووە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی چەند شارێکی سوننەنشین لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)

تەلار گوتی "کۆمپانیای فڕۆکەوانی عێراق تاکە هێڵە کە گەشتە ناوخۆییەکان بەڕێوەدەبات، گەشتە ناوخۆییەکان زۆر کات کەم و زیاد دەکات، بەپێی دۆخ عێراق دەگۆڕێت لە کاتێکی ئاساییدا ڕۆژانە 10 گەشت بۆ بەغدا، 2 گەشت بۆ بەسرا و 7 گەشت بۆ سلێمانی، بەڵام ئێستا بەهۆی دۆخی عێراق گەشتەکان زیاد بوون بۆ شارەکانی عێراق بە تایبەت بەغدا کە لە مانگی ئایار ژمارەی گەشتەکان 208 گەشت بوو، بەڵام لە مانگی حوزەیران ژمارەی گەشتەکان بۆ 308 گەشت زیادی کردووە".

سەبارەت بە داهاتی فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر تەلار فایەق بێ ئاماژەدان بە بڕی داهاتەکە ڕایگەیاند کە داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێر لە خەرجییەکانی زۆر زیاترە "بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی خزمەتگوزاری مامەڵە لەگەڵ فڕۆکەخانەکان دەکات، نەک وەک سەرچاوەیەکی داهات".

### گەشەی گەشتەکانی فڕۆکەخانەکانی سلێمانی 15%یە

ژمارەی گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی سلێمانی زۆر کەمترە لە ژمارەی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر. بەپێی ئامارەکان ساڵی ڕابردوو تەنیا 373 هەزار گەشتیار لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی گەشتیان کردووە.

هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش 200 هەزار کەس گەشتیان کردووە، بەمەش ڕێژەی گەشەی گەشتکردن لەم فڕۆکەخانەیە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 15% زیادی کردووە.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری فڕۆکەخانەی نێودەولەتی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "هەفتانە لە فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی سلێمانی 90- 100 گەشتی ئەنجام دەدرێن بە گەشتی ناوخۆ و دەرەوە، زۆرترین گەشتیش بۆ تورکیایە کە لە یەک هەفتەدا 20 گەشتە".

تاهیر عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە دۆخی ئێستای عێراق ژمارەی گەشتە ناوخۆییەکانی زیاد کردووە بە جۆرێک "پێشتر ڕۆژانە 7-8 گەشت بۆ بەغدا دەکران، بەڵام ئێستا هەفتانە 20 — 25 گەشت بۆ بەغدا دەکرێن، بەگشتی هەفتانە 35 گەشتی ناوخۆیی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکەمان دەکرێت".

تاهیر عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە 10 کۆمپانیای بیانی لەو فڕۆکەخانەیە گەشتەکانیان ئەنجام دەدەن، گەشتەکانیش ڕاستەوخۆ بۆ بەریتانیا، ئەڵمانیا، نەمسا، سعودیە، ئیمارات، قەتەر، تورکیا، جۆرجیا، ئەردەن، لوبنان، میسر، ئێران و پێشتریش سووریا.

سەبارەت بە داهاتی ئەو فڕۆکەخانەیە تاهیر عەبدوڵڵا گوتی ساڵی ڕابردوو 4 ملیار دینار داهاتیان هەبووە "بەڵام خەرجییەکانی فڕۆکەخانەکە نزیکەی دوو ئەوەندەی قازانجەکەی بووە". بەڕێوەبەری فڕۆکەخانە ئەمەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە فڕۆکەخانە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە خزمەتی هاووڵاتیانە "ئێمە تاوەکو ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆ نین، تاوەکو فڕۆکەخانەکانمان وەک سەرچاوەی داهات سەیر بکرێت".

هەروەها بەڕێوبەری فڕۆکەخانەی نێودەولەتی سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد کە فڕۆکەخانەکە توانای هەیە لە ڕۆژێکدا 100 گەشت ئەنجام بدات، ئەگەر بارودۆخ ئاسایی بێت و کۆمپانیای زیاتری فڕۆکەوانی بێنە نێو فڕۆکەخانەی سلێمانی.

---

## هۆتێلە مامناوەندەکانی هەولێر بازاڕیان نامێنێت

# هۆتێل بەتاڵن و مۆتێل بەرناکەون



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**یودیت نورینک**
**ڕووداو — هەولێر**

شەپۆلی ئاوارە عەرەبەکانی شارەکانی موسڵ و تکریت و سامەڕا، کە لەدەست توندوتیژی هەڵدێن، موتێلەکانی کوردستانیان پڕکردووەتەوە، بەڵام هۆتێلەکان بە خاڵی ماونەتەوە.

ئەو توندوتیژیانە کە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن ئاوارەی زۆریان هەناردەی کوردستان کردووە، بەڵام گەشتیارە بیانییەکانی لە سەردانی کوردستان دوورخستووەتەوە.

لەکاتێکدا کە هۆتێلەکانی هەولێری پایتەخت بە دەست کەمی میوانەوە دەناڵێنن، خاوەنی مۆتێلەکان نرخەکانیان بەرزدەکەنەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خواست لەسەر مۆتێلە نرخ نزمەکان.

زۆر لەو خێزانانەی کە ژووری موتێلەکانیان بە کرێ گرتووە ترسیان لێنیشتووە لەوەی تاوەکو چەندێکی دیکە دەتوانن کرێی ژوورەکانیان بدەن. هەرچی خێزانە ئاوارە کەمدەرامەتەکانن، لە پارکەکاندا ڕۆژ دەکەنەوە.

بەڵام بازاڕی هۆتێلەکان- کە ژوورەکانیان نرخیان بەرزترە- زۆر بە کەمی کاریگەری ئەو شەپۆلەی ئاوارەکانی لەسەرە. هەولێر پایتەختی گەشتیاری عەرەبییە بۆ ساڵی 2014، بەڵام لە هەمانساڵدا دەرگای هۆتێلەکانی دادەخات بەهۆی کەمی میوان و گەشتیارەوە.

هۆتێل سەفیر، دووەم هۆتێلی سێ ئەستێرەیە کە لە مانگی ڕابردوو دەرگای داخست. ئەکرەم محەممەد عەلی کە خاوەنی هوتێلەکەیە دەڵێت هوتێلەکەیان بە یەکێک لە بەناوبانگترین هۆتێلەکانی هەولێر لەسەر وێبسایتی تریپ ئەدڤایزە (Tripadvisor) و هەروەها زۆرترین لایکی بیانییەکانی لەسەر وێبسایتی Booking.com بۆ چوو بوو، بەڵام داهاتی هۆتێلەکە بەشی تێچووی کرێ و کارەبا و مووچەی ستافەکەی نەدەکرد.

هەولێر ئێستا 600 مۆتێل و هۆتێلی هەیە، بەڵام لە 2006دا کاتێک هوتێل سەفیر دەرگای خۆی بەرووی میواناندا کردەوە تەنیا 15 میوانخانە هەبوون. هەتاوەکو ساڵی 2011 ڕێژەی مانەوەی میوان لەم هۆتێلە 32 ژوورییەدا نزیکەی 65% بوو. هۆتێلەکە بازرگان و گەشتیاری لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ دەهات و هەروەها دەزگا و ڕێکخراوە بیانییەکانیش زۆرجار ڕوویان تێدەکرد، بۆ بەستنی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانیان.

پێش داخستنی هوتێلەکە ڕێژەی میوانی هۆتێلەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو و بۆ 20% دابەزی بوو.

هۆتێلی بەرامبەر سەفیر و چێشتخانەیەکی تەنیشتیشی داخراون. یەک شت کە ئەم سێ بزنسە کۆدەکاتەوە، ئەوەیە کە هەرسێکیان شوێنەکانیان بە کرێ گرتبوو.

"هەوڵمدا خاوەن باڵەخانەکە قایل بکەم کە کرێی باڵەخانەکە دابەزێنێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو". ئەکرەم دەڵێت "نزیکەی 9%ی هۆتێلەکانی هەولێر باڵەخانەکانیان بەکرێ گیراون، بۆیە پێموایە زۆر لە هۆتێلەکانی دیکەش ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبنەوە".

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی هۆتێل و چێشتخانەکانی کوردستان، پێیوایە کە هۆتێلی زیاتری نرخ مامناوەند دادەخرێن "نەبوونی پلانی تۆکمە و بنیاتنانی ژمارەیەکی زۆر هۆتێل وایکردووە کە ئەم دۆخە دروست ببێت کە نرخەکان تێیدا زۆر دابەزیون، لە هەمانکاتدا تێچووی بەڕێوەبردنی هۆتێل، بەتایبەتی کارەبا بەرزبووەتەوە".

خاوەنی هوتێلی سەفیر دەڵێت "هەموو شتێکمان کرد بۆ ئەوەی میوان بۆ لای خۆمان ڕابکێشین." ئەو دەڵێت "ئێمە لە ڕێگەی وێبسایتی Booking.com وە بازاڕی نوێمان پەیدا کرد. بەڵام دەسەڵاتداران ڕێگەیان نەدا بە یەک بازرگانیش بێتە هەرێمی کوردستان، گەشتیار و خێزانەکانی باشووری عێراقیش دەچنە مۆتێلەکان. ڕێژەی میوانی ئێمە لە جەژن و نەورۆزدا 90%وە بۆ 30% دابەزی".

محەممەد پێش ساڵی 2006 لە بەغدا هۆتێلی خۆی هەبو. ئەو لۆمەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی گەشتوگوزار دەکات کە ڕێگەی بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر هۆتێل داوە "هەرکەسێک دەتوانێت هۆتێلێک بکاتەوە، ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەیەکی زۆر هۆتێل دروست ببن و ستانداردی خزمەتگوزارییەکانیش بهێننە خوارەوە".

هێرش ئەحمەد داوا لە حکومەت دەکات کە چیدی ڕێگە بە دروستکردنی هۆتێلی نرخ نزم نەدرێت. بەڵام پێیوایە ئەمە کارێکی ئەستەمە، بەتایبەتی چونکە تا ئێستاش قەرز بەو کەسانە دەدرێت، کە دەیانەوێت لە بواری گەشتوگوزاردا وەبەرهێنان بکەن.

لە هەمانکاتدا، ئەحمەد داوای پێداچوونەوە بە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی کرێی باڵەخانەی هۆتێلەکان دەکات. "دەکرێت هەندێک یاسا، بۆ نمونە لەسەر بڕی باج، هاوکاری ئەوانە بکات، کە ئێستا بە ئەستەم بزنسەکەیان دەژیێنن".

هەروەها بازاڕی هۆتێلی چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرەش لەبەر مەترسی دابینکردنی خزمەتگوزاری لە پێویست بەدەرن.

لە کۆنفرانسی پرۆژەکانی کوردستان لە هۆتێل ڕۆتانا، پێشبینیکرا کە لە چەند ساڵی داهاتوودا کەرتی هۆتێلەکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەورە دەبێت. هۆتێلەکانی وەکو شیراتۆن، کێمپینسکی، هیلتۆن، و ماریات نزیکەی 2500 ژوور بۆ بازاڕی هۆتێل لە کوردستان زیاد دەکەن.

ڕێژەی میوان لە هۆتێلەکان ئێستا بە 74% مەزەندە دەکرێت، بەڵام شارەزایان هۆشداری دەدەن کە لە نێوان 2017 بۆ 2019 ئەو ڕێژەیە بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت ئەوەش بەهۆی زۆری ژمارەی هۆتێلەکانەوە.

"بازاڕی هۆتێلەکان لە گەشەسەندندایە، بەڵام نەک بەو خێراییەی کە ژمارەی هۆتێلەکان زیاد دەکەن" تۆماس تۆما، بەڕێوەبەری هۆتێل ڕۆتانا وا دەڵێت و هانی وەبەرهێنەران دەدات کە لێکۆڵینەوە لە بازاڕەکەدا بکەن.

### "سەنتەری مەساج بۆ لەشفرۆشی نییە"

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی هۆتێل و چێشتخانەکانی کوردستان دەڵێت داهێنان پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بژین. هەندێک لە بەڕێوەبەرانی هۆتێلەکان بۆ ئەوەی داهات و گەشتیاری زیاتر ڕابکێشن سەنتەری مەساج لە هۆتێلەکانیاندا دەکەنەوە. هێرش ئەحمەد هەمان شتی کردووە لە هۆتێلەکەی خۆیدا، هەروەها جێگەیەکیشی لە هۆتێلەکەیدا بە کرێ داوە بۆ فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکان.

بەڵام هێرش ئەو بۆچوونە باوە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت هۆتێل ئەگەر ئەم خزمەتگوزاریانەی تێدا بێت ئەوە دەبێتە جێگەی لەشفرۆشی "ئەوە بۆچوونێکی بیر تەسکە، لە شوێنانی جیهان، تەنانەت لە دوبەی، خەڵک دەزانن کە ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ مەبەستی تەندروستییە".

**دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ (ڕووداو):**

# زۆر لایەن تا سەر لەگەڵ بارزانی نامێنن

کەم قسە و لێدوان و هەڤپەیڤینی هەن، کاردانەوە و دەنگدانەوەیان نەبێت. دڵشاد گەرمیانی یەکێکە لەو سیاسیانەی زۆرجار بەپێچەوانەی سەرکردایەتی حیزبەکەی قسە دەکات. زۆر کەس پێیوایە کە ئەو سەلەفییەکی جیهادییە و ئیسلامییەکی توندڕەوە، بەڵام خۆی دەڵێت "لە ئیسلامدا توندڕەو و نەرمڕەو نییە، بەڵکو شەرعڕەو هەیە". دوای ئەوەی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکرا. دڵشاد گەرمیانی هەوڵی ڕفاندنی چەند سەربازێکی ئەمریکی دا، بۆیە بووە یەکێک لە داواکراوەکان لەلایەن ئەمریکییەکان و بە ناچاری کوردستانی جێهێشت و لە ئێران نیشتەجێبوو. دوای دەرچوونی ئەمریکییەکان لە عێراق، ئەویش گەڕایەوە کوردستان. دڵشاد گەرمیانی لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی تێڕوانی ئێران دەکات بەرامبەر هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو دەڵێت "ئێران هەرێمی کوردستان بە ئەمری واقیع دەزانێت و مامەڵەکردنیشی لەگەڵ هەموو لایەکان سیاسییە، بە ئیسلامییەکانیشەوە".

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی



■ ئەوانەی باسی لادانی مامۆستا عەلی باپیر دەکەن وڕێنە دەکەن

■ لە مامۆستا عەلی باپیر بە تواناتر شک نابەم

■ مانەوەی مالیکی لە پۆستەکەیدا تاوانە

■ لەگەڵ ئەوە نیم کۆمەڵ وەکو یەکگرتوو کەسی یەکەمی بگۆڕێت

■ گۆڕینی ئەمینداری یەکگرتوو هەڵە بوو

■ داعش، ئیسلامی جەماعەتێکی یەک لا لێبڕاون، توند و زبر دەناسرێن

■ نە کورد و نە داعش پێویستیان بەم شەڕە نییە

**ڕووداو: وەکو سەرکردەیەکی ئیسلامی کە پاشخانی جیهادیت هەیە، خوێندنەوەت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) چییە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** ئەوانە ئیسلامی جیهادی یەک لا لێبڕاون، بۆ ئەو فیکر و مەنهەجەی خۆیان کە باوەڕیان پێیەتی، توند و زبر دەناسرێن لە مامەڵە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەموو لایەک! کە دەبوو تەنیا بەرامبەر کافری شەڕکەر و داگیرکەر و بێباوەڕان ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ دەکەن، توند بن، ئەویش لەکاتی شەڕدا و لەو چوارچێوەیەی شەرع ڕێگەی پێداوە. ئەوانەش شەڕیان لەگەڵ ناکەن کافر بن، یان ئەهلی کتاب دەبوو مامەڵەیان لەگەڵیان جیاواز بێت. بەرامبەر موسڵمانیش دەبوو زیاتر بە ڕەحم و بەزەیی بوونایە با لەگەڵیشیاندا نەبن و ڕای جیاوازیان لەگەڵیان هەبێ، چونکە خودا دەفەرموێت: (مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ)،(أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ)، دەبوو عوزری خەڵکیان قبوڵ بکردایە، لەسەر گومان هیچ بڕیارێکیان نەدابووایە. هەر کەس بۆ خۆی و لەخۆوە هەڕەشەی لە خەڵک نەکردبایە، ئەو دیاردانە وایانکردووە خەڵکی لێیان بترسن و تووشی دڵەڕاوکێ ببن.

**ڕووداو: داعش جیاوازیان لەگەڵ (بەرەی نوسرە) چییە لە سوریا، بۆچی هەموو لایەک ڕەتدەکەنەوە، دەڵێن دەبێ هەموو کەس بەیعەت بە ئەوان بدات؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموانیە هیچ جیاوازییەکیان لەڕووی فیکر و مەنهەجەوە هەبێ، جیاوازییان تەنیا لەڕووی سیاسەتی شەرعی و فیقهی مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ واقیعی دەوروبەر هەیە، بەرەی نوسرە خۆیان بە یەکێک لە جەماعەتە جیهادییەکان دەزانن، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی بە ئیعلانکردنی دەوڵەت، جەماعەتەکانی دیکە دەخاتە بەردەم دوو بژاردە یان دەبێ بەیعەت بدەن و گوێڕایەڵ بن، یان بەگوناهباریان دەزانن. ئەوەش ئەگەری دروستبوونی کێشە لەگەڵ جەماعەتە جیهادییەکان و شۆڕشگێڕە عەشایەرەکانی ئەهلی سوننە و لەباربردنی دەستکەوتەکانیان زیاد دەکات.

**ڕووداو: ئەوەی ئێستا ڕوودەدات شەڕی سوننە و شیعەیە یان شەڕی داعش و حکومەتی عێراقە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** شەڕی خەڵکێکی مەزڵومی بێکەسی ئەهلی سوننەیە لەگەڵ حکومەتێکی زاڵمی تایفی شیعەدا "بە پاڵپشتی ئەمریکا و هەندێ وڵاتی ئەورووپی و ئیقلیمی".

**ڕووداو: هەڵوێستی تۆ چییە لەسەر شەڕی پێشمەرگە و داعش؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموایە ئەو شەڕەی ئێستا زیادەیە، نەکورد پێویستی پێیەتی، نە جەماعەتی دەولەش، ئەو شەڕە شەڕی ئەهلی سوننەیە لەبەرپەرچدانەوەی زوڵم و لە تۆڵەی ئەو هەموو ئافرەتە داوێن پاکانە دەیکەن، کە بە دڕندانەترین شێوە لە زیندانەکانی بەناو حکومەتی عێراقی ئەتک دەکران و دەکرێن، چ پەیوەندییەکی بە کوردەوە هەیە!

## لەسەر پێشمەرگە شەڕی قورس هەڵدەگیرسێ

**ڕووداو: لەم شەڕەدا کە لە نێوان حکومەتی عێراق و داعش و گروپە سوننەکان و جاروباریش پێشمەرگەدا ڕوودەدات، تۆ وەکو شەرعزانێک کێ بە شەهید دەزانی؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** شەهید زاراوەیەکی ئیسلامییە، ئەمە پێناسەکەیەتی: هەر کەسێکی موسڵمان لەپێناوی خودا جەنگ و جیهاد دژ بە کافران یان دژ بەدوژمنێکی زاڵمی هێرشهێنەر بۆ سەر خاک و ئاو و ماڵ و حاڵی موسڵمانان بکات و بکوژرێت ئەوە "شەهیدە".

**ڕووداو: ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن دەبینی لە پشتگیریکردنی ڕژێمی ئەسەد؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموایە هەڵەیەکی ستراتیژی مێژوویی گەورەی کردووە.

## ئەوەی ڕوودەدات شەڕی سوننەی مەزڵوومە لەگەڵ حکومەتێکی شیعەی زاڵمدا

**ڕووداو: بەشێک پێیانوایە ئێران پشتگیری داعش دەکات لە پێناو ناشیرینکردنی شۆڕشی سوریا و ترساندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەوەی مانەوەی ئەسەد بە گونجاوتر بزانن؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموانییە ئەو قسانە هیچ حەقیقەتێکیان هەبێ، ئەم دوو لایەنە دوو دوژمنی یەکن لە فیکر و سیاسەت و عەقیدە و مەنهەجدا.

**ڕووداو: ئەوەندی تۆ ئاگادار بی، مەنهەجی ئەنسارولئیسلام پاشان کە بوونە ئەنسارولسوننە جیاوازیان چییە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموانییە لەمەنهەجدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان هەبێ، ئەنسارولسوننە سنووری کار و چالاکیان لە عێراقە، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام جارێ لە عێراق و شامە، چەندی دیکە بتوانن سنووریان فراوان دەکەن.

**ڕووداو: ئێران لە کاتی شەڕی ئەنسارولئیسلام و یەکێتی، پشتگیری کامە لای دەکرد؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** ئەو کاتانە لەو بارەیەوە قسە زۆر دەکرا، ئێرانیش وای دەردەبڕی کە بێلایەنە، ئیدی ئەگەر ژێر بەژێر هاوکاری لایەک یان هەردوولای کردبێ، من هیچ زانیارییەکی بەڵگەدارم لەو بارەیەوە نییە.

**ڕووداو: ئێستا پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان جێگیرکراوە، ڕات چییە لەسەر مانەوە و پاشەکشێ ئەو هێزانە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموایە ئەوە پرسێکی زۆر گەورەیە، بڕیاری مانەوەی ئەو هێزانە هەر بەدەم و هەرای ڕاگەیاندن نابێ، بەئاسانیش تێناپەڕێ، شەڕی قورسیشی لەسەر هەڵدەگیرسێ، بۆیە دەبێ ئەو بڕیارە بە ئالیەتێکی گونجاو بکرێتە ڕای زۆرینەی خەڵکی کوردستان، یاخود لانیکەم ڕای هەموو لایەنە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەشدار بێ لە خێر و شەڕی ئەو بڕیارە، دواتر ئەگەر بەخێرگوزەرا هی هەموو لایەکە، ئەگەریش ئەنجامەکەی پێچەوانەبوو، کەس ناتوانێ خۆی لەبەرپرسیاریەتییەکەی بدزێتەوە.

**ڕووداو: ئایندەی عێراق و یەکگرتووی ئەم وڵاتە و مانەوەی مالیکی چۆن دەبینی؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** لەوکاتەی ئەمریکا پۆستە سیادییەکانی بەسەر شیعە و سوننە و کورددا دابەشکرد یەکگرتویی بەکردەوە لە دەستداوە، مانەوەی مالیکیش لەپۆستەکەیدا پاش ئەو هەموو زوڵم و ستەم و کاولکارییەی بەسەر عێراقدا هێناویەتی، بە تاوان دەزانم.

**ڕووداو: بەڕای تۆ کێ دژی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ ڕاگەیەندرا؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ دوژمنانی کورد، بە دژی سەربەخۆیی کوردستان دەزانم.

**ڕووداو: لەبەر ئەمریکییەکان هەرێمی کوردستانت جێهیشت، ماوەیەکی زۆر لە ئێران بووی، ڕای ئێرانییەکان چییە لە سەر هەرێمی کوردستان، لەسەر حیزبەکان، بە تایبەتیش ئیسلامییەکان؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** هەرێمی کوردستان بە ئەمری واقیع دەزانن، دوور و نزیکیان لە حیزبەکان بە ئەندازەی بەرژەوەندییەکانیانە، مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ هەموو لایەک سیاسییە، بە ئیسلامییەکانیشەوە.

**ڕووداو: ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە گشتپرسی و وتارەکەی لە پەرلەمانی کوردستان بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** پێموایە ئەو هەنگاوە پێش ئەوەی پشتیوانی دەرەکی بۆ پەیدا بکرێ، دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپشتیوانی ناوخۆیی دڵنیاببێ، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشێت و بیانووی هیچ لایەک نەهێڵێ، خاڵیان لەگەڵ بخاتە سەر پیت، ڕا و هەڵوێستی هەموو لایەک بە نووسراو ئاشکراو دیار بێت، حساب بۆ حەساسیەتی هەندێ خەڵک و لایەن بکات لەگەڵیدا، ئەگەر نا پێموایە ئەو مەسەلەیە بگاتە قایمایی و فشارەکان جددی بن، ئەگەر نەڵێم سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەتەنیا بەجێدەهێڵرێت، دەڵێم زۆر کەم دەبن ئەوانەی تا کۆتایی لەگەڵی دەبن، بەڵگەش زۆرن، نامەوێ هیچ کەس و لایەک بریندار بکەم.

**ڕووداو: کەتیبەکانی کوردستان لەم ماوەیە وەکو بەشێک لە تەنزیمی قاعیدە بەیاننامەی ڤیدیۆییان بڵاوکردەوە، دەڵێن لەو دیوی ئێرانەوە پاشماوەی ئەنسارولئیسلام چالاکی هەیە بەبڕوای تۆ تا چەند ئەم قسانە ڕاستە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** لەسەر ئەنسارو ئەلئیسلام هیچ زانیارییەکم نییە، بەڵام کەتیبەکانی کوردستان خەڵکێکی ئێرانی زۆریان لەگەڵدایە و پێشتر کاروچالاکیان زۆر بوو، ئێستا ئێران زۆربەی خەڵکە چالاکەکانی گرتوون یان دەستبەسەرکراون.

**ڕووداو: ڕای تۆ چی بوو لە دانانی وەزیرەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بۆچی بەدەم داواکاری گەنجەکان و خەڵکی نوخبەی ناو کۆمەڵ نەچوون؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** ئەو دوو بەڕێزەی دانراون، دوو کەسی بەتوانای ڕابردوو پاک و دڵسۆز و ئیشکەرن. ڕاستە خەڵکانێکی کەم ناڕازی بوون، بەڵام سەد هێندەی ئەو بەڕێزانە و لە ئاستی ئەواندا هەبوون، خۆشحاڵ و ڕازیبوون و دەستخۆشیان لێدەکردین، هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەرکردایەتییش بەهۆی ناڕەزایی ئەو بەڕێزانە دەبووە هۆی بێ متمانەیی بەبڕیاری سەرکردایەتی و ناسەقامگیربوونی، بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕایەدا بووم، کە سووربین لەسەر بڕیارەکەی سەرکردایەتی و نەیگۆڕین.

**ڕووداو: تۆ ئێستاش سووری لەسەر ئەوەی نابێ ئافرەت بەشداری کاری سیاسی و ڕاگەیاندن بکات و بێتە سەر شاشە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** نەمگوتووە نابێ ئافرەت کاری سیاسی بکات، گوتوومە دەبێ کار و چالاکییەکانی بەپێی زەوابتی شەرعی بێت، دوور لە دەرکەوتنێکی ناشەرعی و تێکەڵاوییەکی ڕێگەپێنەدراو. ئەوەی دەربارەی ئافرەت گوتوومە دووبارەی ناکەمەوە هەمان قەناعەتم هەیە.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامیش وەکو یەکگرتوو کەسی یەکەمی بگۆڕێت؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم و ئەوەی یەکگرتووشم پێ هەڵە بوو. گۆڕین و لادانی خەڵکێکی شیاو و شایستە و بەئەزموون خیانەتە لە خودا و پێغەمبەری خودا و موسڵمانان، ئەگەر ئەوەی لە جێگەی دادەنرێ بەتواناتر و شایستەتر نەبێ. لەناو کۆمەڵی ئیسلامی کەس شک نابەم، توانای مامۆستا عەلی باپیری هەبێ و لەئاستی ئەودا بێ، باسکردن لە گۆڕینی قسەیەکی زیادە، ئەوانەش ئەو باسانە لەناو کۆمەڵ دەوروژێنن و ئەو جۆرە وڕێنەیە دەکەن، چەند کەسێکن لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.

**ڕووداو: تۆ مارکسی بوویت و لەسەر دەستی پیاوێکی ئیخوانی وەکو حەسەن شەمێرانی دەبیتە ئیسلامی، بەڵام دەبیتە سەلەفی جیهادی، تۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش بە کوفر و ئیلحاد دادەنێیت، ئەم ڕایە توندەت لە پای چییە؟**

**دڵشاد گەرمیانی:** کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ئەوکات، کە حیزبی بەعس لەوپەڕی بەهێزی دابوو، یەک پارچە هێز و ورەو غیرەت بوو، کە خودا هیدایەتی دام بۆ جەماعەتێکی ئیسلامی دەگەڕام لەوان بچێ و زوڵم و زۆری بەعس قبوڵ نەکات، ئەوکات و لەبەر ئەو هۆیە پەیوەندیم بەڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد. وشەی سەلەفی جیهادیشم پێ هەڵەیە، سەلەفی و غەیری سەلەفی ئەوەی باوەڕی بەئیسلام هەبێ، دەبێ باوەڕی بە ئایەتەکانی جیهاد هەبێ کە سەدان ئایەتی لەسەرە، جگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر درود و سەلامی خوای لە سەر بێت. خوای گەورە دەفەرموێت (وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ) ئاماژەی پێکراوە، هەروەها دەفەرموێت (فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ) لەکات و شوێنی خۆیدا بۆ هەموو موسڵمانێکە، بە سەلەفی جیهادی و ئەوانەش شەرم لە باسکردنی ئایەتەکانی جیهاد دەکەن و هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ئەوەیە پێیان نەگوترێ توندڕەو، هەرچەندە من لەگەڵ ئەو دابەشکردنەدا نیم بگوترێ توندڕەو و میانڕەو، موسڵمان دەبێ شەرعڕەو بێ، نەرمی و توندی هەر یەک کات و شوێنی خۆی هەیە، من توندڕەو نیم هیچ شتێکم نەگوتوە و ناڵێم لە قورئان و سوننەتدا نەبێ، تەنیا ئەوەندەیە من ناتوانم و ئەو قەناعەتەم نییە، بەناوی حیکمەت و سیاسەتەوە یان لەترسان هەندێ لەئایەت و فەرمودەکان بشارمەوە یان بەدڵی نەیارانی ئیسلام و بۆ ڕازیکردنیان، تەئویل و تەفسیری بکەم.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14



## دەلال بە 3 ساڵ تەواو بوو

**میوا سەلاح - زاخۆ**

گۆرانیبێژی گەنج دەلال زاخۆیی دوای سێ ساڵ کارکردن ئەلبوومی گۆرانییەکەی تەواوکرد، بەڵام چاوەڕێ دەکات کۆمپانیایەک بۆی بڵاوبکاتەوە. دەلال لەمبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومەکەم لە 8 تراک پێکهاتووە، دوو گۆرانی بە شێوەزاری سۆرانییە، ڕەنگە دوای جەژن بڵاوی بکەینەوە". زۆربەی ئاوازەکان گۆرانیبێژەکانی دەڤەری بادینان بۆ دەلال زاخۆییان داناوە، وەک هونەرمەندان عەبدولقەهار، هەڤاڵ زاخۆیی، هەڤاڵ ئیبراهیم، نۆژدار. هەروەها ئەلبوومەکە لەسەر ئەرکی فرسەت مستەفا دروستکراوە و نزیکەی 20 هەزاردۆلاری تێچووە.دەلال گوتی "چاوەڕێی کۆمپانیایەک دەکەم بۆ ئەوەی ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەم بگرێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی من بەتەنیا ناتوانم هەموو کارەکان بکەم".



### نووری گەرمیانی:

# سەیداوە لە ئەمریکا خۆشترە

لە نووری گەرمیانی دەپرسن بۆچی ئێستا جەماوەرت کەم بووە و بەرهەمت نییە، ئەویش دەڵێت "کاکە گیان من لە نەوەتەکان دەگەی خۆم هاوێشت". ئەمە نوکتەیە، بەڵام زۆر لە ڕاستیش دوور نییە، چونکە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، لە هەولێر کەم ئۆتۆمبێل و ماڵ و باخەڵی گەنجان هەبوون، کاسێتێکی گۆرانییەکانی نووری گەرمیانیان تێدا نەبێت.

نووری گەرمیانی ئێستاش هەر بە هەمان ستایلی نەوەتەکان دەبینرێت، تەنکە ڕیشێک، جلێکی کوردی، تەسبیحێکی قەزوان. ئەو لە پاڵ کاری هونەری، کاسبیش دەکات، خاوەنی دووکانێکی سیدی فرۆشتنە، لەسەر پردی سەیداوە. لەسەر دیواری دووکانەکەی چەندین وێنەی خۆی هەڵواسیوون، کە لە ئاهەنگ و بۆنەکان لە نەوەتەکاندا گرتوونی.

هیوا سەلاح - هەولێر

**ڕووداو: دەمێکە بێدەنگی و بەرهەمت نییە بۆچی؟**

**نووری گەرمیانی:** بێ بەرهەم نیم، ئێستا گۆرانی و ئاوازی زۆر جوانم ئامادەیە، بەڵام ئەگەر لایەنێک هاوکاریم نەکات، بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چۆن دەتوانم ئەلبووم بڵاوبکەمەوە. گۆرانی تۆمارکردنیش پارەی دەوێت، بۆ نموونە یەک گۆرانی لە هەولێر تۆمار بکەم هەزار دۆلاری تێدەچێت، کلیپکردنیش چوار هەزار دۆلاری بە لایەنیکەم دەوێت، ئەمەش لە توانای مندا نییە، دەنا بێدەنگ نەبووم.

**ڕووداو: گۆرانی دوێت نییە لەگەڵ کچان، بە نیازی دوێت نیت لەگەڵ گۆرانیبێژی کچ؟**

**نووری گەرمیانی:** تاوەکو ئێستا بیرم لێنەکردووەتەوە و کەسیش داوای لێنەکردووم، خۆشم زۆرباش بیرم لەو ستایلە نەکردووەتەوە.

## ■ ستایلی هێلی لەڤم بە دڵ نییە

## ■ ڕۆژانە فەرهاد زیرەک دەبینم

**ڕووداو: ئەی ڕات چییە لەسەر ئەو هونەرمەندانەی بە ستایلی پۆپ، ڕۆک و ڕاپ گۆرانی دەڵێن، وەکو هێلی لەڤ و دەشنێ؟**

**نووری گەرمیانی:** ڕەنگە خەڵک هەبێت گوێ لەم جۆرە ستایلانە بگرێت و بینەری بێت، بەڵام من لەگەڵ ئەو ستایلە نیم، زۆر دوورم لەو ستایلە، حەزیش ناکەم قەت لێی نزیک ببمەوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی زۆر دوورە لە کلتووری کوردەواری.

**ڕووداو: باشە تۆ خەڵکی هەولێریت، بۆ پاشناوت (گەرمیانی)ە؟**

**نووری گەرمیانی:** من لە دەوروبەری کەرکووک و گەرمیان لە دایکبووم، چونکە باوکم لەوێ سەرباز بووە. تاوەکو تەمەنی 9 ساڵی هەر لە ناوچەی گەرمیان بووم. دواتر گەڕاینەوە هەولێر، دەنا باوکم سارمەمییە و دایکیشم سیانە کە دوو عەشیرەتی دیاری هەولێرن. مەلا عوسمانی باوکم یوسفە شەلی مام مەلا بوون. سەبارەت بە پاشناوەکەش ئەوە شەهید یوسف سەرسپی ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردم و بووە نازناوی من.



**ڕووداو: زۆر لە برادەرەکانت کە لە نەوەتەکان گۆرانیان دەگوت ئێستا لە دەرەوەن، بۆچی تۆش نەچوویتە دەرەوە؟**

**نووری گەرمیانی:** من منداڵی سەیداوەم بێ سەیداوە لە هیچ شوێنێک ناحەوێمەوە، چەندین وڵاتم کردووە، بەڵام هەر سەیداوەم خۆش دەوێت و ناتوانم دەستبەرداری بم، ئێستا من فیزای ئەمریکام هەیە دەتوانم هەتا ساڵێکی دیکەش لە ئەمریکا بم و نوێشی بکەمەوە، زۆر برادەریش داوایان لێکردووم بچمە دەرەوە بژیم، بەڵام من قەت بیرم لە ڕۆیشتنی یەکجارەکی کوردستان نەکردووەتەوە.

## ■ حەز ناکەم لە ڕاپ و پۆپ نزیک ببمەوە

## ■ قسەی من دوو شەقاو ناڕوات

## ■ بیرم لە ستایلی دوێت نەکردووەتەوە

**ڕووداو: بە زۆری لەگەڵ عارەب عوسمان دەبینرێیت، بۆچی؟**

**نووری گەرمیانی:** لە مێژە لەگەڵ عارەب تێکەڵین و برادەرایەتیمان زۆر بەهێزە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی بەڕێزتان نەڵێم عارەب کوڕێکی چاکە و مرۆڤێکی باشە، پاشان دەنگێکی خۆشی هەیە، ڕەسەنایەتی پێوە دیارە، تەقلیدی نییە، منیش زیاتر حەزم لە شتە ڕەسەنەکانە. ڕێزیشم هەیە بۆ برادەران و گۆرانیبێژەکانی دیکەش ئەوانیش دەنگیان خۆشە. پاش عارەبیش کاک جەلال سەعیدی ڕەحمەتی برادەرێکی زۆر نزیکی من بوو، دەزانی چییە خۆی دەبینی لە ماڵی پێنج برانە، بەڵام لەگەڵ یەکێک تەنسیقت زۆرخۆشە ئەوەش ئاوایە.

**ڕووداو: بەڵام هاوڕێیەکی نزیکی زەکەریا عەبدوڵڵا و زیاد ئەسعەدیش بوویت، پەیوەندیتان ماوە؟**

**نووری گەرمیانی:** زۆر لە مێژە زەکەریام نەبینیووە، چەند ساڵێک پێش ئێستا کە لە ئەورووپا هاتەوە یەکدیمان بینی، لەو کاتەوە دەرفەت نەبووە یەکدی ببینین، بەڵام سێ مانگ پێش ئێستا لە ڕێگای تەلەفۆن قسەمان کرد. زیاد ئەسعەدیش برادەرم بووە و خۆشەویست بووە لەلام، بەڵام لەوەتەی ڕۆیشتووە ئاگام لێ نەماوە. نەوەک من، زۆربەی برادەرەکانی دیکەش نەیانبینیووە، لە سوید بووم حەزم دەکرد ببینم، بەڵام هیچ ناونیشانێکی نەبوو، منیش بەرنامەی خۆم هەبوو نەمتوانی زۆر بەدوای بگەڕێم، دەنا زۆر حەزم دەکرد ببینم، چونکە زیاد ئەسعەد برادەرێکی زۆر نزیکی من و جەلال سەعید بوو.

**ڕووداو: ئەی ئاگات لە فەرهاد زیرەکە؟**

**نووری گەرمیانی:** ڕۆژانە فەرهاد زیرەک دێتە لای من، یان من دەچمە لای ئەوە، بەڵام ئەو زوو زوو دێتە دوکانەکەم و دادەنیشین قسە دەکەین، یان لەگازینۆیان یەکدی دەبینین، لەگەڵ کاک فەرهاد زیرەک دەیان حەفلەمان پێکەوە کردووە و چەندین سیدیمان بەیەکەوە هەیە.

**ڕووداو: ساڵانە چەندین هونەرمەندی بیانی بەشداری فێستیڤاڵە هونەرییەکانی کوردستان دەکەن، بەڵام تۆ بەشداری ناکەیت بۆ؟**

**نووری گەرمیانی:** دەیان جار داوامان کردووە و دەنگی ناڕەزایی خۆمان دەربڕیوە، بەڵام گوێمان لێ ناگرن، کێ هەیە گوێت بۆ ڕابگرێت، دوو شەقاو قسەمان ناڕوات، من بە حکومی ئەوەی زۆربەی جیهان گەڕاوم لەوێ تەنیا گوێ هونەرمەندان ڕادەگیرێت، بەڵام لێرە بەمشێوەیە نییە، لە جیاتی کوڕی شارەکەی خۆی بباتە کۆنسێرت، دەچێت کەسێک دێنێت کە بەس بۆ خۆ نمایشکردن کۆنسێرت دەکات، بۆ ئەوەی خەڵک لەش و لاری ببینێت، هیچ هونەرێکی جوانی پێ نییە، ئەمەش شتێکی خراپە.



# جیهان بە موتوربەکراوی ببیسە

**ئەلیکساندەر ویتکەمب**
**ڕووداو- هەولێر**

گاری سازکار، نزیکەی 50 ساڵە ئامێری ساز دەژەنێ. لەو ماوەیەدا، خۆی و هاوسەرەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە دانیمارک. ئەو مۆسیقا فۆلکلۆرییەی گاری سازکار لەگەڵ خۆی بردییە ئەو وڵاتە خزمەتێکی زۆری بە کوردستان و پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کوردی کردووە. گاری بەردەوامە لە گوتنی گۆرانییە کوردییە کۆنەکان، بەڵام بەشێوازێکی نوێ، ئەویش بە تێکەڵکردنی لەگەڵ گۆرانی ڕاپی ڕۆژئاوایی.

گاری سازکار لەگەڵ کوڕەکەی ڕێوان ریکۆ و ڕاپەر ساموێل سندی لە کوردستان کۆنسێرتێک بەناوی "جیهان" دەکەن. ئەوان خاوەنی گروپێکن بە ناوی "لێ دنێ".

ئەم گروپە بەشێکە لەو ڕێچکە نوێیەی لە هونەر و گۆرانی کوردی دەستی پێکردووە. ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەریانەیە لەسەر پەنابەرانی کورد لە جیهان دروستبووە، لەئەنجامی تێکەڵکردنی کلتوورەکەیان لەگەڵ کلتووری ڕۆژئاوا. لە ناوەڕاستی دووەمی سەدەی بیستەمدا زۆر کورد کۆچیان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد، بۆیە ئێستا نەوەیەکی کوردی هەیە بە تەواوی تێکەڵی کلتووری ڕۆژئاوا بووە. گەنج و منداڵەکانیان زۆر بەکەمی یان هەر کوردی نازانن، هەروەها زۆریشیان هەرگیز کوردستانیان نەبینیووە.

"لەڕێگەی مۆسیقاوە پەیوەندییەکانمان دروست دەکەینەوە" سندی دەڵێ "خێزانەکانمان ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر کوردستانیان جێهێشتووە، ئێمەش ئەو ئاشنایەتی و نزیکییەمان بەو شوێنانەوە نەماوە".

ریکۆ ئاماژە بە گۆرانییەکی زۆر بەناوبانگیان دەکات بەناوی "بمبەرەوە وڵاتەکەم" کە لە کوردستان کلیپی بۆ کراوە "کلیپەکە ڕێگەیەک بوو تا ئەوانی دیکە لەڕێگەی وێنەوە دووبارە بەیەکدی شادبنەوە. ویستمان وڵاتەکەیان نیشانبدەین، ئیدی گرنگ نییە ئەو بینەرانە کورد بن یان بیانی".

بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی ملیۆنێر و ملیاردێر لە ناو کورد، ئیدی چیدی نابێت کورد تەنیا خۆی وەک قوربانی نیشان بدات. ئەگەر دەیان ساڵی چەوسانەوە مانای پاراستنی کلتور بووبێت، ئەوا ئاسایش و ئازادی ڕادەربڕین کە ئەمڕۆ هەیە ڕێگە بە کلتووری کوردی دەدات بەشێوەیەکی خێرا گەشە بکات لە هەموو شوێنێک.

گروپی لێ دنێ، ناوی کۆنسێرتەکەیان "جیهان"ە، کە لە وشەی گۆرانییەکانیان هاتووە "تێکەڵکردنی هەموو ڕەنگەکان". ئەو دەستەواژەیە ڕەنگدانەوەی پێکەوەگرێدانی ناسنامەی جیهانییە. زۆر لە جەماوەرەکەیان کە لە دەرەوە لە دایکبوون بە گرنگییەوە تەماشای کارەکەیان دەکەن، لەگەڵ ئەو نەوە نوێیەی کوردستان، کە لەگەڵ گۆرانییەکانی ریهانا و جەستن بەیبەر و شڤان پەروەر گەورە بوون.

"مۆسیقا مۆسیقایە. ئێمە ستایلی تێکەڵمان هەیە". سندی دەڵێ "لەمنداڵییەوە ئاشنام بە مۆسیقای کوردی لەناو خێزانەکەمدا، بەڵام لە دانیمارک هەروەها مۆتاون و تیوپاکم ناسیووە. بەمدوواییانە زۆر گوێمگرتووە بۆ مارڤین گەیی و ئەلگرین".

ئێستا گۆرانییەکانی ئەو گروپە لەلایەن هونەرمەندانی بیانی دەگوترێنەوە، ساموێلی ڕاپەر دەڵێت "قسەمان لەگەڵ هەندێک کەس لە تاجیکستان کرد، ئەوان کورد نەبوون، دڵنیانیم لەوەی چۆن گۆرانییەکانی ئێمەیان دۆزیوەتەوە و گوتووەتەوە، ئەمەش یەکێکە لە شتە پۆزەتیڤەکانی بەجیهانیبوون".

"لێ دنێ" یەکێکە لەو گروپ و گۆرانبێژانەن، کە لەژێر کاریگەری تێکەڵکردنی مۆسیقا دان. ئەگەر گوێت لە گۆرانییە خێراکانی پرۆژەی ماڵی کوردی ڕێناس میران بێت، ماڵی مافیایی سوویدی لەبیر دەکەی.

هێلی لەڤ، کە لە دهۆک لەدایکبووە، بەڵام لە فینلەندا و ئەمریکا گەورە بووە، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ناوبانگی پەیداکرد بەبڵاوکردنەوەی گۆرانی "ریسکت ئۆڵ". لە ڤیدیۆکەدا هێلی لەڤ بە تەنوورەی کورت و جلی کوردییەوە لەسەربانەکانی هەولێر سەما دەکات. بەهۆی کلیپەکەوە ئەو گۆرانیبێژە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جێگەی دڵخۆشی هاندەرانی بوو، کە زۆر حەزیان بەو ستایلە نوێیەی گۆرانی کوردییە.

### خواردنی کوردیشی گرتەوە

ئەو ستایلە نوێیە تەنیا مۆسیقا و شێوازی جلوبەرگ پۆشینی نەگرتووەتەوە، بەڵکو ئێستا چێشتخانە بەناوبانگەکانی شاری هەولێر تێکەڵەی خواردنی کوردی و ڕۆژئاوایی پێشکەش بە موشتەرییەکانیان دەکەن. شێف جانی گۆریک هاتووەتە هەولێر بۆ فێربوونی خواردنی کوردی بۆ ماوەی شەش مانگ بەر لە کردنەوەی چێشتخانەیەک. لە خواردنەکانیدا پێکهاتەی کوردی وەک ڕووبە هەنار و ماستی هەولێر بەکاردەهێنێ، بەڵام شێوازێکی جیاواز لە خواردن دروست دەکات. بۆ نمونە گۆریک تەکنیکی نوێی ئەورووپی لە خواردن دروستکردن بەکاردەهێنێ کە تێیدا گۆشت لە عەلاگەی داخراو لە پلەیەکی گەرمی بەرز دەکولێندرێت.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14

## 400 پەنابەر لە ئیتاڵیا خنکاون



**ڕووداو - دویسلدۆرف**

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی پەنابەران سـاڵی ڕابردوو 400 پەنابەر لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا خنکاون. کۆتایی مانگەی ڕابردووش کەشتییەکی پەنابەران لە باکووری ئەفریقاوە گەیشتە کەنارەکانی ئیتاڵیا. ئەو کەشتییە 590 پەناخوازی تێدا بووە و 30ی لەو پەنابەرانە گیانیان لەدەستدابوو. بەپێی زانیارییەکانی کاربەدەستانی ئیتاڵیا ئەو پەناخوازانە بەهۆی زۆری ژمارەی پەنابەران لەنێو کەشتییەکەدا هەناسەیان براوە و گیانیان لەدەستداوە. بەپێی ئامارەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە 60 هەزار پەنابەر گەیشتوونە کەناراوەکانی ئیتاڵیا، کە 9 هەزاریان منداڵن.

### 70 هەزار کورد لە ئوردن دەژین

# "باشترین شوێن بۆ کوردبوون ئوردنە"

**سارا ئیلازابێس ویلیامس**
**ڕووداو - ئوردن**

"بە ئەلکـوردی بانگیان دەکـردم" بازرگانی زەوی و زار عەبدولوەدود ئەلکوردی، لە پشـتی مێزەکەیەوە لە عەممانی پایتەختی ئوردنەوە وا دەڵێت. ئەو بەدەم داگیرسـاندنی جگەرەیەک، باسـی ئەو ڕۆژانەی دەکرد، کە قوتابی بووە لە بەریتانیا.

"من جیدی بووم لە زانکۆ، تەرکیزم لەسـەر خوێندن بوو. هاوکاری ئەو خوێندکارانەم دەکرد کە کێشەیان هەبوو". بەڵام خوێندکاری جیدیش هەندێکجـار پشـوو وەردەگرێـت. ئەلکـوردی مژێکی قـوڵ لە جگەرەکـەی دەدات و بیر لەو ڕۆژە خۆرەتاوییەی نێو مەلەوانگەیەکی بەریتانیا دەکاتـەوە کە کچێکی تێدا بینی و ناتوانێت تا ئێسـتاش لە بیری بـکات بەپێکەنینەوە گوتی "ئاە، چەند جوان بوو! کوشتمی".

عەبدوەلـودود ئەلکـوردی، هاوسـەرگیری لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد، ژنە شـاعیری باشووری کوردستان کردووە.

ئێستا ئەلکوردی ڕەنگە بەهەزاران کیلۆمەتر لەو زانکۆیەوە (پرێسـتن پۆلیتێـک)ەوە دوور بێـت، کـە خوێندنی بکالۆریۆسـی لە سـاڵی 1984 لـێ تەواوکـرد، بـەڵام مێشـکی لـەلای پرۆژەکانی داهاتووە. ئەو بەبەردەوامی چاودێری ڕووداوەکانـی ناوچەکـە دەکات و لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان دەکات تـا تێبـگات ئـەو ڕووداوانە چۆن کاردەکەنە سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکەی خۆی و براکەی.

لەکاتـی تەنگانـەدا، گروپـی کۆمپانیاکانی کـوردی یەکێکـە لـە پاڵنـەرە بەهێـزەکان و سەقامگیرکەری ئابووری ئوردن. عەبدولودود و عوبەیدەی برای لە ناوەڕاسـتی نەوەتەکاندا بە ڕەنجێکی زۆر و دەستمایەیەکی کەم، تەنیا 50 هەزار دۆلار کۆمپانیاکەیان دامەزراند.

بـەڵام خێزانـی ئەلکـوردی نزیکـەی 150 سـاڵە لـە ئوردنـن. لە سـاڵی 1860 سـەیدۆ ئەلکـوردی، باوکـی باپیـری عەبدولـودود و براکـەی، کۆمپانیایەکی بۆ بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و کشـتوکاڵ دامەزراند. ئەو زەوی و زاری کڕی، زەوی زۆری کـڕی، خاوەنـداری زەوییەکان بوو تـا عوسـمانییەکان هاتـن و چـوون و ئوردن دروستبوو.

سـەیدۆ ئەلکوردی بازرگانێکی وشیار بووە و لە ڕووی سیاسیشەوە چالاک بووە لە ئاستی شارەکەی خۆی و ئاسـتی نەتەوەیی بەشداری کایە سیاسییەکان بووە "تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورت دووەم وتەبێـژی حکومەتی ئوردن بووە لەسەردەمی دەسەڵاتی شا عەبدوڵڵای یەکەمدا". نەوەکەی بە شانازییەوە وا دەڵێت.

ئەو ناوبانگەی کە سەیدۆ چەندین ساڵ پێش ئێسـتا بۆ خێزانی ئەلکوردی دروستی کردووە، بە وتەی نەوەکانی، ئێسـتا بووە بە زامنێک بۆ هەوڵەکانـی نەوەکانی. ئـەم ناوبانگە تەنیا بۆ کاروبـاری کۆمپانیاکەیان لە بـواری خانوبەرە گرنگ نییە، بەڵکو تەنانەت سوودی بۆ نەوەکانی دیکـەی خێزانی ئەلکوردی هەبـووە، بۆ نموونە داما ئەلکوردی پێشکەشکاری هەواڵەکانی سەر لەبەیانی تەلەڤزیۆنی ئوردن و ئەندامێکی کارای سەنتەری کلتوری کوردی-ئوردنیش دەڵێت کە سوودی لە ناوەکەی وەکو ئەلکوردی وەرگرتووە.

داما دەڵێت "کوردی ئێـرە زۆر کاریگەریان هەیـە. ئـەوان پەیوەندییەکی باشـیان لەگەڵ خێزانـی پاشـایەتی هەیـە. شـازادە کچەکان هاوسەرگیریان لەگەڵ کورددا کردووە".

### 70 هەزار کورد لە ئوردن دەژین

داما ژمارەی کوردی ئوردن بە 60- 70 هەزار مەزەندە دەکات، بەڵام هەموو ئەو کوردانە سەر بەخێزانی ئەلکـوردی نین. لە نێو ئەواندا ناوی بنەماڵەکانی وەک سەعدون، زازا، کورد، بایەزید و ماریـش هەن "ئێمە هەموومان کوردین، بەڵام هەمووومان خزمی یەکتر نین" داما وا دەڵێت.

داما هەروەها دەڵێت ئەوان وا هەست ناکەن کـە لە ئوردن بێگانە بن "ئێمە هەسـت ناکەین میوان بین، ئێمە کوردین و ئوردنین. باشـترین شـوێن بـۆ کوردبوون ئوردنـە. خاکێکی باش، کلتوورێکی دەوڵەمەنـد، ئوردن وەکو وێنەیەک وایـە، هەمـوو کەسـێک لێـرە شـوێنێکی لەو وێنەیەدا هەیە".

بەڵام تاراوگەنشینی ئاستەنگی خۆی هەیە، بـۆ نموونە زمـان. وەکو زۆر کـوردی دیکە، کە لـە تاراوگە لە دایکبـوون و ژیاون، داما کوردی باش نازانێت.

"کە یەکەمجار سـەردانی کوردسـتانم کرد، ویستم بگریم. نەمدەتوانی ببم بە بەشێک لەوێ. کە لێرەم لە ئوردن هەست بە کوردبوونی خۆم دەکەم، کە دەچمە ئەوێ لە کوردستان هەست بە ئوردنی بوونی خۆم دەکەم. زۆرم پێناخۆش بوو".

ئێسـتا داما و کوڕەکەی خەریکی فێربوونی زمانی کوردین.

گفتوگۆکـردن لەگـەڵ کوردەکانـی دیکەی ئوردن پیشـانی دەدا کە کۆمەڵگەی کوردی لە ئوردن یەکێکن لە خۆشحاڵترین کەمینەکانی ئەم وڵاتـە، هەم لـە ڕووی داراییەوە هـەم لە ڕووی کلتووری خۆشـگوزەرانن. کـورد لێرە دکتۆرن، پارێـزەرن، سیاسـەتمەدارن، ئابووریناس و پرۆفیشناڵی ڕاگەیاندنن. کۆمپانیا بەڕێوەدەبەن، زەوی و زاریان هەیە.

پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێت "خوێن لە ئـاو چڕترە". کوردی ئـوردن بەپێی ئەو پەندە مامەڵـە دەکەن و حەز دەکەن کورد دابمەزرێنن لەسـەر کار و پرۆژەکانیان. ئەگـەر دوو کەس یەکێکیـان کورد بێت، بۆ هەمـان کار داواکاری پێشکەش بکەن و لە ڕووی توانا و شارەزاییەوە یەکسـان بن، پێیانوایە دەبێـت کارەکە بدرێتە کوردەکە.

گروپی کـوردی کاری زۆر لەسـەر ڕاهێنانی سـتافەکانی دەکات، کات و سـەرمایەی زۆر لە سـتافەکانیدا خەرج دەکات، دواتریش مووچەی بـاش دەداتە کارمەندەکانی. ڕێچکەی بازرگانی کۆمپانیاکە وەک عەبدولوەدود باسی کرد بریتییە لـە بنیاتنـان لەسـەر ئەزموون، باشـترکردن، گوێگرتن، تەماشاکردن و دووبارە تاقیکردنەوە.

"لـە هەمـوو ڕۆژێکـی ژیانمانـدا ئـەوە دەکەیـن" عەبدولـودود وا دەڵێـت، بـەڵام لەهەمانکاتیشـدا کۆمەڵە بەهایەکـی توند وای لە گروپـی کۆمپانیاکانـی ئەلکـوردی کردووە ئـەو کاریگەرییەی لە کەرتـی تایبەتدا هەیانە، نەگوێزرێتەوە بۆ کەرتی حکومی. عەبدولودود لە سیاسـەتی ئوردندا ڕۆڵ ناگێڕێ "ئێمەیە بۆ لای هیچ کەسێک ناچین" بەڵام ئەگەر وەزیرێک یان هەر کاربەدەسـتێکی دیکە بچێتە لایان و داوای بۆچوونیان لێبکات بۆچوونی خۆیانی پێدەڵێن.

### ڕوو لە هەولێر دەکات

بـەڵام وەکو زۆربـەی دامەزرێنـەر و خاوەن کۆمپانیـا سـەرکەوتووەکان، عەبدولودودیش، حـەزی بە لێکۆڵینـەوەی بـازاڕە، تاکو بزانێت شتەکان چۆن کاردەکەن، پرسیار دەکات و وەڵام و زانیارییـەکان کە وەریدەگرێت بەکاردێنێت بۆ ئەوەی کە بزانێت لە کوێ شۆپین مۆڵ و یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات.

پرۆژەکانی عەبدولـودود دیمەنی باڵەخانە هەوربڕەکانـی عەمـان و حەلەبیـان گۆڕیوە. ئەگـەر گفتوگۆکانـی سـەربگرن بەمزووانـە هەولێریـش دێتـە ڕیـزی شـوێنی کارەکانی کۆمپانیاکانی ئەلکوردی.



# کوردی دانیمارک خەریکی شەڕەبۆکسن

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو - کۆپنهاگن**

ژمارەیەک پەنابەری کـوردی بەهرەمەنـد، کـە نوێنەرایەتـی دانیمـارک دەکـەن لـە پێشـبڕکێ نەتەوەیـی و نێونەتەوەییەکانـی یـاری هونـەری جەنگـی، ناوبانگی ئەو وڵاتـەی لـەو یارییـەدا دەرخستووە.

لەو ژمـارە پاڵەوانە دانیمارکیانـەی یـاری بۆکسین و کیک بۆکس و بۆکسـینی تایلەنـدی دەکـەن، ژمارەیەکـی زۆریـان کـوردی پەنابەری ئەو وڵاتەن.

بۆ ژیار عەلی، 16 ساڵ، کە لە دانیمارک لە دایکبووە، هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە لە پاڵەوانێتییەکی بۆکسیندا سەرکەوتوو بێت. ئـەو بـە (ڕووداو)ی گـوت "هیـچ هەستێک لەوە خۆشتر نییە کە براوەبیت. ئەوە شتێک نییە بە پارە بەدەستی بهێنی، جگە لەڕاهێنانی قورس و بەردەوام".

ئەو هەرزەکارە بووە پاڵەوانی دانیمارکی لە پێشبڕکێی 2012ی ناوچەی سکەندەناڤیا و پاڵەوانێتی سـاڵی ڕابردووی دانیمارک بۆ جاری دووەم. مانگی ڕابـردوو نوێنەرایەتی دانیمارکـی کرد بۆ پاڵەوانێتـی جیهانی لە مالیزیـا کـە تێیدا لـە یەکەمیـن یاریدا لە نیوزیلانـدی بـردەوە، بەڵام یـاری دووەمی دۆڕاند.

ژیار عەلی وەبیری دێتەوە تەماشاکردنی فیلمەکانـی بروسـلی و ڤانـدام لەتەمەنـی منداڵیـدا هاندەر بوون بۆی بۆ ئەوەی برەو بـەم یارییە بـدات. لە تەمەنی 10 سـاڵیدا دەسـتی بـە یاری کیـک بۆکسـین کردووە و پـاش دوو سـاڵ گۆڕیویەتـی بـۆ یـاری بۆکسینی تایلەندی.

عـادل جوانمیـری 19 سـاڵ، خەڵکـی کرماشـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە، بووە پاڵەوانـی دانیمارکـی بـۆ یاری بۆکسـینی تایلەنـدی ئەمسـاڵ. لەپاش ئـەم هاوینە، نوێنەرایەتـی دانیمـارک لـە پاڵەوانێتـی ئەورووپا لە پۆڵەندا دەکات.

عـادل کە لەپاش پشـووی ئـەم هاوینە دەچێتە قوتابخانەی ئامادەیی لە کۆپنهاگن گوتـی "لـە کامپـی ئـاوارەکان لـە عێراق تەماشای فیلمی زۆرم لەسەر یاری هونەری جەنگی دەکرد ئەوە زۆر هانیدام".

"دەبێـت بەردەوام لـەش و لارت بەهێزو ڕێک بێ". ئەو مەبەسـتی لە سەختی یاری بۆکسـینی تایلەندیە "هەموو هەفتەیەک 50 کیلۆمەتر ڕا دەکەم"

هێڤـا شـەریفی، 21 سـاڵ، لـە تەمەنی 12 سـاڵیدا دەسـتی بـە یـاری بۆکسـین کـردووە، سـەرەڕایی نارەزایـی دایکـی لە مەترسـییەکانی ئـەو یارییە. هێڤـا چەندین پاڵەوانێتـی دانیمارکی بردووەتەوەو سـاڵی ڕابـردوو وەک باشـترین "شـەڕکەری ئـەو یارییە" هەڵبژێردرا.

هێڤـا پێیوایە یاری بۆکسـین ڕێگەیەکی باشـە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە لە گوشـارەکان "زۆرم بەلاوە خۆشە کاتێک دەچمە شوێنی ڕاهێنـان و گوشـارەکانی ناخم بـە لێدانی بۆکـس لـە کیسـەکان بەتـاڵ دەکەمەوە، لەبری بەتاڵکردنەوەی لە دەرەوە".

هێڤـا کە لـە بواری بیناسـازیدا کاردەکات خەڵکـی هەڵەبجەیـە، باسـی مەترسـییەکانی ئـەو یارییـە دەکات و دەڵێـت "لانیکـەم سـاڵی جارێـک لوتـم دەشـکێ و هەروەهـا چەنـد جارێک بەرچاوم ڕەش دەبێتەوە". بەڵام گوتیشـی "باشـترە بـۆ گەنجـان بچنـە شـوێنی ڕاهێنانەکان و یـاری بۆکسـین بکەن، لەبـری سـورانەوە لـە شەقامەکاندا".

بەرزانی عوسـمانی تەمـەن 18 سـاڵ، کە ئەم مانگـە پاڵەوانێتی دانیمارکـی بـۆ یـاری بۆکسـین بـردەوە زۆر حـەزی بەو وەرزشـەیە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا مەترسـییەکانی ئـەو یاریە باش دەزانێ "دەکرێ تووشی برینداری سەر بیت بەتایبەت کاتێک بە تەمەندا دەچیت". ئەمە قسـەی بەرزانە کـە لە تەمەنی 3 سـاڵیدا لە شـاری عەفرینـەوە لەگـەڵ خێزانەکەی چووەتە دانیمارک.

دلاوەر مـزوری، کە پێنج جار پاڵەوانێتی کیک بۆکسـینی ناوچەی ئەسـکەندەناڤیای بردووەتـەوە بەتایبـەت دوابردنـەوەی بـە قاچێکی شکاوەوە بوو، بیری دێت هەمیشە لـە قوتابخانـە کێشـەی دروسـتکردووە و شەڕی لەگەڵ هاوڕێکانیدا کردووە.

میزۆری تەمەن 24 ساڵ کە لە موسڵ لە دایکبووە و باوکی مامۆسـتای کاراتی بووە، گوتی "بەڵام ئێستا هێمنم و شانازی دەکەم کە بوومەتە ئەو کەسەی ئەمڕۆ".

میزۆری بۆماوەی سـێ سـاڵ یاری کیک بۆکسـینی کردووە و چەنـد پاڵەوانێتیەکی بۆ تیمـی دانیمارک بردووەتـەوە. بەهیوایە ڕۆژێک ببێتە پاڵەوانی جیهانی.

ئەو گەنجە پێیوایە هۆکاری سەرکەوتنی کـورد لە یاری هونەری جەنگیدا ئەوەیە کە شەڕ بەشێک بووە لە ڕابردووی کورد.

### دڵیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لێدەدات

# قیرغیزی دەبنە پێشمەرگە

**ساڵح کەڤریری**
**ڕووداو - بیشکەک**

کـوردی ئاسـیای ناوەڕاسـت، ڕووسـیا و وڵاتانـی سۆسیالیسـتی پێشـوو لـە هەموو بۆنـە و کۆبوونەوەکانیانـدا پشـتیوانی خۆیان بـۆ کوردسـتان ڕادەگەیەنن. کوردی قیرغیزسـتانیش لە نامەیەکدا کە ئاراسـتەی مەسـعود بارزانـی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانیان کردووە دەڵێـن ئامادەن ببنە پێشمەرگە.

دوای ئەوەی مەسـعود بارزانی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان داوای لـە پەرلەمانـی کوردسـتان کـرد ڕۆژێـک بـۆ ئەنجامدانـی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیاری بکات، کوردی کازاخسـتان، قیرغیزسـتان و ئۆزبەکسـتان بەشـێوەیەکی زیاتر لە جاران پشتیوانی خۆیان بۆ کوردستان دەربڕی.

پرۆفیسـۆر کنیـازێ ئیبراهیم، سـەرۆکی کۆمەڵـەی کوردی کازاخسـتان دەڵێت ئەوان پشـتیوانی هەمـوو کار، چالاکـی و هەوڵێک دەکەن بۆ سـەربەخۆیی کوردستان. کنیازێ ئیبراهیـم کـە کەسـایەتییەکی ئەکادیمیـی بەناوبانگـی کـوردە، هەروەها گوتـی ئەوان وەکو کوردی کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست ئومێـدەوارن کـە ئـەم بانگـەوازەی بارزانی هەمـوو خـەون و ئاواتێکی هەزاران سـاڵەی گەلی کورد بکاتە ڕاستی.

کنیازێ ئیبراهیم، لەبارەی کوردستانیبوونی کەرکووکیش گوتی "کەرکووک دڵی کوردستانە و، هەر قسەیەکیش لە دەرەوەی ئەمە بکرێت، هەرگیـز ئەم ڕاسـتیە ناشـارێتەوە. ڕاسـتە ئێمـە لێرەین، بەڵام دڵمان بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان لێـدەدات". لەلایەکـی دیکـەوە کوردی قیرغیزستانیش نامەیەکی پشتیوانیان بـۆ بارزانی ناردووە. شـێخ ڕەمەزانی سـەید (ڕەمەزان سەیدۆڤ) سەرۆکی جڤاکی کوردی قیرغیزستان، نامەیەکی بۆ مەسعوود بارزانی، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانی نـاردووە و پشتیوانی کوردی ئەو وڵاتەی دەربڕیوە.

لەبەشـێکی نامەکـەدا هاتـووە "بەنـاوی هـەزاران کـوردی قیرغیزسـتان، ئامادەیـی خۆمـان پیشـاندەدەین بێینـە ڕیـزی پێشـمەرگەکانتان بۆ بەرگریکـردن لە خاکی کوردستان، ئامادەین لە وڵاتی بابوباپیرانمان شانبەشـانی پێشـمەرگەکانتان لـە دژی تیرۆرستان شەڕ بکەین".

لـە درێـژەی نامەکەدا هاتـووە "ئێمە لەو باوەڕەدایـن کـە پێشـمەرگەکانمان ڕێگە بە تیرۆرسـتان و داگیرکەران نادەن یەک بست بێنـە پێشـەوە بەرەو خاکی پیـرۆزی کورد. ئێمـەی کوردی قیرغیزسـتان لەژێر فەرمانی ئێوەداین و هەرکاتێک جەنابتان بەپێویستان زانی، ئێمە هەموومان ئامادەین پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکەین".

وریـا قەرەداخـی، نوێنـەری نەتـەوە یەکگرتووەکان لە قیرغیزسـتان کە کوردێکی خەڵکی باشووری کوردستانە، لەبارەی بابەتی سـەربەخۆیی کوردستان دەڵێ "سەربەخۆیی کوردسـتان نزیک دەبێتەوە. پێویسـتە کورد بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە داوای سەربەخۆیی بکـەن. ئەوە قوناخێکی زۆر گرنگە بۆ کورد. ئەگەر کورد سـوود لەو ڕەوشـە وەرنەگرێت، دەرفەتێکی گەورە لەدەستدەدات".

وریـا قەرەداخی، ماوەیەک لە باشـووری ئەفریقیـا نوێنـەری یوئێـن بـووە و جارێک چووەتـە لای نیلسـۆن ماندێـلا، سـەرۆکی کۆچکـردووی ئەو وڵاتـە. ماندێلا پێیگوتووە "ڕۆژێک دێت نەوەکانی ئێوە دەوڵەتی کوردی دەبینن".

قەرەداخـی دەڵێـت مەسـەلەی دەوڵەتی کـوردی ئێسـتا بووەتـە باسـێکی گـەرم "مەسـەلەی سەربەخۆیی جۆش و خرۆشێکی زۆری خستووەتە دڵی کوردی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست".






MassCity
Jewel of The Cities
رمضان كريم
البيت عليك و السيارة علينا
به بۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز
بەڕێوەبەرایەتی ماس ستی جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکات وە بۆیەکەم جار لە عیراق ئۆتۆمبیلێکی جۆری BMW مۆدێل 2014 تان پێشکەش دەکات لەگەل کرینی هەر ڤیلایەك تەنها لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا.
بمناسبه قدوم شهر رمضان الكريم
تقدم اداره ماس ستي اجمل التمنيات ولاول مره في العراق تهدي لكم سيارة نوع BMW موديل 2014 مع شراء كل فيلا ،حصريا في شهر رمضان المبارك
BMW 5 Series
/masscityiraq
0750 600 2222
www.masscityiraq.com


THE FUTURE IN ACTION
Falcon Security
Falcon Construction
Falcon Agriculture
Falcon Oil & Gas
Falcon Batch Plant
Falcon Full Service
Falcon Real Estate
Falcon Logistic
FALCON GROUP
www.falconiraq.com
As a multi-service conglomerate, Falcon's mandate is to successfully manage a critical mass of dynamic business ventures. Whether in security, construction, the oil sector, or agriculture Falcon is committed to world-class product and service delivery here in Iraq.
Empire World
Empire Business Complex C3
Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 258 6008
+964 (0) 66 258 6009
info@falconiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
بەکەمترین جیاوازی لە نرخی نەقدی تەنها بە پێشەکی 30% بۆ ماوەی 3 ساڵ بێ بانك
پشکنین و گرێنتی ئۆتۆمبێلەکەت بە درێژایی 2ساڵ یان 10000کم لە ئەستۆی ئێمەیە
بەکڕینی هەر ئۆتۆمبێلێك
$1000
دیاری
دهۆك
07501976202
07503869652
سلێمانی
07706847483
07711574639
هەولێر
07503442601
07503442602
07503442603

ڕووداو
ژنان
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14

## بەرمیلە نەوت ژنێکی سووتاند



**ڕووداو-هەولێر**

لە ناحیەی بەحرکەی هەولێر ژنێک بە ناوی (ف.ع) تەمەن 50 ساڵ، لە نێو ماڵی خۆیان سووتا و گیانی لەدەستدا. پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە، شەوی 2014/7/8 ماڵێک گڕی گرت "دوای هەوڵێکی زۆر ئاگرەکە کۆنترۆڵکرا، بەڵام ئەو ژنە 100% سووتا. جگە لەو ژنە سێ ئۆتۆمبێلی ماڵەکەش ئاگریان گرت". هۆکاری ئەو ئاگرەش وەک پۆلیس بڵاوی کردووەتەوە "ئەو ماڵە سێ بەرمیل نەوتیان وەرگرتووە، ئەو ماڵەش ئاگریان کردووەتەوە و بەرمیلەکان گڕیان گرتووە".

# بکوژی دایک و کچێک بە دڵۆپەخوێن دۆزرایەوە

## پۆلیسی هەولێر:
### بکوژە هەرزەکارەکە ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکە، بەڵام نەیهێشتووە




**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ژێر دەرگاکە چەند دڵۆپە خوێنێک ڕژابوون، ڕێچکەی ئەو دڵۆپانە بەرەو ماڵی بکوژ ڕۆیشتبوون، ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشبوو، کە پۆلیس بتوانێت لە ماوەی زۆر کەمدا بکوژی ژنێک و کچەکەی دەستگیربکات.

خوێنەکە لە شوێنی تاوانەکەوە ڕێچکەی بەستبوو تاوەکو سەر مەغسەلی یەکێک لە دراوسێکانی تاوانلێکراو. بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی "هەرزەکارێکی ماڵی دراوسێیان ئەو دایک و کچەی کوشت، ویستبووی دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر ژنەکە، بەڵام ئەو ژنە بەرگری لە خۆی کردبوو".

سەر لە بەیانی 2014/7/12 لە گەڕەکی هاوکاری هەولێر، دایک و کچێک لە ماڵی خۆیان بە چەقۆ کوژران، سەرەتا پۆلیسی هەولێر پێنج تۆمەتباری دەستگیر کرد، دواتر یەکێک لە تۆمەتبارەکان کە ناوی (ڕێژوان. ج. ع)ە، دانی بە تاوانەکە نا، تۆمەتبارەکە تەمەنی 15 ساڵە و ئەمساڵ دەبێتە پۆلی 10ی ئامادەیی. بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە. ئێستا لە زیندانی نەوجەوانانی هەولێرە، چوار گومانلێکراوەکەی دیکەش هەر زوو ئازاد کران.

ژنە کوژراوەکە کە ناوی چنار کانەبییە، تەمەنی 23 ساڵە، دایکی دوو منداڵە، کچە کوژراوەکەی ناوی (مەنار) بوو، تەمەنی 3 ساڵ و دوو مانگە. کوڕەکەشی تەمەنی 2 مانگە و ناوی (مانی)یە، کە ڕەنگە دوا دیاری چنار بێت بۆ (ڕێبوار کاوانی) هاوسەری، تاوەکو لە یادی نەکات.

ڕێبوار کاوانی سێ ساڵە بووەتە دراوسێی ماڵی تۆمەتبارەکە، باری ئابوورییان مامناوەندە، ڕێبوار لە مەیدان ئاژەڵان کاتبە و تاکسیش دەگێڕێت.

عەبدولقادر ئەحمەد، کوڕە پوری ڕێبوارە و ئەویش دراوسێیانە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر 6ی بەیانی ڕێبوار لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، منداڵە بچووکەکەی نەخۆش دەبێت، ئەویش دەڵێت زوو دەگەڕێمەوە منداڵەکە دەبەمە نەخۆشخانە، کە دەچێتە کار تەلەفۆن بۆ ژنەکەی دەکات وەڵام ناداتەوە، بەردەوام تەلەفۆن دەکات ئەویش وەڵام ناداتەوە، بۆیە دەترسێت دەڵێت نەک منداڵەکەم شتێکی بەسەرهاتبێت، دەگەڕێتەوە، کە دێتەوە ئەو کارەساتە دەبینێت، تەرمی ژنەکەی و کچەکەی لە نێو جێگە دەبینێت، منداڵەکەی دیکەش لەو ناوە کەوتووە".

وەک عەبدولقادر دەڵێت "لە ژێر دەرگای ماڵی ڕێبوارەوە، دڵۆپە خوێن ڕژابوو، لە بندیوار خوێنەکە ڕۆیشتبوو تا گەیشتبووە ماڵی دراوسێیان، تەنانەت تا مەغسەلەی ماڵەکە ڕۆیشتبوو، بۆیە یەکسەر گومانیان لەوان کرد، ئەوەی سەیر بوو، ڕێژوان پەنجەیەکی بە خوێن هاتبوو، پۆلیس یەکسەر دەستگیری کرد".

چنار لە کاتی ڕووداوەکە بەڕۆژوو بووە، بەپێی زانیارییەکانی دادپزیشکی هەولێر، دایک و کچەکە بە چەقۆ کوژراون "ژمارەیەکی یەکجار زۆر چەقۆ بە ژنەکە کەوتووە، بە تایبەتی لە سینگی دراوە، منداڵەکەیش مل بە چەقۆ بڕاوە، دەماری دەستی دایک و کچەکەیشی بڕیوە، تا تووشی خوێنبەربوون بێن".

### ژنەکە بەرگری لە خۆی کردبوو

لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو دوو ماڵە دراوسێی یەکدین، زۆر تێکەڵن، هەرزەکارەکە سەرەتا دایکەکەی کوشتووە و پاشان منداڵەکە هەستاوە و بکوژەکەی ناسیوە، بۆیە تاوانبار منداڵەکەشی کوشتووە بۆ شاردنەوەی تاوانەکەی. پۆلیسی هەولێر توانی لە ماوەیەکی کەم بکوژ بە بەڵگەوە دەستگیربکات".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر هەروەها دەڵێت "ئەو هەرزەکارە گوتویەتی ویستوویەتی دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر ئەو ژنە، بەڵام ژنەکە لە خەو هەستاوە و بەرگری لە خۆی کردووە، تاوانباریش بە چەقۆ هێرشی کردووەتە سەر، تەنانەت چەقۆیەکی لە دەستی خۆی داوە، بەهۆی بەرگری ژنەکە لە خۆی".

### ویستوویەتی زێڕەکانی ببات

باوکی مێردی ژنە کوژراوەکە، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هەرزەکارە ویستوویەتی زێڕی ژنەکە ببات و ملوانەکەکەی بردووە، بەڵام لەبەرئەوەی تەلەفۆن بۆ ژنەکە هاتووە و ئەویش ترساوە و هەڵاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکە نین، نازانین چۆن بووە".

بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕەتیکردەوە، کێشەکە پەیوەندی بە زێڕو پارەوە هەبێت و گوتی "هیچ زێڕو پارەیەک نەدزراوە". عەبدولقادر، باسی ئەو دوو ماڵە دەکات و دەڵێت "هەرچەندە خزمی یەک نەبوون، بەڵام نێوانیان زۆر خۆشبوو، بەردەوام سەردانی یەکدیان دەکرد، کچە 3 ساڵییەکە زۆرکات لە ماڵی دراوسێکەیان بوو، ماڵی ڕێبوار کێشەیان لەگەڵ هیچ کەس نەبوو، هاوسەری ڕێبوار زۆر جوان و بەرچاو بوو، بۆیە ڕەنگە چاویان تێبڕیبێت".

# لەسەر درەنگڕۆیشتنەوە کوشتیان



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

ژنەکانی دوو برا پێکەوە دەچنە بازاڕ، بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە شت کڕین درەنگ دەگەڕێتەوە، ئەو درەنگ گەڕانەوەیە بۆ ماڵ سەرەتا و کۆتایی هۆکاری کێشەکان بوو، کە بە لێدان و تۆران و هەڕەشەی تەڵاقدان دەستی پێکرد و بە کوشتنی یەکێک لە ژنەکان کۆتایی هات.

دراوسێیەکیان دەڵێت "ژنە کوژراوەکە زۆر بەڕێز بوو، هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا شتی کڕیبوو درەنگ گەڕابووەوە ماڵ".

ڕۆژی 2014/7/7 ژنێکی دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک بە ناوی نەهلە فەیزوڵڵا، تەمەن 35 ساڵ، لەلایەن مێردی براکەی کوژرا. بکوژ کە ناوی ئ.ق)ە، دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ڕەحیماوە، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی زانیاریمان پێگەیشت، ژنێک بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کوژراوە، هێزەکانی پۆلیسمان ڕەوانەی شوێنی تاوانەکە کرد، دەرکەوت ئەو ژنە گوللەیەک بە سەری کەوتووە و گیانی لە دەستداوە، لە لایەن برای مێردەکەیەوە کوژراوە، دوای ئەوەی براژنەکەی کوشت، سەرەتا بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە، فەرمانی گرتنی ئەو پیاوە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەرچووە، پاشان خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد".

یەکێک لە دراوسێکانیان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "15 ڕۆژ بەر لە کوشتنی ژنەکە، نەهلە و ژنی (ئ) پێکەوە چووبوونە بازاڕ، بەهۆی سەرقاڵبوون بە کڕینی شتەوە درەنگ هاتبوونەوە، (ئ) کردبوویە شەڕ لەگەڵ ژنەکەی خۆی، گوتبووی بۆچی درەنگ هاتیەوە؟ ئەویش دەڵێت بە سایەی نەهلەوە بوو، ئەو شتی کڕیوەو درەنگ بووە، لەسەر ئەو شەڕە ژنەکە دەتۆرێت، دەچێتەوە ماڵی باوکی، کەسوکاری ژنەکە دەڵێن لەبەرئەوەی لێت داوە، دەبێت تەڵاقی بدەیت".

ئەو دراوسێیەیان دەڵێت "(ئ) هەموو ئەو کێشانەی بەسەری دێت، لە نەهلەی دەزانێت، کە بۆ درەنگ گەڕاوەتەوە ماڵ، بۆیە (ئ) دەمانچەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە ماڵی براکەی، بە براژنەکەی گوتووە ئەوە هەمووی خەتای تۆیە، بۆیە گوللەیەکی لە سەری داوە و کوشتوویەتی، ئێستا براکەی سکاڵای لە دژی تۆمار کردووە، بەراستی (ئ) زوڵمێکی گەورەی کرد، نەهلە ژنێکی زۆر فەقیر و بەڕێز بوو".

بەپێی ئاماری پۆلیسی کەرکووک، لە ماوەی 4 مانگی سەرەتای 2014 لە کەرکووک، هیچ ژنێک نەکوژرابوو، بەڵام لەو ماوەیەدا ژنان 54 سکاڵایان لە دژی پیاوان تۆمار کردبوو، کە 33 سکاڵایان لەسەر ئەوە بووە کە پیاوەکان لێیانداون، هەروەها 8 پیاویش هەڕەشەی کوشتنیان لە ژنەکانیان کردووە. 5 سکاڵایش لەسەر خیانەتی هاوسەرگیری تۆمار کراوە. 6 سکاڵا بەو هۆیەوە بووە، کە پیاوەکان منداڵەکانیان لە ژنەکانیان سەندووەتەوە.

### پێشمەرگە تەرمی ژنێک دەدۆزنەوە

هەفتەیەک پێش کوشتنی نەهلە، لە نزیک گوندی سەلام، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی خورماتوو، تەرمی ژنێک دۆزرایەوە، ئەو ژنە بەو هۆیەی کەس خۆی نەکردە خاوەنی، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی کەرکووک کرا، بۆ ماوەیەک لەوێ دەهێڵدرێتەوە.

تەرمی ژنەکە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دۆزرایەوە، دەرکەوتووە ئەو ژنە تەمەنی 25 ساڵ بووە و زیاتر لە 4 ڕۆژ بوو تەرمەکەی ماوەتەوە، تەرمەکە لە کاتی دۆزینەوەیدا شێوابوو، هەندێک لە جەستە و دەموچاوی لە لایەن سەگ و ئاژەڵی کێوەی خورابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دیار بووە بە گوللە کوژراوە، گوللەیەک لە سەری دراوە.

## لە ڕانیە 350 واژووی بۆ کۆکراوەتەوە
# کەمپینێک بۆ لەشفرۆشی



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو — ڕانیە**

دانیشتووانی چەند گەڕەکێکی ڕانیە واژۆیان کۆکردووەتەوە بۆ دەرکردنی چەند ماڵێک، کە بە قسەی ئەوان گوایە لەشفرۆشیان تێدا دەکرێت. بەڵام پۆلیس دەڵێت دەرکردنی ئەو ماڵانە چارەسەری کێشەکە ناکات.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "هاووڵاتیانی چەند گەڕەکێک لە ڕانیە و دەوروبەری، دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ دەرکردنی چەند ماڵێک، کە جێگەی ڕەزامەندی هاووڵاتیان نەبوون، بەبیانووی ئەنجامدانی لەشفرۆشی لەنێو ئەو ماڵانەدا".

مستەفا محەممەد، ژمارەی ئەو ماڵانەی ئاشکرا نەکردووە، چونکە بە قسەی خۆی تاوەکو ئێستا دەستیان بە لێکۆڵینەوە نەکردووە، تاوەکو ژمارەی ماڵەکان بزانن و گوتی "چاوەڕێی بڕیاری دادوەر دەکەین تاوەکو دەست بکەین بە لێکۆڵینەوە لەو ماڵانەی، کە گومان دەکرێت لەشفرۆشیان تێدا بکرێت".

بەڵام بەبڕوای ناوبراو دەرکردنی ئەو ماڵانە چارەسەری گرفتەکە ناکات و گوتی "ئەوانە ئەگەر لێرەش دەربکرێت، لە شوێنێکی دیکە جێگەی خۆیان دەکەنەوە، جگە لەوەش ئەوانە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو کارە نابن، بۆیە پێویستە حکومەت هۆکار و ڕێگەچارە بۆ ئەو ماڵانە بدۆزێتەوە، کە ئەم کارە دەکەن".

مەلا سەید مەحموود، ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی شارەدێی بۆسکێنی سەر بە قەزای ڕانیە گوتی لەلایەن "خەڵکی لە خواترس" و ئیختیار و موختاری ناوچەکەیان ئاگادار کراونەتەوە لە بوونی چەند ماڵێک لە سنوورەکەیان، کە گوایە لەشفرۆشی تێدا دەکرێت. مەلا سەید مەحموود گوتی "هەندێک لە هاووڵاتیان گوتیان دەچین ئاگر لە خانووەکانیان بەردەدەن، بەڵام ئێمە ئاگادار کردنەوەی پۆلیس و دادگامان بە باشزانی، بۆیە ڕوومان لە بنکەکانی پۆلیس کرد بۆ سکاڵا".

مەلا سەید مەحموود گوتیشی "نزیکەی 300 بۆ 350 واژۆمان کۆکردووەتەوە، بە لایەنی پەیوەندیدارمان گوتوە، کە ئەگەر ئەو ماڵانە دەرنەکرێن، ڕێگە دیکە دەگرینەبەر".

ئەو مەلایە باسی کاری لەشفرۆشی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام کرد و گوتی "لە ئیسلامدا هەرکەسێک زینا بکات ئاگادار دەکرێتەوە و ئامۆژگاری دەکرێ، کە ئامادەیی ئەوەیان نەبوو خۆیان باشبکەن دەردەکرێن، ئەگەر هەر بەردەوامبوون ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیریان کردووە دەبێت ڕەجم بکرێن، ئەوانەشی کە هاوسەرگیریان نەکردووە دەبێت 100 جەڵدەیان لێبدرێت".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (317) دووشەممە 2014/7/7

## 300 زیندانی خوێن دەبەخشن



**رووداو–هەولێر**

لە نامەیەکدا سزادراوانی چاکسازی گەورانی هەولێر داوا دەکەن خوێن ببەخشن، لەو نامەیەدا هاتووە "ئێمە لە زیندانی سزادراوانی چاکسازی گەوران هەولێر، کە ژمارەمان 300 زیندانییە ناوی خۆمان تۆمارکردوە بۆ خوێن بەخشین بۆ بریندارەکان لە سەنگەری بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان، ئامادەین وەفایی خۆمان بۆ کوردستان دووپات بکەینەوە، کە خوێنی خۆمان دەبەخشین لە پێناوی پێشمەرگە و کوردستان".

### بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی:

# زیندانەکان پڕبوون لە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی گەورانی سلێمانی، داوا دەکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیان دەربکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر سزادراو هەیە کە دەمێکە دەستگیرکراون و ژمارەیەکی دیکەشیان زیاتر لە 15 ساڵە لێرەن "زۆر لەوانە خێزانەکانیان هەڵوەشاوەتەوە منداڵەکانیان لە خانەکانی نەوجەوانان گەورە دەبن".

شێرکۆ عارف حەمە قادر، لەبەر ئەوە لایەنگری لێبووردنی گشتییە و حەز دەکات زیندانییەکان بچنەوە ناو خێزانەکانی خۆیان "بەڵام بە مەرجێک ئەو کەسانە بگرێتەوە کە حوکمی زۆریان بڕیوە".

بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر

لە تاکەوە بوونەتە بە گرووپ



(فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

### بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر بە گروپ دەگیرێن

بەشێک لەو دەموچاوانەی لەنێوگرتوخانەکە دەیانبینی و هیوادەخوازن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگە، بەهۆی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون. شێرکۆ عارف دەڵێ "لە دەرەوە بە گروپ دەگیرێن و ژمارەیەکی زۆر بازرگان و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرمان لایە".

لە گرتوخانەی چاکسازی گەوران، ئەو زیندانیانە وەردەگیرێن، تەمەنیان لە 23 ساڵ زیاتر بێت. بەرپرسانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دڵخۆشن بەوەی هەندێک چاکسازییان لە رەوشی گرتووخانەکاندا کردووە، بەڵام بەڕێوەبەری ئەو گرتوخانەیە هێشتا کەموکوڕی دەبینێ "دەبوو سەنتەری راهێنانەوە هەبووایە بۆ ئەوانەی بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن، بەڵام ئێمە دەیانێرینە لای پزیشکی پسپۆڕ".

مادە هۆشبەرەکان، خراپ زیندانییەکانیشی بەگیرهێناوە، بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی گەورانی سلێمانی، دەڵێ چەند کەس هەیە کە پێشتر بۆ سەردانی هاتوون بۆ لای زیندانییەکان "بەڵام ماددەی هۆشبەری پێبووە داومانە بە دادگا، ئەوە 15 ساڵە لە زیندانە، پشتر بە تاک دەگیران، بەڵام ئێستا زیاتر بە گروپە".

ئەمساڵ 110 زیندانی مۆڵەتیان وەرگرتووە

چاکسازی، وشەیەکە سەرکردەکان زیاتر بەکاریدێنن، بەڵام شێرکۆ عارف، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی، پێیوایە ئەو وشەیە هێشتا "مەفهومێکی تازەیە لەنێو کورد".

ناوبراو باسی خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازییەکە دەکات لە رووی تەندروستی، خواردن و حەوانەوە. شێرکۆ رەتیکردەوە هیچ زیندانییەک لەو رووەوە کێشەی هەبێت "لە شەش مانگی ئەمساڵدا زیاتر لە 500 زیندانی بۆ چارەسەر رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوەی چاکسازی کراون، مۆڵەتی سجنمان هەیە لە شەش مانگی ئەمساڵدا نزیکەی 110 کەس مۆڵەتیان وەرگرتووە، هەوڵدەدەین باشتریش بێت، تاوەکو ئێستا سکاڵای هیچ خێزانێکمان لەسەر نییە کێشەی هەبووبێ لەگەڵمان، بە دەیان کەس نەشتەرگەری گەورەیان بۆ کراوە".

بەپێی قسەی شێرکۆ عارف دوای جەژنی رەمەزان، زیندانیانی سلێمانی دەچنە باڵەخانەیەکی نوێ. ئەو باسی زیندانەکەی ئێستای کرد و گوتی "لێرە جێگای 400 زیندانیمان هەیە، بەڵام رۆژ هەیە زیاتر لە 1000 زیندانی لێرەن، کە پێویست دەکات پۆلین بکرێن و بەپێی ماوەی یاسایی و جۆری تاوانەکەیان".

### لە زیندان مادەی هۆشبەر هەیە؟

لە کوردستان یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکەی زیندان ئەوەیە کە هەموو جۆرە زیندانییەکان تێکەڵ بەیەک دەبن، بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی گەورانی سلێمانی، خۆی دان بەوەدا دەنێت و نموونە دێنێتەوە و دەڵێ "زیندانی هەیە بە تاوانێکی سوک گیراوە و لێرە فێری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووە".

بەڵام دڵخۆشە بەوەی لە کوردستان وەک وڵاتانی رۆژئاوا و ئەفریقیا "هیچ گروپێکی مافیایی نییە لە نێو گرتوخانەکاندا". کە هەر هۆڵێکی زیندانەکە 80 کەسی تێدایە.

ئەوانەی سزاکانیان 5 ساڵ و مانگێک زیاترە، بەپێی یاسا دەچنە نێو سزای قورسەوە، ئەوانەی لە 5 ساڵ و مانگێک کەمترە سزاکەیان سووکە. ئەوانەش کە حوکمەکەیان سێدارەیە ناویان لە بەشی سێدارە نووسراوە، ئەوانەش کە حوکمەکەیان لە 3 مانگ کەمترە لەبەشی بەڕێکردنن. ئەوانەش کە لە یەکەم رۆژ دێنە زیندان دەنێردێنە بەشی پێشوازی، بەڵام ئەمانە هەموویان لەبەر تەسکی جێگاکەیان لە 6 هۆڵ و حەوشەیەک جێگەیان بۆ کراوەتەوە. بەرپرسانی گرتوخانەکە دەڵێن ئەوان هەمیشە خەمی تێکەڵبوونی ئەوانەیانە کە بەهۆی مادەی هۆشبەرەوە گیراون.

شێرکۆ عارف دەڵێت "پێمان باشە لێبووردن بۆ ئەوانە بێ، کە سێ بەشی حوکمەکەیان بەرێکردبێ، زیندانی هەیە خۆی سوتاندووە و مردووە، زیندانی هەبووە ویستویەتی خۆی بخنکێنێ یان خۆی بکوژێ".

بەڵام وەک باسیکرد، لە رێگەی توێژەری کرمەڵایەتییەوە قسەیان بۆ کراوە ئەوانە "زیاتر ئەو کەسانە بوون کە سزاکەیان قورس بووە، بەپێی یاسا ئەو کەسانەی سزای لە سێدارەدانیان هەیە نابێ تێکەڵ بە زیندانییەکانی دیکە بکرێن و بێنە چاکسازی".

ناوبراو باسی دۆخی دەروونی ئەوانەی سزای لە سێدارەدانیان هەیە دەکات و دەڵێت ساڵانێکی زۆرە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکەیان دەکەن، نە لەسێدارە دەدرێن و نە سزاکەشیان سوک دەکرێ"، بەڵام لەو 1020 کەسەی لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکراون، ژمارەیەکی کەمیان لە سێدارەدان سزایانە. ناوبراو پێیوایە ئەو دەستگیرکراوانە، زۆرترینیان بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوەیە و دزیش بە پلەی دووەم دێ لە تاوانەکاندا.



**رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر** *

## برادەری خراپ

زۆر کەس توندوتیژی خێزانی لەوەدا کورت دەکەنەوە، کە پیاوێک دەست لە ژنەکەی بەرز بکاتەوە، یان برایەک لە خوشکەکەی بدات. یان باوکێک هەڕەشەی کوشتن لە کچەکەی بکات. بەڵام زۆر هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزان، کە دایک و باوک نارەحەت بکەن دەچنە خانەی توندوتیژی.

لە ماوەی رابردوودا ژنێک و مێردێک هاتنە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و لەلای دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی سکاڵایان لەسەر کوڕەکەیان تۆمار کرد. دایکەکە گوتی کوڕەکەیان پارە بە قەرز وەردەگرێت و دواتر هەڕەشەی کوشتنمان لێدەکات، ئەگەر قەرزەکانی بۆ نەدەینەوە.

وەک ژنەکە باسیکرد خاوەن قەرزەکان زوو زوو دێنە سەریان و داوای قەرزەکانیان دەکەنەوە، ئەوانیش بۆ ئەوەی لە کۆڵان و گەڕەک و لەنێو خزمانیان ئابڕوویان نەچێت، ناچارن هەموو جارێک قەرزەکەی بۆ بدەنەوە.

دایک و باوکەکە بەردەوام ئامۆژگاری کوڕەکەیان کردووە، بەڵام سوودی نەبووە، بۆیە دواجار ناچار دەبن پەنا بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بکەن. ئەو ژن و پیاوە دەڵێن چەند جارێک بە خاوەن قەرزەکانیان گوتووە سکاڵا لەسەر کوڕەکەیان، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون سکاڵا تۆمار بکەن، چونکە دەیانزانی باری ئابووریمان باشە و قەرزەکەی بۆ دەدەینەوە. جگە لەوەش دەیانزانی ئەگەر سکاڵا تۆمار بکەن، دادوەر بڕیار دەدات کە کوڕەکەمان بە قیست قەرزەکەیان بداتەوە.

کاتێکیش نۆرەی پیاوەکە هات قسەی لێوەربگیرێت، ئەویش زۆربەی قسەکانی ژنەکەی دووبارە کردووە و گوتی کوڕەکەم لەلای خۆم ئیش دەکات، رۆژانەیەکی باشی دەدەمێ، بەڵام نازانم چی لەو پارە دەکات، پارەی دیکەش قەرز دەکات. کوڕەکەم خێزاندارە و ژنەکەی لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی لێی تۆراوە.

دۆسیەی ئەو ژن و پیاوە رەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بڕیاری دا بەبانگکردنی تۆمەتبارەکە، کە کوڕەکەیانە بەپێی ماددە 7 لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، کاتێک تۆمەتبار لەبەردەم دادوەر ئامادەبوو دانی بەوەدانا کە پارەی بە قەرز وەرگرتووە و هەڕەشەی لە دایک و باوکی کردووە تاوەکو قەرزەکانی بۆ بدەنەوە، بەڵام نەیگوت چی لەو پارەیە کردووە، بۆیە دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی تۆمەتبار و رەوانەکردنی لایەنەکان بۆ لیژنەی ئاشتەوایی.

دوای ئەوەی کوڕەکە بۆ ماوەیەک لەزیندان هێڵدرایەوە جارێکی دیکە لەگەڵ دایک و باوکی چوونەوە بەردەم لیژنەی ئاشتەوایی، بەس بزانن چی لەو پارانە کردووە، کوڕەکە ئەمجارەیان دانی بەوەدانا کە پارەکەی لە برادەرەکانی خەرجکردووە. دایکی پێیگوت: "ئەو مانگەی لە زیندان بوویت، ئەو برادەرانەت سەردانیان کردیت؟".

کوڕەکە یەکسەر دەستی بە گریان کرد و دەستی دایک و باوکی ماچکرد و گوتی "بەس ئەمجارە لێم خۆش بن، شتی وا دووبارە ناکەمەوە، دەرکەوت جگە لە ئێوە، کەس بە کەڵکم نایەت".

بەڵام ئێمە بە کوڕەمان راگەیاند ئەگەر دووبارەی بکەیتەوە لەڕووی یاساییەوە سزاکەت توندتردەبێ، سزاکەشی بەپێی ماددە 7 بریتییە حەپسکردن لە 6 مانگ تاوەکو 3 ساڵ، لەگەڵ غەرامە کردن بە 1 تاوەکو 5 ملیۆن دینار. یان یەکێک لەم دوو سزایە.

### ئاماری ژنانی رانیە کێشەی تێدەکەوێت

# رائید دەڵێ وایە، موقەدەم دەڵێ وانییە

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو – رانیە**

فاتیمە رەسول، 23 ساڵ، لە سەرەتای ئەمساڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ئەو 30 رۆژ لە نەخۆشخانە بەدەم ئازاری سووتانەکەی دەینالاند، دواتر گیانی لە دەستدا. کەسوکاری ژنەکە هۆکاری خۆسووتاندنی فاتیمەیان بۆ خراپی هەڵسوکەوتی مێردەکەی گێڕایەوە، بەڵام سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکرد.

دۆسیەی ئەو ژنە لەو ئامارەدا نەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای رانیە هەفتەی رابردوو بڵاوی کردەوە، چونکە کەسوکاری سکاڵایان تۆمار نەکردبوو، بەڵام لە نێو ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە رانیەدا هەیە، کە نیگەرانن لەوەی پۆلیسی رانیە، ئاماری قوربانیانی توندتیژیشیان بڵاوکردەوە.

(م.ن) یەکێکی دیکەیە لە قوربانیانی توندوتیژی. ئەو کچە، کە لەلایەن هاوسەری خوشکەکەی رووبەرووی توندوتیژی بووەتەوە بە (رووداو)ی گوت "ویستم بەرگری لە خوشک و کچی خوشکەکەم بکەم. بۆیە مێردی خوشکەکەم پەلاماری دام و چەقۆیەکی لە پشتە ملم دا". (م) لە پۆلیس سکاڵای لەسەر خوشکی مێردەکەی تۆمار کردووە.

هەفتەی رابردوو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای رانیە ئاماری شەش مانگی رابردووی لەبارەی رووداو و توندوتیژی دژی ژنان بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 283 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان و چەند رووداوێکی تایبەت بە ژنان تۆمارکراون.

ئامارەکەش بەمشێوەیە بووە : (2 حاڵەتی کوشتن و 14 حاڵەتی سوتان و خۆ سوتاندن، 86 حاڵەتی لێدان و شەڕکردن، 1 هەوڵی کوشتن، یەک حاڵەتی هەوڵدان بۆ خۆ کوشتن، 58 حاڵەتی هەڕەشە، 17 حاڵەتی بەدڕەوشتی، 10 حاڵەتی دەرمانخواردن و چەند رووداوێکی دیکە".

رائید مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین باسی ئەو کچ و ژنانەی کرد، کە لە رێگەی خواردنی حەب و دەرمانەوە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە و گوتی "زۆربەی ئەوانەی دەرمانیان خواردووە کچانی هەرزەکارن و هۆکارەکەشی بە هۆی خراپی ئاستیان بووە لە قوتابخانە".

### روونکردنەوە بڵاودەکەنەوە

ئامارەکە نیگەرانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانی لێکەوتووەتەوە و پێیانوایە ئەوەی دەبێت ئەم ئامارە بڵاوبکاتەوە، ئەوانن نەک پۆلیس.

مقەدەم حەسەن خۆشناو، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە راپەرین بێ ئاگایی خۆی لەو ئامارە راگەیاند رەتیکردەوە کە ئەو هەموو حاڵەتی توندوتیژییە رووی دابێت. حەسەن گوتیشی "لەسەر ئەم ئامارە لە رۆژانی داهاتوو روونکردنەوە دەدەین".

بەڵام رائید مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی راپەرین گوتی"ئەو ئامارە تەواو راستە، لە بنکەکانی سەر بە پۆلیسی راپەرین ئەم ئامارە کۆکراوەتەوە". ناوبراو گوتیشی "هەندێ توندوتیژی بە تایبەت ئەوانەی دێنە نەخۆشخانە بە بڕیاری دادوەر لەلای ئێمە تۆمار دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت، بەڵام بەشێک لە ئافرەتانیش راستەوخۆ سکاڵاکانیان دەبەنە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، چونکە ئەوانیش لێکۆڵینەوە دەکەن هاوشێوەی ئێمە. بۆیە ئامارەکانی ئێمە جیاوازن لەگەڵ ئەوەی ئەوان".

هەرچەندە مقەدەم حەسەن رەتیکردەوە ئەمساڵ هیچ ئافرەتێک لە رانیە کوژرابێت. بەڵام رائید مستەفا گوتی "2 ئافرەت کوژراون، بەڵام دیارە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئاگاداری دۆسیەکەیان نییە".



# سلێمانی 33 هەزار رەشەوڵاخ و مەڕ و بزنی پێویستە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

داواکاری لەسەر گۆشتی سوور لە شاری سلێمانی لە هەڵکشاندایە و مانگانە بەسەدان تۆن گۆشتی سوور دەخورێت. بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی سلێمانیش داوای هاوردەکردنی 33 سەر ئاژەڵ دەکات، بۆ ئەوەی سامانی ئاژەڵی ناوخۆ کەم نەبێتەوە.

بەڕێوەبەرێتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری سلێمانی لەرێگەی کوتانی ئاژەڵەوە ئەمساڵ هەولێکی زۆریدا بۆ ئەوەی بەهۆی نەخۆشییەوە، سامانی ئاژەڵ کەم نەکات، بەڵام هێشتا بەرپرسانی ڤێتێرنەری نیگەرانن لەوەی "بەبێ ئاژەڵی هاوردەکراو، ناتوانرێ پشت بە بەرهەمی نێوخۆیی ببەسترێ".

دکتۆر ئاری سەلاحەددین، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی دەڵێت ئەو گۆشتەی لە ناوخۆ بەرهەم دێت ناتوانێت پێداویستی خەڵکی پڕ بکاتەوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی داواکاری خەڵک، پشت دەبەستن بەگۆشتی هاوردەکرداو "پشت دەبەستین بەو گۆشتەی لە دەرەوە دەیهێنین، بە مەرجێک بە رێکارە یاسایی و تەندروستییەکاندا بڕوات".

بەپێی ئامارەکانی ڤێتێرنەری سلێمانی، لەساڵی 2012دا 5 هەزار کاوڕ و 500 رەشەوڵاخ لە جۆرجیاوە هاوردەکراون بۆ پارێزگای سلێمانی، تاوەکو رێگری لە کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ بکرێت. هەروەها بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی ئاشکرای کرد لە ساڵی 2014دا زیاتر لە 3 هەزار سەر رەشەوڵاخ لە ئێرانەوە هاوردەکراون.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ئاوات ئەحمەد عەلی، جێگری بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ دەڵێت لە مانگی 4 و5 و 6دا نووسراویان کردووە، بۆ ئەوەی 23 هەزار سەر رەشەوڵاخ، لەگەڵ 10 هەزار سەر مەڕ و بزن بهێنێرێتە پارێزگاکە بۆ ئەوەی رێگە بگرن لەکەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵ "ئەمەش رۆڵی خۆی دەبێت کە ئاژەڵ لە ناوخۆدا کەم نەبێتەوە".

لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنەکان، بە تایبەتیش جەژنی قوربان، خەڵک بە لێشاو روو لە کڕینی ئاژەڵ دەکەن بۆ سەربڕین، هەر ئەوەش وایکردووە، خواستێکی زۆر لەسەر گۆشت و بەرهەمە گۆشتییەکان هەبێت.

بەڵام دکتۆر ئاری سەلاحەدین، پێیوایە سەربڕینی ئاژەڵ کاریگەری نەکردووەتە سەرکەمکردنەوەی رێژەی ئاژەڵ "ئەو ئاژەڵانەی لە کوشتارگەکان سەردەبڕێن دەبێت نێر بن، ئاژەڵی نێر بۆ بەخێوکردن نامێنێتەوە، خاوەن ئاژەڵدارێک تەنیا یەک بۆ دوو سەر ئاژەڵی نێر دەهێڵێتەوە بۆ مەبەستی زاوزێ، ئەوی دیکە دەفرۆشێت کە تەنیا بۆ سەربڕین دەبێت". هەروەها گوتیشی "ئەو ئاژەڵانەی لە کوشتارگەکان سەردەبڕێن دەبێت نێر بن، ناهێڵین ئاژەڵی مێ سەرببڕێت کە رۆڵی هەیە لەسەر راگرتنی سامانی ئاژەڵ". بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەو بۆنانەندا کە خەڵک بەشێوەی رەمەکی ئاژەڵ سەردەبڕن، رەچاوی نێر و مێ ناکەن.

بەپێی ئەو داتایانەی لە ڤێتێرنەری سلێمانی دراوەتە (تۆڕی میدیایی رووداو) ساڵی رابردوو لە پارێزگای سلێمانی 235 هەزار و 489 سەر مەڕ، 62 هەزار و 280 بزن و 52 هەزار رەشەوڵاخ لەکوشتارگەکاندا سەربڕاون، بێجگە لەو ئاژەڵانەی لە دەرەوەی کوشتارگەکان سەردەبڕێن. ڤێتێرنەری سلێمانی، پلانی کوتانی ئاژەڵان جێبەجێ دەکات بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە مەترسیدار و ڤایرۆسی و بەکترین، کە پێیاندەگوترێت نەخۆشییە سنووربەزێنەکان، ئەم هەڵمەتە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو سامانەی هەیە بیپارێزن لەنەخۆشی. هاوکات هەڵمەتی چاککردنی دەستکرد بۆ مانگاکانی کوردستان دەکەن، لەرێگەی تۆوی بەستوو، لە رەگەزی گای بیانی جۆری باش وەکو گای هۆڵشتاین.

بەپێی ئەو داتایانەی لەرێگەی کوتانی ئاژەڵەوە دەست ڤێتێرنەری سلێمانی کەوتووە، لە سنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی 150 هەزار رەشەوڵاخ و ملیۆنێک و 500 هەزار سەر مەڕ و بزن لە پارێزگای سلێمانی هەن.

ئاوات ئەحمەد عەلی، جێگری بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ دەڵێت پارێزگای سلێمانی مانگانە پێویستی بە 1 هەزار و 250 تۆن گۆشتی سوور هەیە "95%ی ئەم گۆشتە لە ناوخۆدا دابین دەکرێت". وەک ناوبراو باسی دەکات ئەو ئامارەیان بەپێی توێژینەوەیەک دەستکەوتووە لەئەنجامی ئەو ئاژەڵانەی لە کوشتارگەکان و دەرەوەی کوشتارگەکان سەردەبڕێن لەگەڵ ئەو گۆشتەی هاوردە دەکرێت.

# رانیە پڕ لە علوجە



**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی راپەڕین ئاماری شەش مانگی رابردووی بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا 284 کەس بوونەتە قوربانی، کە 17 لەوانە گیانیان لەدەستداوە. رائیدێکی پۆلیسیش دەڵێت رانیە پڕە لە ئۆتۆمبێلی علوج و بەمنزیکانە دەستیان بەسەردا دەگرن.

سنووری ئیدارەی راپەڕین پێکدێت لە دوو قەزا و 9 ناحیە، جادە و بانەکانی ئەم ناوچەیە وەکو پێویست نین و زۆربەی جادەکانی یەکسایدن، ئەمەش وایکردووە چەندین رووداوی هاتوچۆی لێبکەوێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی راپەڕین ئاماری شەش مانگی رابردووی بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا 211 رووداوی هاتوچۆ روویانداوە، بەو هۆیەش 284 کەس بوونەتە قوربانی، 17 لەوانە گیانیان لەدەستداوە، هەروەها 78 لە قوربانییەکان لە رەگەزی مێن.

بە مەبەستی کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کوردستان چەندین کامێرای کۆنترۆڵکردنی خێرایی ئۆتۆمبێلی لە شەقامەکان و رێگا گشتییەکان داناوە. ئەو کامێرایانە گەیشتوونەتە سنووری ئیدارەی راپەڕین، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا 4418 شوفێر بە خێرایی زۆر رۆیشتوون و لەلایەن کامێراکانەوە خێراییەکەیان تۆمارکراوە.

هەر بەپێی ئەو ئامارە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا 4251 مۆڵەتی شوفێریان لە سنووری ئیدارەی راپەڕین وەرگرتووە، کە 234 کەسیان لە رەگەزی مێن.

رائیدی پۆلیس سامان ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری هۆبەی راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی راپەڕین دەڵێت هۆکاری رووداوەکانی هاتوچۆ لە سنوورەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێلەکان و تیژڕەوی و تەسکی و کەمی رێگاکان و ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر

## 60 هەزار ئۆتۆمبێل لە سنووری رانیەدا هەیە

قەزای رانیە هاوشانی قەزای سۆران بەوە ناسراوە کە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی ئارم، یان رەقەم باریکی لێیە، کە لەنێو خەڵک بە ئۆتۆمبێلی "علوج" ناسراون، هەندێکجاریش پێیاندەگوترێ "بێ دایک و باوک".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانە، رائید سامان گوتی "لە سنوورەکەمان 60 هەزار ئۆتۆمبێلی هەیە، کە ژمارەیەکی زۆریان علوجن، بۆیە بەبڕیارێکی تایبەت لە ماوەیەکی نزیکدا هەوڵدەدەین دەست بەسەر ئەو علوجانەدا بگرین". سەبارەت بە قەرەبۆکردنەوەی خاوەنەکانیان، ئەو رائیدەی پۆلیس گوتی "دیار نییە خاوەنەکانیان قەرەبۆ دەکرێنەوە یان نا".

لە دیارترین کێشەکانی هاتوچۆی ئەم ناوچەیە وەک کارمەندانی هاتوچۆ و هاووڵاتیان باسی دەکەن، کەمی ژمارەی کارمەندی هاتوچۆ و تابلۆ و نیشانەکانی هاتوچۆ و نەبوونی هۆشیاری هاتوچۆیە لەلای هاووڵاتیان.

هێدی خدر، 26 ساڵ، کە 8 ساڵە شوفێرە، تاوەکو ئێستا دووجار تووشی رووداوی هاتوچۆ بووە دەڵێت "هەموو رووداوەکان بەهۆی خراپی رێگاوبانەکانە، بەرزی و نزمی و چاڵی رێگاکان ئۆتۆمبێلی وێران کردووە، کەسە نزیکەکانمان لە ئەوروپا لەبەر خراپی رێگاکان ناوێن بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بێنەوە کوردستان".

هێدی هەروەها گوتی "هەموو خەتایەکەش لە حکومەت نییە، خەڵکیش بەرپرسە کە هۆشیاری هاتوچۆیان کەمە، پابەندنین بە رێنماییەکانی هاتوچۆ".

نەبەز عەبدوڵڵا، کە 7 ساڵە ئۆتۆمبێلی پێیە، تاوەکو ئێستا سێجار تووشی رووداوی هاتوچۆ بووە، پێیوایە بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ دەبێت رێگاکان فراوان بکرێن، رێگای بارهەڵگرەکان جیابکرێتەوە لە رێگەی ئۆتۆمبێلی تایبەت و تاکسی و پاس.

د.عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی *

# بە دەوڵەتبوون و ریفۆرمی پیشەسازی

لە بارودۆخی هەنووکەیی کە باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا کوردستان توانای بەڕێوەبردنی ئابووری خۆی هەیە؟

جیۆپۆلۆتیکی کوردستان کەوتووەتە ناو سێگۆشەی ئیسلامی، کە نزیکترین گۆشەی هێزی بگۆڕی سوننە ئەمڕۆکە (تورکیا)یە، پەیوەندی باشمان لەگەڵ گۆشەی هێزی نەگۆڕی سوننە (سعودیە) و گۆشەی هێزی نەگۆڕی شیعە (ئێران) هەیە.

بابەتی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون و ریفۆرم بە نیسبەت ئابووری باشووری کوردستان بووەتە بابەتی مەرگ و ژیان بۆ بونیاتی ئابووری باشووری کوردستان. بابەتی ریفۆرمی ئابووری وەک دووبارەکردنەوەی جارێکی دیکەی ئیدارەدانی دەرامەتە ئابوورییەکانە، بەتایبەت لەم قۆناغەدا کە گۆڕانێکی ئابووری - سیاسیی دروستبووە، پێویستە ئیدارەی پەرەپێدان رۆڵی مێژوویی خۆی ببینێت.

ئەگەر لە روانگەی ئابووری بڕوانینە نوخبەکانی بەرهەمهێنان:

1- دەستی کار: نزیکەی 2 ملیۆن بە هەردوو تەوەری (چەندایەتی و چۆنیەتی) دەستی کار هەیە. دانان و دروستکردنی شاری پیشەسازی، شارەگی وڵاتن بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی پیشەسازی و دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ سیاسی- ئابووریی بیانی. بۆ نموونە دروستکردنی یەک شاری پیشەسازی لە هەولێر (700 پڕۆژە) لە توانای دایە 35000 کرێکار بخاتە سەر کار بە کرێی ساڵانە 245 ملیۆن دۆلار، هەروەها بڕی 117 ملیۆن دۆلار کەرستەی ناوخۆیی بەکاردێنن، قازانجی ساڵانەی ئەم شارەش 840 ملیۆن دۆلار دەبێت.

2- سەرمایە: جگە لەوەی کەرتی تایبەت لە هەموو سێکتەرەکانی ئابووری سەرمایەگوزاری کردووە، نەوت و غازی باشووری کوردستانیش بە پشتیوانی دەیان کۆمپانیای زەبەلاحی دونیا بەرهەم دێت و هەناردە دەکرێت، کە کوردستان 40 ملیار بەرمیل نەوت و 60 تریلیۆن سێجا غاز یەدەگی هەیە. ئێستا کوردستان توانای 500 هەزار بەرمیل بەرهەمی هەیە. ئەگەر وەبەرهێنان پێوەرێک بێت، کە کۆی گشتی وەبەرهێنانی ستراتیژی 40 ملیار دۆلارە، کشتوکاڵ 704 ملیۆن دۆلار، پیشەسازی 12.77 ملیار دۆلار و بازرگانی 3.5 ملیار دۆلارە.

3- پیشەسازی: سەبارەت بە کەرتی پیشەسازی 3367 کارگە بە هەموو جۆرەکانی هەیە کە هەلی کار بۆ 30 هەزار کرێکار دەستەبەر دەکات، هەروەها 3.22 ملیار سەرمایەگوزاری لە کارگەکانی بیناسازی، خۆراک، فلزییەکان، پلاستیکی... و هتد کراوە.

4- زەوی: خاوەنی 6.143 ملیۆن هکتار زەوی کشتوکاڵین، کە 35.8%ی شیاوە بۆ کشتوکاڵ، لەگەڵ 47 ملیار m3 ئاو، ئەگەر پلانی توکمەی بۆ دابنرێت سوودی زۆری لێدەبینرێت.

5- رێکخستن: حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی 23 ساڵە، هەموو داو و دەزگایەکی بەڕێوەبەری لە هەموو کایەو کەرتەکاندا هەیە وەک پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، کارەبا، ئاو، رێگاوبان، شارەوانی و گواستنەوە،...هتد. سەرکەوتنی رێژەیی خۆی بۆ ئیدارەدان و گەشەپێدانی ئابووری سەلماندووە. کوردستان خاوەن ژینگەیەکی ئابووری و بازرگانی بەهێزە لەناوچەکەدا و بووەتە نیشتیمانێک بۆ وەبەرهێنانە گەورەکان و زەمینەیەکی باشی بۆ پیشەسازی هەیە، بەڵام یەکێکین لە هەرێمە هەژارەکانی پیشەسازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی نەیتوانیوە بە هەردوو ئەرکە سەرەکییەکەی سەروەری یاسا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئابووری- پیشەسازییە جیاوازەکان بۆ هاووڵاتیان جێبەجێ بکات.

لە کاتێکدا ئەم دوو ئەرکانە دوو فاکتەری باشی سەرکەوتنی هەر ریفۆرمێکی ئابووریی پیشەسازین لە کوردستاندا.

لەپێناو پەرەپێدان و ریفۆرمی پیشەسازیی لە کوردستاندا دەبێ کار بکرێت لەسەر:

1- ریفۆرمێکی ریشەیی لە سیستەم و پەیکەری دامەزراوەیی و سیاسەتی کاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بکرێت. بە تایبەتی کە ئەو وەزارەتە بە قوربانی سیاسەت کراوە.

2- دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دروستکردنی بنەمایەکی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی بەهێز. تاوەکو بتوانێت هەم پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ بکاتەوە و کەرتی هەناردە کارا بکرێت، هەمیش سەرچاوەی نوێی داهات دروستبکرێت لەکوردستاندا.

3- بەگەڕخستنی پڕۆژەی شاری پیشەسازی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، ئەمەش کاریگەری زۆر ئیجابی دەبێت و دەتوانرێت جگە لەنەوت پشت بە سەرچاوەی دیکەی داهاتیش ببەستین.

4- گرنگی و جەخت بخرێتە سەر کەرتی پیشەسازی گەورە وەک چیمەنتۆ، مەڕمەڕ، گرانیت و ئاسن.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەگەر پەلە لە بەرەوپێشبردنی پیشەسازی نەکەین دواتر وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون و بازرگانی دەرەکی دادی کوردستان نادات.

*** مامۆستای زانکۆ**

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (318) دووشەممە 2014/7/14

## دیانا ئەرکی قورسە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژی لوبنانی دیانا حەداد بەپێی لیستی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ وەک کاریگەرترین کەسایەتی 2014 دیاریکراوە.

بەپێی هەمان سەرچاوە دیانا حەداد ڕۆڵی باشی هەبووە لە ڕووداوەکانی عەرەبی و جیهانی، لەمبارەیەوە دیانا حەداد دەڵێت "زۆر خۆشحاڵم کە ئەمە بۆ دووەمین ساڵە ئەو نازناوە بەدەستدێنم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نازناوە مەدالیایەکی زێرینە لە بەرۆکی من دراوە، پێشکەشی هەموو هەوادارانی دەنگم دەکەم، کە ئەوان بوونە هۆکاری بەخشینی ئەم نازناوە". هەروەها دیانا حەداد گوتیشی "هەڵبژاردنی من وەک کاریگەرترین کەسایەتی لە نێو سەدان ئەستێرەی دیاری جیهانی و عەرەبی، ئەرکی من قورستر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هانم دەدات زیاتر کار بکەم و کۆڵنەدەم بۆ گەیشتن بە لوتکە و مانەوە و خۆڕاگری لە لوتکەدا".

## هەواڵ جیادەبێتەوە



**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند هەواڵ عوسمان، کە بە کەسایەتی (نەرمین) بەشداری درامای هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێشی کردووە ڕایگەیاند لەو درامایەدا وەکو نوێنەری ڕاستەقینەی ژنان دەردەکەوێت.

هەواڵ عوسمان، بە (تۆڕی میدیای ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەکاری هونەری دانەبڕاوە و بەردەوام بەرهەمی هونەری هەیە و لە درامای هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێش، کە درامایەکی کۆمەڵایەتییە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

هەواڵ لەو درامایەدا ڕۆڵی ژنێک دەبینێت، کە مێردەکەی دەیەوێت ژنی بەسەر بێنێت، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و لێی جیا دەبێتەوە.

هەنگاوەکانی سەرخۆڵەمێش، لە 30 ئەڵقە پێکهاتووە و بەرهەمی کۆمپانیای بابیلۆنە، وێنەگرتنی تەواو بووە، چاوەڕوان دەکرێت لەئایندەیەکی نزیکدا مۆنتاژیشی تەواو ببێت. هونەرمەند گەزیزە عومەر، دەرهێنەری دراماکەیە.

## نەرمین 3 ڕەفزی داوە



**جەمال ئەحمەد**
**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی بواری دراما نەرمین کاوانی ڕایگەیاند بەشداری کردنی لە سێ دراما ڕەتکردووەتەوە و دەڵێت "تەنیا سیناریۆی یەک درامام بە دڵ بوو، ئەویش بەهۆی ڕێکنەکەوتنم لەسەر گرێبەستەکە ڕەتمکردەوە".

نەرمین کاوانی، هەرچەند ناوی ئەو سێ درامایەی ئاشکرا نەکرد، بەڵام بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند یەک لەو درامایانەی کارکردنی ڕەتکردووەتەوە توانای دەرهێنەری لەئاستی کارکردنی دراماکەدا نەبینیووە. هاوکات درامایەکی دیکەی بەهۆی ئەو کەسێتییەکی بۆدەستنیشانکراوە، جێگەی ڕەزامەندی نەبووە و ڕەتیکردووەتەوە.

کاوانی، باس لەوە دەکات بەشێک لە بەرهەمهێن و دەرهێنەرەکان، پشکی باش لە لەگرێبەستەکاندا بۆ خۆیان دەپچڕن و گرنگی بەگرێبەستی ئەکتەرەکان نادەن "ئەو درامایەی بڕیارمدا کاری تێدا بکەم، بڕی پارەی گرێبەستەکەم بەدڵ نەبوو، هەر بەو هۆیەشەوە کارم لەگەڵدا نەکردن".

## دلبەر دەریدەخات



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی گەنج دلبەر جزیری نوێترین گۆرانی خۆی تۆمارکرد کە باس لە خیانەت دەکات، کە بە قسەی خۆی نوێکاری لە گۆرانی کوردی کردووە و وشەی تازەی دەرخستووە و هێناوەتە نێو گۆرانی.

دلبەر دەربارەی ئەم گۆرانییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا سەرقاڵی کارێکی نوێم بەناوی خائین کە لە تێکستی سەعد ئەلبەدرییە و میلۆدییەکەش خۆم دامناوە، لەوانەیە لە تورکیا تۆمار بکەین، دوای تەواوبوونی گۆرانییەکە، کلیپێکشی بۆ دەکەین".

دلبەر جزیری گوتیشی "لەم گۆرانییەمدا بۆ یەکەمجارە وشەی تازە بەکاردێنم، کە پێشتر لە گۆرانی کوردیدا بەکارنەهاتووە، بەتایبەتی گۆرانیبێژی ئافرەت نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بەکارهێنانی ئەم وشانە بدات".

## ئەیاد زۆر غەریبە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئەیاد چەند ساڵێکە بێ بەرهەمە و گۆرانی نوێی نییە، ئەیاد ئەم بێدەنگییەی بۆ "نادادپەروەری" وەزارەتی ڕۆشنبیری گەڕاندەوە و دەڵێت زۆر دڵم بریندار کراوە و تووڕەم لەو بەرپرسانە.

ئەیاد گلەیی و ڕەخنەی زۆری لە بەرپرسانی هونەری کوردستان و هەولێر هەبوو، لەمبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "برادەرایەتی و خزمایەتی کاری هونەری لە کوردستان پەکخستووە، خەڵکی بیانی لە هەولێرییەک دەستی زیاتر دەڕوات، قسەیەک هەیە دەڵێت منداڵی خۆت تێر بکە ئینجا بیر لە جیرانەکانت بکەوە، کەچی چ عارەب و تورک و فارس هەیە دەیان دەفتەر دۆلاری پێدەدەن، ئێمەش فەرامۆش دەکەن".

ئەیاد گوتیشی "من خۆم بە غەریب دەبینم لە شارەکەی خۆم، کە دەگەڕێمەوە هەولێر دەچمەوە ماڵی خزمەکانم، کەچی خەڵکی بیانی لە باشترین هوتێلەکانی هەولێر بە مانگ میوانداری دەکرێن، ئەوان هەر بە دوای کەمالیات و جەمالیەت دەکەون بیر لە هونەری کوردی ناکەنەوە، بەڵام ڕۆژێک دێت لەسەر ئەم کارانە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت".

## جەمشید لە هۆلیوود وێنەی دەگیرێت



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند جەمشید گۆرانییەکی کوردی لە ستۆدیۆکانی هۆلیوود لە ئەمریکا کلیپ دەکات، کە ئەمەش دەبێتە یەکەمین گۆرانی کوردی لە هۆلیوود وێنەبگیرێت.

جەمشید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێک لە گۆرانییەکانم کە بەشێوەزاری کرمانجییە لە ئەمریکا کلیپم بۆ کرد، کە لە گەورەترین ستۆدیۆکانی هۆلیوود بە باشترین شێواز وێنەگیراوە بڕیارە لە جەژندا بڵاوی بکەمەوە".

تێکستی ئەم گۆرانییە لەلایەن ئەدیب چەلکی نووسراوە و میلۆدی فۆلکلۆرە، بەڵام خۆی کەمێک دەستکاری میلۆدییەکەی کردووە. دەرهێنەری کلیپەکەش ڕاڤیە کاری میوزیکی گۆرانییەکە لە تورکیا کراوە.

## سولاف وازناهێنێ



**ڕوودا- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی سووری سولاف فواخرجی ڕایگەیاند دەستی کردووە بە وێنەگرتنی نوێترین فیلمی بەناوی لە چاوەڕوانی پایزدا.

سولاف فواخرجی لەمبارەیەوە دەڵێت "فیلمی لە چاوەڕوانی پاییزدا بەشێوازی کۆمیدی ڕەش باس لە شەڕ و کوشتارەکانی ئەمدواییەی سووریا دەکات، نموونەیەک لە کۆمەڵگای سووری نیشاندەدات کە لەکاتی شەڕیش واز لە خەونەکانیان ناهێنن و بەدوای سەرکەوتندا دەگەڕێن".


لەم فیلمەدا چیرۆکی کۆمەڵێک ئافرەتی یاریزان دەگێڕێتەوە کە دەیانەوێت لەم بارودۆخەدا بەشداری یاری تۆپی دەست بکەن و کاسەکە بەدەست بهێنن، سەرەڕای ئەوەی دەیان ڕێگریان لێدەکرێت، بەڵام هەر بەردەوام دەبن.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



### کاوڕ




کورتە سەفەری کتوپڕتان زۆردەبێت. لە بەدیهێنانی ئاواتێک نزیک دەبنەوە. دڵسۆزەکانتان ئامادەن بە هەموو شێوەیەک هاوکاریتان بکەن. چەند کارێکی گرنگت ئەنجامداوە، پێویستە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆت لەبەرچاوبگریت.

### گا




باری داراییتان باش دەبێت و هەست بەخۆشحاڵی دەکەن، بێجگە لەوەی لە چەند لایەنێکەوە هاوکاری دەکرێن، بەڵام خۆتان و تەندروستیتان بپارێزن. هەوڵ بدەن هەڵەکان بقۆزنەوە، چونکە کاتێکی باشە بۆ پێداچوونەوە و سوککردنی کارە کەڵەکەبووەکانی ماوەکانی ڕابردوو.

### جمک




هەندێک پێشنیازتان بۆ دەکرێ کە بەرپرسیارێتی تازە لەکارەکەتان وەربگرن، کاتێکی باشە بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ و دەرباز‌بوون لە قەیرانەکان. لەناکاو سەفەردەکەن یان بڕیاری لەسەر دەدەن. پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کەسانێکی پلەبەرز دەچێتە ئاستێکی باشتر.

### قرژاڵ




کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەماڵ و خێزانەوە هەیە. کارێکی زۆر گرنگت بۆ پێشنیاز دەکرێت مەترسە چونکە توانات هەیە. هەوڵ بدە لەبیروڕاکانتدا تاکڕەو نەبیت و گوێ لەڕێنماییەکانی کەسانی دیکە بگریت.

### شێر




بۆ ئەوانەی بەنیازی سەفەرن، کاتێکی گونجاوە. لەهەمانکاتدا چەند بەربەستێکی بچووکتان بۆ دروستدەبێت کە بەهێمنی و کاتی زیاتر چارەسەر دەبن. ئەو کەسانە سەرنجتان ڕادەکێشن کە دیداریان دەکەن.

### گوڵەگەنم




گرفتی داراییتان زۆر دەبێت و چەند هەلێکی گرنگتان بۆ هەڵدەکەوێ کە لە ڕابردوودا نەتانتوانی سوودی لێوەربگرن. لەیەککاتدا دەتوانن چەند هەنگاوێکی سەرکەوتووبنێن، لەگەڵ سۆزدارەکانتان پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکەن.

### تەرازوو




ئەگەر ناکۆکیتان لەگەڵ هاوبەش و هاوکارەکانتان بەردەوامە، هەوڵی تێگەیشتنی زیاتر بدەن لەنێوانتاندا. باری داراییت باش دەبێ، بەڵام پێویستییەکانتان زیاتر دەبن. هەموو هەوڵەکانتان لەبارەی دەرامەتەوە بەگەڕ بخەن فرسەتێکی زۆرباشە و بەبڕی زۆر پارەتان دەستدەکەوێت.

### دووپشک




پێویستە لەهەموو کاتێک زیاتر هێمن و خۆڕاگربن، هەرچەند بەوریاییەوە هەنگاو دەنێن، بەڵام لەهەندێک کاتدا کۆنتڕۆڵ لە دەستدەدەن. دەتوانی بڕوا بەو کەسانە بکەیت کە پێشتر بەسەرکەوتوویی ئەزموونێکت لەگەڵدا تاقیکردوونەتەوە.

### کەوان




گرفتی ئاسایی لەخۆتان گەورە مەکەن، ئێوە کەسانێکی خۆشەویستن و پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسەکانی کار بەهێز بکەن. کارەکانتان بەرفراوان دەبێت، کاتێکی باشە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی فێربوون.

### کارژۆڵە




چەند فرسەتێکی بەهێز لەژیانتان هەڵدەکەوێ، دەتوانن بە باشترین شێوە سوودی لێوەربگرن. بڕیارێکی گرنگ یەکلایی دەکەنەوە. چاوەڕوانی هەواڵێکی گرنگ دەکەن هەرچەند دواشبکەوێت، بەڵام ئەنجامی باش بەدەستدێنن.

### سەتڵ



هەست بەئارامییەکی زۆری دەروونی دەکەن، چەند فرسەتێکی دیکەی دەستکەوتی مادیتان هەیە، ئەگەر بەجیدی کاری بۆ بکەن سەرکەوتوو دەبن. کاتێکی زێڕینە بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پڕۆژانەی دواکەوتوون.

### نەهەنگ



لەو کاتە گرنگەدا دەتوانن کاریگەریتان بەسەر کەسایەتییەکانی چواردەورتانەوە هەبێت، بەڵام زۆر بەپەلەن لەدانوستاندن و ڕێککەوتنەکان، تەنانەت بۆ دیدارە سۆزدارییەکانیش. ئامادەکاری تەواوبکەن کاتی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ دێتە پێشێ.

د.هاوڕێ مەنسوور بەگ

# نەوتی کوردستان پلانی B ئەمریکایە



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

ئەمریکا لە سەرجەم وڵاتانی جیهان پتر نەوت و بەرهەمەکانی نەوت بەکاردێنێت. هەرچەندە ئامارەکانی بەکارهێنان و هاوردەکردنی نەوت و گاز لە ئەمریکا کەمێک ناڕوونی تێدایە و ساڵ بە ساڵ گۆڕانکاری بەسەردادێت. بەگشتی ئابووریی ئەمریکا بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە ڕۆژانە پێویستی بە زیاتر لە 20 ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە.

ئەمریکا لە ناوخۆدا ڕۆژانە 7-8 ملیۆن بەرمیل بەرهەم دێنێت، لە کاتێکدا پتر لە 12 ملیۆن بەرمیل هاوردە دەکات. بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی، دانیشتووانی ئەمریکا 3%ی دانیشتووانی جیهان پێکدێنن، بەڵام 20%ی وزەی جیهان بەکاردێنن. بەشی شێری نەوتی هاوردەکراو بۆ ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین دەکرێت و هیچیش لەوە ناچێ لەو ساڵانەی دادێ ڕێژەی هاوردەکردنی نەوت لەلایەن ئەمریکاوە روو لە کەمی بکات و بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە. لە هەمانکاتدا سەرجەم ئەلتێرناتیڤەکانی دیکەی وزە وەک: هەوا، خۆر، وزەی ئەتۆمی و بایۆلۆژی تاوەکو ئێستا ئومێدێکی ئەوتۆیان نەبەخشیووە، کە ئایندەیان لەسەر بنیادبنرێت.

بەشێکی زۆر لە هێزەکانی ئەمریکا لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان بڵاوبوونەتەوە، مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکایە لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانیش پاراستنی کانەکانی نەوت و دامەزراوە تێکهەڵکێشەکانی وزەی ئەو وڵاتانەیە کە نەوت هەناردی ئەمریکا دەکەن. تێوەگلانی ئەمریکا لە پەیوەندی ستراتیژی قووڵ لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن لە قەوقاز و دروستکردنی بنکەی سەربازیی فراوان و ژووری عەمەلیاتی تایبەت لە ئەفریقا، هەندێک نموونەی خێران لە درککردنی ئیدارەی ئەمریکی کە بەرداشی سەربازی و ئابووریی ئەمریکا لە هاڕین دەکەوێت، ئەگەر وزەی پێویست لە دەرەوەی دابین نەکات. هەر هەمووشمان دەزانین کە تینوێتی ئەمریکا بۆ وزە وایکردووە کە واشنتن ببێتە پاسەوانی هەمیشەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەم جەنگ و کودەتا و پلان و پیلان هەیە لەناوچەکەدا ئەمریکا ڕۆڵی تێدا نەگێڕابێت و نەگێڕێت. هەموو ئەمانە بۆ دەستگەیشتن و پاراستنی سەرچاوەکانی وزەیە بۆ ئەمریکا.

لەگەڵ کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکدی و تینوێتی گەلانی ناوچەکە بۆ گۆڕانکاری و پەیدابوونی کێشمەکێشی ئاینیی و مەزهەبی و نەتەوەیی، هەروەها بەهۆی سیاسەتە کورتبینییە خۆپەرستەکانی ئەمریکا و تێنەگەیشتنی واشنتن لە پێداویستی گەلانی خاوەن وزەو بە تەنیا مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکردە بەزۆر سەپێندراوەکانی ناوچەکە لەبڕی نزیکبوونەوە لە گەلانی خاوەن خاک، ڕۆژ بەڕۆژ دەستگەیشتن بە نەوت و گازی سروشتی سەختتر دەبێت. گرێدانی ئەم هۆکارانە لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو و دوور لە حیساباتی ئەمریکا، وەک بەهێزبوون و هەستانەوەی ڕووسیا دوای جەنگی سارد، کە بەهۆیەوە ئەگەری دووبارە دەستەمۆبوونەوەی وڵاتانی قەوقاز و دوورەدەستبوونی کێڵگە نەوتییەکانی لێدەکەوێتەوە. هەموو جیهان گەواهی دەدەن کە ڕووسیا نەوت و گاز تەنیا بە پارە نافرۆشێت، ئەگەر بەرژەوەندی ستراتیژی لەگەڵ خۆی دەستەبەرنەکات. بەهاری عەرەبیش هەندێک هەواڵی دڵتەزێنی بۆ وڵاتانی تینووی نەوت بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ نموونە لە دەستدانی سەقامگیری لە لیبیا، سوریا و یەمەن، زیانپێگەیاندنی کەرتی پیشەسازی لە وڵاتانە و بێئومێدبوونی بازاڕی جیهانی لە گەڕانەوەیان وەک لایەنێکی متمانەداری فرۆشیاری نەوت. دوور لە بەهاری عەرەبی، ئێرانیش کە تاوانبارکراوە بە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەمێکە دوورخراوەتەوە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان وەک وڵاتێکی پشتپێبەستراوی بەرهەمهێنی نەوت، ئەمریکا و زۆر لەوڵاتانی جیهان بۆ پلانی ئاسایشی وزەی خۆیان گرەو لەسەر ئێران ناکەن. لە باشووری سوودان، کۆمپانیا چینییەکانی شەیدای وزە بێ گوێدانە کێشەی بوونی بە گژیەکچوونی نەژادی و ئێتنیکی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، خۆیان خزاندە نێو کێڵگەکانی نەوت و گاز، ئەمریکا لە ئێستاو ئایندە بێبەشە لە نەوت و گازی ئەم وڵاتە پڕ لە ئاڵۆزییەی ئەفریقیا. نایجیریا کە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوتی ئەفریقیایە و یانزەمینی جیهانە، دەریای نەوتەکەی تێکەڵ بە دەریای خوێنی هاووڵاتیانی بووە، لە ئەنجامی شەڕی کاربەدەستانی گەندەڵ و مافیاکانی نەوت و چەتەکانی "بوکو حەرام. لە شوێنە سەقامگیرەکانیش لە جیهان وەک کەنەدا و کەنداوی مەکسیک و ڤێنزوێلاو کەنارەکانی بەڕازیل و ناوچەکانی جەمسەری باکوورو دەریای بارێنتز، پۆلێک لە هۆکاری سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژی و لۆجیستیکی و ژینگەپارێزی بەربەستن لە ئومێد بەخشین بە ئەمریکا کە ئەم شوێنانە لە بڕی ئاسیای ناوەڕاست و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانن نەوت و وزەی بۆ مسۆگەر بکەن.

ڕاپۆرتە دارایی و زەوییناسییەکانی دەریای باکووری نەرویجی و بەریتانی بێ دوودڵی نیشانی جیهان دەدەن کە نەوت و گازی ئەم ناوچەیەی جیهان کە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوو وزەیان پێشکەش بە ئابووری جیهان بەگشتیی و ئەمریکا بەتایبەتی کرد، ئێستا بەرەو کۆتایی دەچێت. ئەم هۆکارانە هاوتەریبن لەگەڵ سەرهەڵدانی لەناکاوی چین و هیندستان وەک دوو ئابووریی مەزنی جیهان، کە بوونەتە مەترسیی جددی لەسەر ئابووریی ئەمریکا بەتایبەتی مەترسیین لەسەر هەڵمژینی نەوتی جیهان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو ڕاکێشانی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت بەرەو خۆیان.

## عێراق و سعودیە مەترسین بۆ ئاسایشی وزەی ئەمریکا

ئەمڕۆ بڕبڕەی پشتی سەرچاوەی وزەی ئەمریکا بریتیە لە عێراق، سعودیە و وڵاتەکانی دیکەی کەنداو. عێراق ئێستا زیاتر لە وڵاتێکی هەرەسهاتوو دەچێت و حکومەتەکەی مالیکی بە هەزار هاوکاریی نائاسایی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی، کەمێک خۆی لەسەر پێ ڕاگرتوە. تەنانەت لە باشووری وڵاتیش ئەگەری لەدەستدانی ئارامی زۆرە، کە بەشێکی زۆری کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە باشووری وڵاتە. ئاسایشی سەرجەم وڵاتانی کەنداو پەیوەستە بە ئاسایشی سعودیە. دەمێکە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە لە پێناو ناسەقامگیرکردنی سعودیە و ڕووخانی حوکمی ئالسعود لە ریاز. بەڵام ئەمجارەیان هەڕەشەی سەر سعودیە یەکجار جیاواز و مەترسیدارە. کشانەوەی سوپای عێراق لەسەر سنوورەکانی سعودیە-هەرچەندە دەتواندرێت لێکدانەوەی جیای بۆ بکرێت- ڕاستەوخۆ ڕێگا بۆ توندڕەوەکان خۆشدەکات کە زەمینەسازی بکەن بۆ لێدانی سعودیە و لە خەو ڕاپەڕاندنی شانە نووستوەکانی داعش و قاعیدە، کە پێدەچێت لە هەموو وڵاتێکی سوننەنشین پێگەیان هەبێت. خۆ ئەگەر پاشەکشەپێکردنی سوپای عێراق لەو ناوچانەدا، تاکتیکی سەربازیی بێت لە پێناو بەهێزکردنی بەرەکانی دیکەی جەنگ لە عێراق، کە ڕەنگبێت زیاتر پێویستیان بەهێزی سەربازی بێت، ئەوە پاشەکشەکردنەکە کشانەوەیەکی سەربازیی ڕێکوپێک و پلاندارێژراو دەبوو، نەوەک پەرتەوازەپێکردنی سوپا و سەر لێشێواندنیان لە بیابان بەو شێوە هەڕەمەکییەی کە ڕوویدا. بێ پلانی لە پاشەکشەی سەربازی زیاتر بۆنی پیلانی لێدێ نەوەک تاکتیکی جەنگ. سعودیەش درکی بەم مەترسیانە کردووە لە جوڵە پێکردنێکی سەربازیی گەورە، کە پتر لە 30 هەزار سەربازی ڕەوانەی سەر سنووری عێراق کردووە. سەرباری ئەمەش، حووپییەکانیش لە یەمەنەوە بە پشتیوانی هێزە ئیقلیمەکان نائارامیان خستووەتە سنوورەکانی باشووری سعودیە و بەشێکی گەورەی هێزە سەربازییەکانی ریازیان سەرقاڵکردووە. ئەگەر حکومەتی عێراق بە هاوکاریی هێزە ئیقلیمییەکان پلانیان هەبێت بۆ ناسەقامگیرکردنی سعودیە، کە لەگەڵ خۆی سەرجەم وڵاتانی کەنداویش دەکەونە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ، ئەوا گورزێکی کوشندە بە ئەمریکا و ئابوورییە زەبەلاحەکەی دەکەوێت، ئابوورییەک کە تا ئەم ساتە وەختەش ئەسیری دەستی دابینکردنی نەوتە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و وڵاتانی کەنداو بە تایبەتی.

## نەوتی کوردستان.. پلانی B ئەمریکا

ئەمریکا پێویستی بە پلان B هەیە، چونکە هەموو دونیا بەگژ یەکدیدا بچنەوە ئەمریکا دەستبەرداری نەوتی دەرەکی نابێت، کە ئێستا پێویستترین کاڵای ستراتیژییە بۆ بەردەوامی گەشەی ئابووری. هاتنە سەرخەتی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و پاراستنی ئەزموونی کوردستان و فراوانکردنی توانای نەوتی هەناردەکراو بە کەرکووکیشەوە، کلیلی دڵنیاییە بۆ واشنتن. لە کوردستان، سەرکردەکان دژی گەلەکانیان نین، لە کوردستان هاونیشتیمانییەکان دژی ئەمریکا و بەهاکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە نین. لە کوردستان عەقلیەتی تاک مەزهەبی و سەلەفی و دەوڵەتی فەقیهو عەقڵیەتی مەرجەعیەکان باویان نییە. ئیدی کاتیەتی ئەمریکا ئەو وڵاتانە هەڵبژێرێت بۆ پشتبەستن بە دابینکردنی وزە کە خۆیان دەتوانن ئاسایشی خۆیان دابین بکەن بە هاوکاری و پشت ئەستووری گەلەکانیان. کاتیەتی ئەمریکاش گوێ لە کێشەی گەلانی خاوەن وزە بگرێت و چەمکی سوودگۆڕکێ پەیڕەو بکات. واشنتن دەبێت تێبگات ئیدی باوی ئەوە نەماوە بە تەنیا گەلانی دیکە گوێ بۆ پێداویستییەکانی ئەوان شل بکەن، لە بەرامبەردا هیچ لە ئەمریکا نەدروونەوە.



عومەر ئەحمەد *

# قەیرانی بەنزین و مۆدێلی دارایی هەرێمی کوردستان

هەندێ لە وڵاتان بەتایبەت ئەوانەی لە حاڵەتی گەشەدان، سیاسەتی داشکانی نرخی هەندێ کاڵای گرنگ و ستراتیژی دەگرنەبەر، بەو چەشنەی کە ئەو کاڵانە بە نرخێک دەدرێتە هاووڵاتیان کە کەمترە لە تێچووی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنیان. وەها سیاسەتێک ناوی نراوە سابسیدی.

بەکارهێنانی سابسیدی زۆرجار بۆ بەرهەمە نەوتییەکان یان سووتەمەنییەکانە کە بۆ هەر وڵاتێک گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی کە نرخی سووتەمەنی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زۆر لە کەرتەکانی دیکەی وەک پیشەسازی و گواستنەوە و کشتوکاڵ هەیە و لە ئەنجامدا کاریگەری لە هەموو هەیکەلی ئابووری هەر وڵاتێکدا دەکات.

بۆ نموونە لە بواری سووتەمەنیدا هەندێ وڵات بۆ ئەوەی کە هاووڵاتیان بتوانن بە ئاسان بەنزین بکڕن و دەنگیان دەرنەیەت، نرخەکەی تا ڕادەیەک دادەشکێنن کە زۆر کەمترە لە تێچووی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی.

وڵاتێکی وەک ڤەنزوێلا کە بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نەوتە لە جیهان و ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپێکیشە، بەنزین بە نرخی پێنج سێنت بۆ هەر لیترێک دەداتە هاووڵاتییان، کە زۆر کەمترە لە تێچووی بەرهەمهێنانی. لە کاتێکدا نرخی بەنزین لە زۆر وڵاتان نزیکە لە یەک دۆلار بۆ هەر لیترێک.

ئەگەر نرخی نەوت بەرزبێتەوە، ئەو وڵاتانەی کە داشکانی زۆریان بۆ نرخی بەنزین و بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە کردووە، گوشارێکی زۆریان دەکەوێتە سەر، چونکە بۆ ڕاگرتنی ئەو نرخە نزمانە، حکومەت لە بودجەی گشتی کە دەکرێت لە کەرتەکانی گرنگی دیکەی وەک پەروەردە و بنیاتکردنەوەی ژێرخانی ئابووری خەرج بکرێت، ناچارە بەشێکی زۆری بگەڕێنێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە نرخە ڕاستەقینەکەی و ئەو نرخەی کە پێشکەش دەکرێت هەیە.

ئەو قەیرانەی بەنزین کە ئێستا باشووری کوردستان تێیکەوتووە لەوە سەرچاوەی گرتووە. تارادەیەک پێشتر بەهۆی هەبوونی بودجە، حکومەت دەیتوانی کورتهێنانی دابینکاری بەنزین پڕبکاتەوە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی قەیرانی دارایی هەیە ناتوانێت ئەو بڕە بەنزینەی کە پێویستە هاوردەبکات و پاڵپشتی دارایی لێبکات و بە نرخێکی کەم بیداتە هاووڵاتیان. سەرەرای ئەوەش ئەو بڕە بەنزینەی کە لە باشووری کوردستان بەرهەمدێت تەنیا نیوەی پێداویستییەکانی خەڵکەکەی پڕدەکاتەوە. هەر بۆیە ڕوویکردووەتە دابەشکردنی بەنزینی بازرگانی کە تێچووەکەی زیاترە و نزیکە لە نرخە ڕاستەقینەکەی.

پەیڕەوکردنی سیاسەتی یارمەتیدان یان سابسیدی تەنیا لە یەک کاڵای ستراتیژی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیڕەو نەکراوە، بەڵکو لە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەک کارەبا و ئاویش پەیڕەو کراوە.

زۆر ئاشکرایە، ئەو بڕە کارەبا و ئاوەی کە دەدرێت بە هاووڵاتیان بە نرخی ڕاستەقینەی نافرۆشرێت پێیان، لەکاتێکدا تێچوو و خەرجی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییانە بە تایبەت لە کەرتی کارەبادا زۆر زیاترە لەوەی هاووڵاتیان مانگانە دەیدەنە حکومەت.

ئەوەش قورساییەکی زۆر لەسەر بودجەی حکومەت دادەنێت. دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە نزیکەی 40% تا 50%ی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە ساڵانی ڕابردوودا بەخۆی تەرخان کردووە.

ئەگەر حکومەت بتوانێت دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بداتە کەرتی تایبەت یان بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت پێشکەشی بکات و نرخەکان ئازاد بکات، بەشێکی زۆری لە بودجەی ساڵانەی بۆ دەگێڕێتەوە کە دەکرێت لە کاتی قەیران یان بۆ پرۆژە ژێرخانییەکان خەرجی بکات.

ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بووەتەوەو سەرقاڵی شەڕی وەرگرتنەوەی خاک و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانە، کاتێکی گونجاوە کە چاوخشاندنێک بکات بەو سیاسەتە داراییەی کە بە درێژایی چەندین ساڵە پەیڕەوی دەکات.

لە جیهانی سەرمایەداری و دیموکراسی ئەمڕۆدا، پەیڕەوکردنی سیاسەتی سابسیدی یان پاڵپشتی دارایی بەتایبەت بۆ کاڵا ستراتژییەکانی وەک بەنزین و کارەبا و ئاوی پاک چیدیکە سەنگی نەماوە.

لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، ئەو کاڵایانە بەنرخی ڕاستەقینەی بازار و تا ڕادەیەک بەرز دەدرێتە هاووڵاتیان. لەو وڵاتانەدا بودجەی حکومەت و دەوڵەت بە زۆری لە باجی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکان دابیندەکرێت، لەجیاتی، هاووڵاتیان بەشداری ڕاستەقینەن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە ئۆتۆکرات یان تۆتالیتارن، لەجیاتی ئەوەی بەشداری ڕاستەقینە بە هاووڵاتیان بکرێت، لە سایەی سامانی سروشتی زۆری نەوت و گاز خزمەتگوزارییەکان بە هەرزان یان بە بەلاش دەدرێتە هاووڵاتیان و ئەوانیش باجێکی وەها نادەنە حکومەت.

باشووری کوردستان بەتایبەت ئێستا کە تووشی ئەو قەیرانە داراییە هاتووە، هەلێکی گونجاوی لەبەردەمە بۆ ئەوەی دیسان خۆی تاقیبکاتەوە و بە قوڵی بیر لەوە بکاتەوە کە خوازیارە لە داهاتوودا کام مۆدێل لە دەوڵەتداری و چ مۆدێلێکی دارایی پەیڕەو بکات. ئەگەر مۆدیلی دیمۆکراسی و سەرمایەداری هەڵبژێرێت، دەبێت هاووڵاتیان بە ئارەزووی خۆیان و بە سینگفراوانی ئەزیەتی گرانبوونی بەنزین و کارەبا و ئاوی خاوێن بکێشن و ڕاستەوخۆ بە دانی باج وابکەن هەم وڵات بەڕێوەبچێت و هەم مافی بەشدارییپێکردنی ڕاستەقینەیان پێبدرێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

قوڕقوشمی تێدەکرێت

# لە کوردستان مەترسیدارترین جۆری بەنزین بەکاردێت



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

**سەروەر سالار و جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

پسپۆڕان و دۆستانی ژینگە دەڵێن گرانکردنی بەنزین وادەکات کەمتر ئۆتۆمبێل بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش لە خزمەت پاکڕاگرتنی ژینگە دایە، دەشڵێن عێراق یەکێکە لەو 6 وڵاتەی جیهان کە تاوەکو ئێستاش قورقوشم دەکاتە پێکهاتەی بەنزین، بەمەش مەترسیدارترین جۆری بەنزین لە عێراق و کوردستان بەکاردێت.

د.ساڵح نەجیب، پسپۆڕی ژینگە و مامۆستای زانکۆ پێیوایە "60%ی پیسبوونی هەوا، بەهۆی ئامرازەکانی گواستنەوەیە، بەتایبەت ئۆتۆمبێل". چونکە "بەسووتانی تەنیا لیترێک بەنزین دوو کیلۆ گازی ژەهراوی دوانۆکسیدی کاربۆن بەکاردێت".

بەپێی قسەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، پێشتر ئۆتۆمبێلەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستیان بە 6 ملیۆن لیتر هەبووە، کەواتە ڕۆژانە 12 ملیۆن کیلۆ گازی دوانۆکسیدی کاربۆن تێکەڵ بەژینگەی کوردستان دەبوو.

ئێستا ئەگەر تەنیا بەرهەمی بەنزینی خۆماڵی بەکاربێت (3،2 ملیۆن لیتر لە ڕۆژێکدا)، کەواتە 6.4 ملیۆن کیلۆ دوانۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ تێکەڵ بە هەوای کوردستان دەبێت.

کاتێک بزوێنەری ئۆتۆمبێل بەنزین دەسووتێنێت 500 پێکهاتەی گازی و تەنۆلکەی زیانبەخش لە ئەگزۆزی ئۆتۆمبێلەکەوە دەچێتە هەوا و مرۆڤ و ئاژەڵەکان بەشێکی زۆری هەڵدەمژن و ڕووبەڕووی چەندین مەترسی تەندروستی دەبنەوە.

جگە لە گاز و تەنۆلکەی دەرچوو، ئۆتۆمبێل لەڕێگای گەرمکردنی ژینگەشەوە مەترسی دروستدەکات. چونکە لەکاتی کارکردنیدا، پلەی گەرمی بزوێنەری ئۆتۆمبێل دەگاتە 500 پلەی سەدی، ئەم گەرمییەش دەداتەوە بە ژینگە و مەترسی گەورە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکیش دروستدەکات.

## گرانبوونی بەنزین کارەسات نییە

زیادکردنی نرخی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت خەڵکی وا لێدەکات ڕووبکەنە ئامرازە گشتییەکانی وەکو پاس، کە مەترسییان کەمترە، چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لە یەککاتدا دەگوازنەوە و دەبنەهۆی کەم بەکارهێنانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئۆتۆمبێلی تایبەت.

محەممەد سەعید نووری، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی خوازیارە پەنگخواردنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانی سلێمانی کەم بکرێتەوە، ئەویش بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت و هێنانی پاسی گەورەتر بۆ هێڵەکانی گواستنەوەی ناوشار و دەرەوەی شار و بیرکردنەوە لە دەستپێکردنی پرۆژەی هێڵی ترامی ناو شارەکان. محەممەد سەعید پێیوایە گرانبوونی نرخی بەنزین "لەڕووی ژینگەییەوە کاریگەرییەکی باشی هەیە".

د.ساڵحیش دەڵێت "ئێستا گرانبوونی بەنزین نەبووەتە هۆی ئیفلیجکردنی هاتوچۆ، بەڵکو بەکارهێنانی ناپێویستی ئۆتۆمبێلی کەمکردووەتەوە و پێدەچێت خەڵکی هان بدات بۆ شوێنە نزیکەکان بە پێ بڕۆن، کە ئەوەش نەریتێکی تەندروستانە دەبێت"

## بەنزینی عێراق و کوردستان مەترسیدارە

جگە لەو زیانەی وەک هەر بەنزینێکی دیکە هەیەتی، بەنزین عێراق ماددەی چوارەم ئەسیلی قوڕقوشمی تێدایە، کە مەترسییەکی زۆر لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستدەکات.

چوارەم ئەسیلی قورقوشم (Tetraethyllead) لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بۆ پێکهاتەی بەنزین زیاد دەکرا تا ڕاددەی ئۆکتانی بەنزینەکە بەرزبکاتەوە. بەڵام دواتر زانرا ئەم ماددەیە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ بە گشتی و منداڵان بەتایبەتی، لەوانەش کەمکردنەوەی توانای زیرەکییان و تووشکردنیان بە خەمۆکی و کەمخوێنی و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە. بۆیە لە زۆربەی وڵاتان قەدەخە کرا ئەو ماددەیە لە بەنزین بکرێت.

ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا تەنیا شەش وڵات بێ گوێدانە کاریگەرییە نەرێنییەکانی، ئەم ماددە مەترسیدارە دەکەنە بەنزین کە بریتین لە جەزائیر، عێراق، یەمەن، میانمار، کۆریای باکوور و ئەفغانستان.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی دەڵێت "چەندینجار لەڕێگەی نووسراو و کۆڕی زانستی و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەوە داوامان کردووە چیدی ئەم ماددە مەترسیدارە نەکرێتە بەنزین، بەڵام بەداخەوە پاڵاوگەکانی کوردستانیش ئەم ماددەیە دەکەنە بەنزین".

## خەڵک پاسکیل لێناخوڕن

تەندروستیترین ڕێگای هاتوچۆ، پیادەڕەوی و پاسکیلسوارییە. بەڵام هاتوچۆ بە پاسکیل لە کوردستاندا هێشتا نەبووەتە کلتوور. سەعیدی عەبەکە، 60 ساڵ، ساڵانێکە لە شاری سلێمانی دووکانی فرۆشتنی پایسکلی هەیە، لەو باوەڕەدا نییە گرانبوونی بەنزین وابکات خەڵکی ڕوو لە پاسکیلسواری بکەن "ئەوانەی لای ئێمە پاسکیل دەکڕن، منداڵ و مێردمنداڵەکانن. لای ئێمە تا ئێستاش گەورەکان بە عەیبەی دەزانن بە پاسکیل هاتوچۆ بکەن".

### زیانەکانی بەنزینی قوڕقوشماوی

- کار لە گەشەی مێشکی منداڵ دەکات و توانای زیرەکیان کەمدەکاتەوە.
- کار لە سیستمی هەناسەدان و سووڕی خوێنی کەسانی پێگەیشتوو دەکات.
- لە ژنانی سکپڕدا دەبێتە هۆی لەبارچوون، لەدایکبوونی منداڵی ناکام و هەندێک شێواوی زگماکی
- دەبێتە هۆی تووشبوون بە کەمخوێنی
- نیشانەکانی نەخۆشکەوتنی دەمارەکان، وەکو سەرئێشە و تووڕەیی و ماندوێتی بەردەوام
- کار لە کۆئەندامی سێکسی پیاوان دەکات
- ڕێگا خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە هەندێک جۆری شێرپەنجە

مرۆڤ کە پیر بوو چی بەسەردێت؟

# قیتکە بە پیریش ئیشی خۆی دەکات

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە کوردەواریدا لە خۆڕایی نەگوتراوە "پیری و هەزار عەیب". پیری جگە لەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی لەگەڵ خۆی دێنێت، گۆڕانکاری زۆریش بەسەر جەستە و دەروونی مرۆڤدا دێنێت. لەوانەش:

### دەبێ کەمتر بخۆیت

مرۆڤ لە تەمەنی 80 ساڵیدا پێویستی بە 20% کەمتر لە گەرمۆکەی خۆراک هەیە، بەراورد بە تەمەنی 30 ساڵ، ئەوەش بەشێکی بۆ کەمبوونەوەی چالاکییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لەشیش لە سووتاندنی گەرمۆکەکاندا زیاتر خاو دەبێتەوە. ئەگەر کەمترت خوارد، ئاگاداربە، بە ڕێژەی پێویست کالسیۆم و ڤیتامینەکان وەربگرە، واتە کەمکردنەوەی بڕ بێت نەک کواڵێتی خۆراک. خۆراکی تەندروست یارمەتی پاراستنی دڵ و ئێسک و بیرەوەرییەکانت دەدات.

### پێویستت بە چاویلکە دەبێت

یەکەم تێبینیت لەوانەیە ئەوە بێت کاتێک لیستێکی خۆراک دەبینی بە ئاسانی بۆت نەخوێندرێتەوە، کەسانی پێگەشتوو بە زۆری کێشەیان دەبێت لەگەڵ بینینی شتە زۆر نزیکەکان، ئەوانەی لە 50 سانتیمەتر نزیکترن، ئەوەش لە 40 ساڵییەوە دەستپێدەکات. خۆشبەختانە، چاویلکەی خوێندنەوە بە نرخێکی هەرزان، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت.

### کلیل بۆچی بەکاردێت؟

مێشک دەگاتە قەبارەی تەواوی خۆی لە بیستەکانی تەمەندا، دواتر هێواش هێواش دەست بە پووکانەوە دەکات، هەروەها ڕۆیشتنی خوێنیش بەپێی کات کەمدەبێتەوە، بەڵام هەندێک جۆری بیرەوەری پێشکەوتن بە خۆیانەوە دەبینن بە درێژایی تەمەن، هەروەک توانای قەبوڵکردنی ڕاستییەکان و بیرکەوتنەوەی شتە دووبارەکان.

وەڵامی پرسیارەکانی (بۆچی) و (چۆن)، ئاسانتر بیردەکەونەوە لە (چی)، (کەی)، (لەکوێ). بیرچوونەوەی سادە حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵام هەندێک کات نیشانەیەکی سەرەتای ئەلزایمەرە، بۆ نموونە ئەگەر کلیلەکانت ون بکەیت ئاساییە، بەڵام ئەگەر نەتزانی بۆچی بەکاردێت، نائاساییە.

### دەنگی کێ خراپ دەبیستی؟

ژن و منداڵ، بەشێوەیەکی سروشتی تۆنی دەنگیان بەرزە، ئەو جۆرە دەنگانەش یەکەم دەنگن دەگەنە گوێ، بە تێپەڕبوونی کات خانەکانی ناوگوێ، ئەوانەی شەپۆلە دەنگییەکان دەنێرن بۆ مێشک، هەستیارییان کەمتر دەبێتەوە، ئەوەش وا دەکات جیاکردنەوەی دەنگەکان ئاسان نەبێت، هەندێک هۆکاریش کاریگەرییان هەیە لەسەر خراپترکردنی دۆخەکە، وەک بۆماوەیی، دەنگی بەرز، نەخۆشی، یان مۆمی ناو گوێ.

### قیتکە هەر زیندووە

ئەوانەی تەمەنیان 75-85 ساڵە و چالاکی سێکسییان هەیە، دەڵێن کێشەیان هەیە، زیاتر لە نیوەیان لە مانگێکدا تەنیا دوو یان سێجار سێکس دەکەن.

پیربوون مانای ئەنجامنەدانی سێکس نابەخشێ، ڕەپنەبوون چارەسەری هەیە، قیتکەش بە زیندوێتی دەمێنێتەوە لەگەڵ تەمەندا، ژنان پێویستیان بە دەستبازی زیاتر هەیە تاوەکو ڕۆیشتنی خوێن بۆ شوێنە هەستیارەکانیان چالاکتر بێت.



( فۆتۆ: سیروان عەزیز )

### پیری باڵات نزمدەکاتەوە

لەتەمەنی 30-70 ساڵیدا، پیاوان 2.5 سانتیمەتر و ژنان 5 سانتیمەتر لە باڵایان کەمدەبێتەوە. لە دوای ئەو تەمەنەوە ڕێژەکە زیاتریش دەبێت، چونکە کڕکڕاگەی نێوان جومگەکان کەمدەبێتەوە و بڕبڕەکان فشار دەخەنە سەر دڕکەپەتک. لاوازبوونی ئێسکیش کاریگەری هەیە. کورتبوونەوە بەشێوەیەکی بەرچاو، لەوانەیە ئاماژەیەکی ترسناک بێت بۆ بوونی کێشە لە ئێسکەکاندا، ماسوولکەکانیش لاواز دەبن و لەوانەیە بەباشی نەتوانن هەڵتبگرن.

### لوت و گوێت گەورەتر دەبن

بەڵام لە نیشانە سەرنجڕاکێشەکانی پیری گەورەبوونی هەندێک ئەندامی لەشە. کڕکڕاگەی گوێیەکان لە گەشە ناوەستن، ئەمەش وا دەکات گوێچکەکان درێژتر ببن، لووتیش بەهۆی لاوازبوونی بەستەرە شانەکانەوە گەورەتر دەردەکەوێت.

بەهۆی چوونە ناو تەمەنەوە هەندێک شوێن مووی لێدێت، کە حەزی پێناکەی. لە ژناندا دوای وەستانی سووڕی مانگانە، لەوانەیە هەندێک موو لە چەناگە دەربکەون، چونکە هۆرمۆنی مێینەی کەمدەبێتەوە و کاریگەری هۆرمۆنی نێرینە دەردەکەوێ.

بەڵام لە پیاواندا پیربوون دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی قژ، لەوانەشە ببێتە هۆی وەرینی قژ، هەروەها هاتنی موو لە گوێچکە و لووت.

### چرچ و لۆچی پیربوون

پێست لە دوای تەمەنی بیست ساڵی پیر دەبێت، چونکە ئیدەی لەش کۆلاجین و ئیلاستین و پرۆتینی زۆر دروستناکات، کە یارمەتی پێست دەدەن بە توندی و جیڕی بمێنێتەوە. پێست تەنک دەبێتەوە و بە ئاسانی ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی کاتێک پێدەکەنیت، یان پێستت دەکشێ.

ئەو ڕاهێنانەی ماسولکەکانی دەموچاو بەهێز دەکەن دۆخەکە خراپتر دەکەن، کرێمی دژەخۆر بەکاربهێنە پێش چوونە دەرەوە، هەوڵبدە واز لە جگەرەکێشان بهێنیت.

### پیرەکان گەشبینن

ئەوانەی دەچنە تەمەنەوە زیاتر بیر لە بەشە ڕووناکەکەی ژیان دەکەنەوە، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە بەشێوەیەکی گشتی پیرەکان بیر لە شتی خۆش دەکەنەوە، زیاتر لە گەنجان ئەرێنیانە بیر دەکەنەوە. هەروەها بیرکردنەوە لە ڕابردوویان، کەشێکی دەروونی خۆشیان دەداتێ.



# دەردە ڕێوی

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

دەردە ڕێوی، حاڵەتێکە تێیدا مووی لەش (بەتایبەتی قژی سەر) هەڵدەوەرێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تووشی چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی پێستی سەر یان لەش دەبێت و ئەو ناوچە دیاریکراوانە کەچەڵ دەکات. لە 1-2%ی حاڵەتەکاندا هەموو پێستی سەر کەچەڵ دەکات. لە ژمارەیەکی کەمتری تووشبوواندا هەموو مووی لەش هەڵدەوەرێت. 1 تا 2 لە هەزاری خەڵکی بە پیاو و ئافرەتەوە تووشی ئەو دەردە دەبن دەبن، بەڵام لە ئافرەتاندا بڵاوترە.

### هۆیەکانی

- بۆماوەیی: هەبوونی خزمی نزیکی تووشبوو ئەگەری تووشبوون زیاتر دەکات.
- پەیوەندی هەیە لەگەڵ تێکچوونی کۆئەندامی بەرگری، بەجۆرێک کۆئەندامی بەرگری ئەو کەسە بە هەڵە هێرش دەکاتە سەر چیکڵدانەکانی موو و گەشەی موو دەوەستێنێ و هەڵی دەوەرێنێ.
- فشاری دەروونی.

### دەستنیشانکردن

- ناوچەیەک یان زیاتری بازنەیی لە پێستی سەر یان ریش یان هەر ناوچەیەکی دیکەی مووداری لەش، مووی پێوە نامێنێت. هەڵوەرینی مووەکە لە ماوەیەکی کورتدا ڕوودەدات. هەندێجار ئازاریشی لەگەڵ دایە.
- لە قەراخی ناوچەکەوە، بە ئاسانی بەدەست دەتوانی موو هەڵبکەنی.

### چارەسەر

50%ی تووشبووان بێ ئەوەی چارەسەری وەربگرن لە ماوەی ساڵێکدا مووەکەیان دێتەوە. 90%ی حاڵەتەکان لە کۆتاییدا موویان دێتەوە. ئەو 10%یەی دەمێنێتەوە، هەرگیز مووەکانیان نایەتەوە.

ئەگەر حاڵەتەکە توند بوو، پزیشک لە شێوەی کرێم یان دەرزیدا ماددەی ستیرۆید دەداتە نەخۆش، هەندێجار ماددەی مینۆکسیدیلت دەدرێتە تووشبوو، کە یارمەتی بەهێزبوونی قژ دەدات، لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا ماددەی دابەزاندنی بەرگری لەش دەدرێت تا هێرشی کۆئەندامی بەرگری بۆ سەر چیکڵدانەکانی موو لاواز بکرێت یان بووەستێنرێت.

دەردەڕێوی ڕێگا خۆشدەکات بۆ تووشبوون بە فشاری دەروونی و خەمۆکی و خۆبەکەمزانین و شەرم کردن. ئەرکی پسپۆڕانی دەروونی و دەوروبەرە یارمەتی ئەوانە بدەن، کە موویان هەرگیز نایەتەوە خۆیان لەگەڵ ئەم بارەدا بگونجێنن و، چیدی چاوەڕێی چارەسەر نەبن.

### چارەنووسی حاڵەتەکە

ئەوانەی چەند ناوچەیەکی بچووکی قژ ڕووتانەوەیان هەیە، ئەگەری چاکبوونەوەیان زیاترە، بەڵام ئەوانەی ناوچەگەلێکی فراوانیان کەچەڵ دەبێت، یان زۆر خێرا تەشەنە دەکات، ئەگەری ئەوەیان زیاترە حاڵەتەکە سەرجەم مووی سەریان یان تەنانەت هەموو لەشیان بروتێنێتەوە و ئەگەری ئەوە زیاترە لەو جۆرە بن، کە ئیدی موویان نایەتەوە.

دوای هاتنەوەی مووەکە، ئەگەری ئەوە هەیە دووبارە و چەند بارە مووەکە هەڵبوەرێتەوە.

# دانیمارکییەکان کوردستانیان پێ لە داعش باشترە



## پسپۆڕێکی دانیمارکی:
## سەرکردە کوردەکان هەر چاوەڕێ دەکەن

**دەنیز سێرنچی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

شارەزایان دەڵێن لەکاتێکدا عێراق لە تەنگژەدایە و گرووپە توندڕەوەکان دەست بەسەر ناوچەی زیاتردا دەگرن، هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو ئۆتۆنۆمی تەواوەتی دەهاوێت. دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دانی پێدابنێن و پشتگیریی لێبکەن.

داهاتووی عێراق نادیارە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە گرووپی جیهادیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا دەستیان بەسەر ناوچە سوننییەکاندا گرتووە. هێزی پێشمەرگەش بەرپەرچی ئەو چەکدارانەی داوەتەوە کە لەدوای هەرەسهێنانی بەتالیۆنەکانی سوپای عێراق، لەو ناوچانەن.

"کوردەکان شایەنی دانپێدانان و پشتگیریی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین"، ئەمە گوتەی ماسیاس بیژۆرنتۆلند-ی مێژوونووسە، لە پەیمانگای دانیمارکی بۆ خوێندنی جیهانی: "کەس بەبێ عەیب نییە، بە سەرکردە کوردەکانی عێراقیشەوە، بەڵام کاتێک بەدیل لە ناوچەکەدا جیهادیەکان و حکومەتی بەغدا و بەشار ئەسەدی سووریا بن، ئەوە دەبێت هیچ گومانێک نەبێت لە دانپێدانان بە کورددا."

گاریس ستانسفێڵد، بەڕێوەبەری پەیمانگەی خوێندنی عەرەبی و ئیسلامی لە زانکۆی ئێکستەری بەریتانیا، دەڵێت لەوبڕوایەدایە کە ئێستا هەلێکی مەزن لەبەردەم سەرکردایەتیی کورددایە بۆ فراوانکردنی ئۆتۆنۆمییەکەیان یان هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، بە پشتبەستن بە ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق.

"ئێستا کە بێسەروبەری و ناسەقامگیری عێراقی گرتۆتەوە، ڕەنگە کوردەکان وەک تەنها ناوچەیەک دەرکەون کە هەموو شتێک لە دەوروبەریان هەرەسی هێنابێ. ئەمەش وادەکات ئۆتۆنۆمیی تەواو یان سەربەخۆیی بۆ کوردستان ببێتە ڕاستییەکی حاشالێنەکراو،" ئەو وای بە رووداو گوت.

ستانسفێڵد لەو بڕوایەدایە کە ناوچەکە بە هەندێک وڵاتی عەرەبی و تورکیاشەوە پشتگیری لە ئۆتۆنۆمیی زیاتر یان سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکەن.

"سیاسەتەکانی ئەمدواییەی تورکیا لە سێکتەری نەوت و غاز، کە ئاماژەن بە مامەڵەیەکی درێژخایەنی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنها لە یەک حاڵەتدا دەتوانرێ پەرەی پێبدرێ. ئەگەر هەرێمەکە بگۆڕێ بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ و ببێتە کۆماری کوردستان."

بەڵام ستانسفێڵد پێشبینیی کرد کە سەرکردە کوردەکان بەردەوامبن لە "تەماشاکردن و چاوەڕێکردن."

لە دانیمارک، ئەو وڵاتەی بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کرد لە ساڵی 2003، سەرەڕای دەنگی ناڕەزایی شەقامی ئەو وڵاتە لەدژی شەڕ، خەڵک دەڵێن بەگرنگییەوە سەیری کۆششی کوردەکان دەکەن، لە وەستانەوە لەدژی چەکدارە ئیسلامییەکان. هەروەها پشتگیری لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.

بەشێک لە بیانووەکانی حکومەتی دانیمارک بۆ بەشداریکردن لە جەنگی عێراقدا سەرکوتکاری بەرامبەر کوردەکان بوو لەسەردەستی ڕژێمی سەدام حوسێن.

بە هەمان شێوەی بانگەشەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، کە دواتر دەرکەوت زۆریان هەڵە بوون. حکومەتی دانیمارک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەدام خاوەنی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجییە. ئەو چەکانەشی لەدژی خەڵکی وڵاتەکەی لە هەڵەبجە بەکارهێناوە. لەکاتێکدا بیرۆکەی جەنگ بەتووندی لەلایەن خەڵکی دانیمارکەوە دژایەتی دەکرا، ئەو کوردانەی لەترسی ڕژێمی بەعس کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردبوو، پشتیوانی جەنگەکەیان دەکرد.

دانیمارکییەکان لە کۆپنهاگن-ی پایتەخت گوتیان هاوسۆزن لەگەڵ کوردەکان و پشتگیرییان دەکەن.

مادس فێردرسن-ی تەمەن 28 ساڵ، کە قوتابیی زانکۆیە، گوتی: "کوردەکان شایەنی دانپێدانانن بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە لەڕووی سەربازییەوە لەدژی تیرۆریستانی داعش دەجەنگن و لەلایەکی دیکەوە هەوڵ بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی سەقامگیر و گەشەکردوو لە باکووری عێراق دەدەن."

"کوردەکان چەوسێنراونەتەوە،" میشێل گرام-ی تەمەن 30 ساڵ، کە پسپۆڕی بواری پەیوەندیکردنە، وادەڵێت: "ئێستا دەتوانیت ئەو جیاوازیە ببینیت لەنێوان سوپا و خەڵکێکدا کە پێکەوە بەرگری لە ئامانجەکانیان دەکەن لەگەڵ ئەو بەشانەی دیکەی عێراقدا کە ماونەتەوە و بڕوایان بە هیچ شتێک نییە."

تۆماس ولیام-ی تەمەن 50 ساڵ گوتی: "وا دەردەکەوێت کە هێرشەکانی داعش بۆ ماوەیەک خاوبووبنەوە، کە ئەوەش باشە بۆ سەقامگیریی عێراق و هەموو ناوچەکە." هەروەها "کوردەکان شایەنی ڕێزی تەواون بۆ کۆششەکانیان لەم شەڕەدا."

هەندێک خەڵک گوتیان کە پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن. کریستیان لارسێن-ی تەمەن 45 ساڵ، کە کارمەندی شارەوانییە گوتی: "دەبێ کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت." هەروەها گوتیشی: "ئێمە لە دانیمارک و لە ڕۆژئاوا پێویستە دانی زیاتر بە کورددا بنێین، چونکە ئەوان تاکە نەتەوەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شەڕ لەدژی ئیسلامی توندڕەو بکەن."

# "سەربەخۆیی پێویستی بە ڕاهاتنە"

**یودیت نیورینک**
**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کورد بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان بدات، ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کوردی بەتەواوی سەرقاڵکردووە.

بانگەواز و داواکاری بۆ پەسندکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بەشێوەیەکی بەربڵاو تۆڕەکانی ئینتەرنێتی گرتووەتەوە. کورد لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەستیان بە هەڵمەتی "هەموومان پێشمەرگەین" کردووە بۆ پشتگیریکردن لە شەڕڤانانی کورد، کە ئێستا سنوورە نوێکەی کوردستان دەپارێزن.

هەرچەندە پشتگیری بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەرتاپای هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بەڵام زۆر لە کورد ئەو ڕاستییە ناشارنەوە کە هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبوون ئەو خەونەیان بێتەدی.

ڕەوەند بەرزنجی، دانیشتووی هۆڵەندا، دەڵێت: "تەنیا خەونی ڕاستەقینەم لە ژیان دێتەدی. بەیەکجاری دەگەڕێمەوە و بەردەوامی بە ژیانم دەدەم لە کوردستان. سروشت و خاکی کوردستان وەکو بەهەشتە".

ڕەوەند سیروان، قوتابییە لە شاری هەولێری پایتەخت. ئەویش دەڵێت "بە لایەنیکەمەوە وڵاتێکم دەبێت. وڵاتێکی ڕاستەقینە کە دەتوانم بە هی خۆمی بانگ بکەم." ئەو دەشڵێت: "هەموومان دەمانەوێ سەربەخۆبین. چەندین ژن و پیاو لەو پێناوەدا گیانیان بەختکردووە."

بۆ سۆران نەقشبەندیی فۆتۆگرافەر، کە لە سلێمانی دەژیت، ئازادی یەکێکە لە سیمبۆلە سەرەکییەکانی سەربەخۆبوون "بە چاوی خۆم لە ژیانمدا دەوڵەتێکی کوردی ئازاد دەبینم، ئەوە کاریگەرییەکی بێسنووری دەبێت لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانم. منداڵەکانم بە ئازادی لەدایک دەبن و بە ئازادی دەمرن".

ئەو بە پەندێکی کوردی پیشانیدەدات کە ئازادی چەندە گرنگە: "خەڵکی خۆمان ئێسقانەکانت ناشکێنن، تەنانەت ئەگەر گۆشتەکەشت بخۆن. ژیانێکی هەژارانە و بەئازادیم پێ پەسندترە نەک ژیانێکی دەوڵەمەندانەی ژێردەستانە."

"وەکو خەڵکانی دیکە، ئێمەش شایانی ئەوەین کە خاکی خۆمان هەبێت،" ئەمە قسەی نێچیرڤان هەرکییە، کە لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە و ئێستا لە هەولێر دەژیت. ئەو پێشبینی دەکات کە دەوڵەتێکی نوێ لە هەموو ڕوویەکەوە ئارامی و سەقامگیری زیاتر بۆ کوردەکان دابین بکات: "هەنگاوێک نزیکتر دەبینەوە لە سیستمێکی دیموکراسیی باشتر. زیاتر کاریگەریمان دەبێت لەسەر جیهانی دەرەوە".

چیدیکە بەشێک نەبوون لە عێراق، وەکو ئەنجامێکی گرنگ بۆ سەربەخۆیی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە تەماشایدەکرێت.

"هەست بە شەرم دەکەم کە بەزۆر ناچاربکرێم عێراقی بم،" سامان پێنجوێنی بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی ناحکومی لە سلێمانی وادەڵێت: "زیاتر هەست بە شانازی دەکەم و دەتوانم بە دەنگی بەرز بڵێم خەڵکی کوێم بەبێئەوەی هەست بە شەرم بکەم."

زانا ئەحمەد لە هەولێر هەمان شتی دووبارەکردەوە. وەک ئەوانی دیکە، ئەو لەو بڕوایەدایە کە کورد کێشەی کەمتری دەبێت لەکاتی گەشتکردندا: "ڕزگارم دەبێت لە هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕویان دەبمەوە بەهۆی حکومەتی عێراقەوە. لەبەرئەوەی پاسپۆرتی عێراقیم هەیە، ناتوانم وەک خەڵکی وڵاتانی دیکە بەئاسانی گەشت بۆ ئەورووپا بکەم."

پێشبینیی خەڵک ئەوەیە کە ڤیزای وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاسانتر دەبێت لەبەرئەوەی کورد جیاواز تەماشا دەکرێت. وەک ئەحمەد گوتی: "جاری داهاتوو ئەگەر کەسێکم ناسی لە دەرەوەی وڵات، دەتوانم پێیبڵێم خەڵکی کوردستانم نەک عێراق، چیتر ناڵێن "ئۆ.. خەڵکی عێراقی؟ ئەو شوێنەی تەقینەوەی لێدەکرێت".

هەمووکەس ئەو گەشبینیەی نییە. هەندێک پێشبینیی ئەوە دەکەن کە ئاستەنگ و بەربەست دروستبن.

هێژین هاروون، قوتابیی دکتۆرا لە سلێمانی، دان بەوەدا دەنێت کە ترسی هەیە: "دڵنیایی خۆراکیمان نییە". ئەو دەڵێت: "لە عەقڵیەتی وڵاتانی دراوسێمان دەترسم".

هاروون بیرلەوە دەکاتەوە کە دەبێ چی ڕووبدات، ئەگەر وڵاتانی دراوسێ سنوورەکانیان دابخەن، وەک کاردانەوەیەک لەدژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. وەک ئەو باسیدەکات، ئەمە دەبێتە هۆی قاتوقڕی و گرانی "چونکە کوردستان هەموو شتێک لە دەرەوە هاوردە دەکات".

هەندێک لەو بڕوایەدان کە سەربەخۆیی گۆڕانکاری ناهێنێتە کایەوە، چونکە خەڵکەکە وەک خۆیان دەمێننەوە.

"بڕوانا کەم ئامادەبین بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. تەماشای خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و سێکتەری خوێندن و تەندروستی و یاسا بکە. هەموویان لە باروودۆخێکی خراپدان. ئەگەر نەتوانین بەشێوەیەکی گونجاو ئەو شتانە ڕێکبخەین، ئیدی چۆن دەتوانین وڵاتێک و بودجەکەی ڕێکبخەین؟" ئەمە قسەی ژنێک بوو لە سلێمانی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە.

ژیوان سەلمانی، دانیشتووی هۆڵەندا، دەڵێ سەربەخۆیی پێویستی بەفێربوون هەیە: "سەربەخۆیی مانای ئەوەیە کە بڕیار بۆخۆت دەدەی. ئەگەر سەربەخۆیی بە منداڵێک بدەی، ئەوە دەتوانێت گەشە بکات و تواناکانی بزانێ. منداڵ پێویستی بە فێرکەر هەیە. ئەو پرۆسەیە پێویستی بە کات هەیە و بە ڕۆژێک یان دووان ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە چەند ساڵێک هەیە. هەمان شت بۆ کوردستانیش ڕاستە".

## گەنجانی کورد باسی خەونەکانیان بۆ دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەیان دەکەن

## گەنجێک:
## کە دەڵێم عێراقیم، خەڵک بیریان بۆ تەقینەوە دەچێت



فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم



ئەبوبەکر عەلی

# ریفراندۆم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و دەستوورییەوە

ریفراندۆم بە عەرەبی (استفتا و) پرسکردن یان ڕاوەرگرتنی گەل ، یاخود ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە ، یاخود خەڵکانێکی دیکەی دەستنیشانکراو ، لەسەر بابەتیکی دیاریکراوی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەلایەتی ...هتد.

دیموکراسی سیستەمێکی سیاسییە و لەسەر بنەمایەکی دەستووری دادەمەزرێت بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە بەشداری لە بڕیاردان بکەن ، هەروەها بۆ ئەوەی بڕیاری دەسەڵاتداریێتی هەڵبژێردراو زیاتر شەرعیەت بەخۆوە بگرێت . ئەمەش وا دەگەیێنێ کە گەل دەبێ بە بەشێکی یاخود لایەنیکی سەرەکی سیستەمی دیموکراسی ، ئەمەش وا دەخوازێت کە هەستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسی خەڵک گەیشتبێتە ڕادەیەکی گونجاو کە دەنگدەران بتوانن لە ئاستی بەرپرسیاریدابن و بزانن چۆن ئەم مافەی خۆیان بەکاردەهێنن . بەڵام ئەگەر سیستەمی دیموکراسی شێوەی ریفراندۆمیش تێدابێ ئەوە وادەخوازێت ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری زۆر بەرزتربێ، چونکە ریفراندۆم شێوەیەکی پێشکەوتووە و بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەشداربوون لە بڕیاردان دادەنرێت. بۆیە ئەو وڵاتانەی شێوەی ریفراندۆم لە دەستوورەکەیاندا چەسپێندراوە ، لە بواری دیموکراسیدا بە پێشکەوتوو دادەنرێن . بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ کە ئەو وڵاتانەی ریفراندۆم لە دەستوورەکەیاندا نییە، دیموکراسی نین . بۆ نموونە دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کە لە ساڵی 1792 دانراوە ، پرنسیپی ریفراندۆم پیادە ناکات ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان دادەنرێت لە بواری دیموکراسیدا.

هەروا نەبوونی ریفراندۆم لە دەستووری وڵاتیکدا نابیتە کۆسپ لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بەتایبەتی لەکاتیکی وادا ،کە دەسەڵاتداران پێویستیان بە پاڵپشتی جەماوەری هەبێ بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتێکی گرنگ ، یاخود بۆ ئەوەی بە تەنیا بەرپرسیاریێتی بڕیار و باریکی نالەبار هەڵنەگرن ، یاخود بیانەوێ ڕێگە لە ئاژاوە بگرن .

بوونی ریفراندۆم لە دەستووری وڵاتیکدا وا دەگەیێنێ کە ئەو وڵاتە زۆر پیشکەوتووە لە پەیڕەوکردنی دیموکراسیدا و نموونەشمان ئەم وڵاتانەن :سویسرا کە ناسراوە بەوەی زۆرترین ریفراندۆمی تێدا ئەنجامدەدرێت تاوەکو ڕادەی مرۆڤ لە بیری دەچێ چەند جار لە ژیانیدا بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆمدا کردووە . سوید کە دەستوورەکەی لە چوار بەش پێکهاتووە . لە بەشە سەرکییەکەیدا پرەنسیپی ریفراندۆم تەنیا بۆ گۆڕینی دەستوور پەسند دەکات ، بەڵام لە هەمانکاتدا و بەبێ ئەوەی لە دەستووردا باسکرابێ پەرلەمانی سویدی بە یاسای تایبەتییەوە ریفراندۆم لە پرسە گرنگەکاندا ئەنجامدەدات وەک ، بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی 1980 ، ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا 1994 ، چوونە نێو سنوری یۆرۆ 2003 .

مەرج نییە وڵاتێک لە دەستووری پرنسیپی ریفراندۆمی هەبێ یاخود بەبێ دەستووریش ئەنجامیبدا ،دیموکراسی بەبێ بۆ نموونە وڵاتی میسر کە لە دەستوورەکانیدا لەساڵانی 1956 \1964 \1971 ریفراندۆم هەیە ، بەڵام هەر هەمووومان دەزانین ڕادەی دیموکراسی لەوێ چەندە و چۆنە .

هەرچەندە ئەنجامی ریفراندۆم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مولزیم نییە ، بەڵام دیسان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕێزی لێدەگیرێ و کاری پێدەکرێت ، بەڵام ئەگەر حکومەت ڕێزی لە ئەنجامەکەی نەگرت ، ئەوە بێگومان هۆی دۆڕاندنیان دەبێ لە هەڵبژاردنێکی داهاتوودا ، ئەمەش هەروەک بەسەر برونۆکراسیکی سەرۆک وەزیری نەمسا هات لەساڵی 1979دا لە گشتپرسیی وزەی ئەتۆمیدا . نەبوونی ریفراندۆم لە دەستووری وڵاتێکی فیدراڵیدا مانای ئەوە ناگەیێنێ کە هەرێمەکانی ئەو وڵاتە بۆیان نییە ریفراندۆم پیادەبکەن و لە دەستووریاندا بیچەسپێنن. نموونەشمان بۆ ئەم حاڵەتە ئەڵمانیایە کە لە یاسا بنەڕەتییەکەی ساڵی 1949 دا ریفراندۆم نییە ، بەڵام لە دەستووری چەند هەرێمیکدا هەیە وەک هەرێمی باڤاریا بەپێی دەستووری ساڵی 1946 . دەکرێ ریفراندۆم پرۆسەیەکی ڕاوەرگرتن (استشاری) بێت لە بابەتێک کە دەسەڵات دەیەوێ ڕای خەڵک بزانێ بۆ جیبەجێکردنی ، هەروا دەکرێ تەسدیقی بێت بۆ بڕیارێک کە درابێ و دەسەڵاتداری بیەوێ پاڵپشتێکی جەماوەری بەهێزی بۆ پەیدا بکات .

دەنگدان لە ریفراندۆم دەشێ بە زۆر (ئیجباری ) بێ ، هەر کەسێک بەشدار نەبێ سزابدرێت ، بەڵام هەروا دەکرێ بەشداربوون بە ئارەزووی دەنگدەر بێت . بنەمای ریفراندۆم لە ناوەوەی دەوڵەتدا کولتوور و ڕۆشنبیری و فیکری سیاسی گەلەکەیەتی و ئەمەش دەکەوێتە نێو سنووری یاسای دەستوورییەوە ، بەڵام بنەمای ریفراندۆم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپەکانی و کارە ئەنجامدراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی تازە . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە بزانین یاسای نێودەوڵەتیی چییە؟

## رایفراندۆم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە چییە؟

ناوی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانەکان کە ناوی یاسای گەلانیان لەم یاسایە نابوو کە لەسەر گەلانی غەیری خۆیان دەچەسپاند لەو کاتەی کە یاسای مەدەنییان لەسەر خۆیان دەچەسپاند ، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمیندا ئەم یاسایە بووە یاسای دەوڵەتان. یاساناسی فەرەنسی (لویس ڕێنو ) دەڵێ "کۆمەڵە بنەمایەکە دانراوە بە ئامانجی سەربەستی دەوڵەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا" . ئەم تێگەیشتنە تاوەکو سەدەی بیستەم مایەوە تاوەکو دادگای دادی نێودەوڵەتی (محكمە العدل الدوليە) لەساڵی 1972 دا یاساکەی بەوشێوەیە ناساند :" ئەو یاسایەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی سەربەخۆ ڕێکدەخات ". هەڵبەتە لەو ڕۆژەوە تائێستا گۆڕانکارییەکی زۆر و گرنگ بەسەر ئەم یاسایەدا هاتووەو فراوانتربووە تاوەکو ڕادەی بەخۆوەگرتنی کەسایەتی یاسایی گشتی نێودەوڵەتی ، کڵێسە و شۆڕشگێران ... هتد ،هەروەک پرۆفیسۆر (لویس دلبیز) بۆی دەچێت . لەئاکامدا دەتوانین یاسای نێودەوڵەتی بەگشتی بەوشێوەیە بناسێنین " کۆمەڵێک لە بنەما ، پرەنسیپ و ڕێوڕەسمی یاساییە ، سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی نێوان کەسانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی دەکات و ئەرک و مافەکانیان دیاریدەکات . بە واتایەکی دیکە ئەم یاسایە تەنیا دەقێکی نووسراو نییە وەک یاساکانی دیکە ، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا ، بەڵێننامە ...هتد.

**لە ڕاوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە :**

یاساناسی بە نێوبانگی عێراقی د. حەسەن چەلەبی ، لەوبارەوە دەڵێ میللەت (هاووڵاتیان) خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن ئەمەش لە پرەنسیپی مافی چارەنووسەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە بڕگەکانی سیستەمی جیهانی و بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەروەها جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ماددەی 10 لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ساڵی 1948 و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە میللەت نەک دەوڵەت سەروەری لەسەر خاکی خۆی هەبێت و پێویستە ڕای هاووڵاتیان بە ریفراندۆم وەربگیرێت هەر لەم بارەوە یاساناسی فەرەنسی (بادڤان ) دەڵێ: نابێ خەڵک وایان لێبکرێت بەزۆر پشتگیری لە دەوڵەت بکەن یان دژی ڕابوەستن . لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە بۆچوونی دیکە هەیە کە دژیەتی لەوانە یاساناسی ئەڵمانی (شترۆپ) کە رایفراندۆم وەک پرەنسیپیکی یاسای نێودەوڵەتی ڕەتدەکاتەوە . دەربارەی ئەم جیاوازییە لە بیرو بۆ چوونەکانداد. چەلەبی دەڵێ : ئەم ناکۆکیانە ئاماژەن بۆ ئەوە ، کە ڕەزامەندی دانیشتووان بۆ دەستبەرداربوون نابێتە مەرجێک بۆ جێبەجێکردنی لە یاسای نێودەوڵەتیدا . هەر بۆیە پەنابردن بۆ ریفراندۆم لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەنگی دانیشتووان کەمترە لە پێداویستییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دەوڵەتان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێوەی پابەندبن . هەر لەوبارەوە یاساناسی بەنێوبانگ (ئۆپنهام) دەڵێ " دەوڵەتان بە ئیرادەی خۆیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەچوارچێوەی نێودەوڵەتیدا هەیە، هەموارکردن لە پەیوەندییەکانیان، لەگەڵیشیدا دەستبەرداربوون لە شەخسیەتی یاسایی (قانونی) و تێکەڵبوونەوە و لێکجیابوونەوەش لە یەکتری هەیە ، بۆیە لەم حاڵەتەدا تاکەکان هەرچەند کۆببنەوە ناتوانن بە ئیرادەی خۆیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر یاسای نێودەوڵەتیی بکەن ، تەنیا لە حاڵەتێکی دەرهاوێژ (استپنا و)دا نەبێ کە یاسای نێودەوڵەتان کار و فەرمانیان بۆ دیاریدەکات .بۆمان دەردەکەوێت خەڵک تەنیا بە ئارەزوو و خواستی خۆیان ناتوانن نە یاسای دەوڵەتی خۆیان و نەیاسای نێودەوڵەتان بگۆڕن بەڵکو دەوڵەتەکانیان کەسایەتی یاسایی بەهێزی خۆیان هەیە بۆیان دەکرێ ئەم کارانە ئەنجامبدەن ، ئەویش تەنیا و تەنیا کە حاڵەتەکە لەگەڵ بەرژەوندییەکانیان بگونجێ و دژی نەبێ ، بە واتایەکی دیکە ، بەرژەوندییەکانیان و پەیوەندییەکانیان . ئەم بۆچوونە جیاوازانەی سەرەوە ڕەنگیان لێرەو لەوێ داوەتەوە و جێبەجێکراون یاخود پێشێلکراون . بۆ زانیاری زیاتر ئەم ڕووداوە مێژووییانە وەک نموونە باسدەکەم :فەرەنسا پاش شۆڕشە مێژووییەکانی وڵات و شوێنی دیکە ڕاگەیاند. خۆی پابەند بە ڕازیبوون و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەل و شوێنە داگیرکراوەکان کرد بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ ، یاخود جیابوونەوەیان لە فەرەنسا ،بەوشێوەیە و لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە فەرەنسا توانی دوو ناوچە بخاتە سەر فەرەنسا : ئەفنیون لەساڵی 1791 دا ،ساڤۆی لەساڵی 1792 دا .

لە بەرامبەر ئەمەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسالانی 1803 و 1898دا بەبێ گشتپرسی ، لویزانا ، نیو مەکسیکۆ ، تەکساس و ئەلاسکای کرد بە بەشێک لە خۆی .

ئەڵمانیاش لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئێلزاس و لۆرینی خستە سەر ئەڵمانیا بەبێ ئەنجامدانی ریفراندۆم. بە پێچەوانەوە ، ئیتاڵیا بە پیشتبەستن بە دەنگ و ڕەزامەندی میللەت ، لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە توانی لەساڵی 1860 تاوەکو 1870 یەکبوونی خۆی بەدیبێنێت .

بەڵام پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم و مۆرکردنی پەیماننامەی ڤێرسای لەساڵی 1919دا دووبارە ریفراندۆم وەک شێوەیەکی دیموکراسی بڕیاردان سەری هەڵدایەوە ، بەهۆی گۆڕانکارییە مەزنەکانی ئەوکاتە ، ئەمە بووە هەل بۆ چەند شوێنێک بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس لەوانە هەرێمی (سار ) لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپا ئەویش بە پشتبەستن بە بڕگەی 5 ی پەیماننامەی ڤێرسای . بەڵام لە هەمانکاتدا هەرێمی دیکە وەک ئیلزاس و لۆرین نەگەڕانەوە بۆ فەرەنسا . لە ساڵی 1940دا سێ وڵاتی ناوچەی بەلتیک (لیتوانیا ، ئیستوانیا ، لاتڤیا ) سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدا و بەبێ پرس کرانە بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەت .

نەتەوە یەکگرتووەکان لە 29\11\1947دا بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینیداو گەلەکەی تووشی ئەو مەینەت و ئازارە کرد ، کە ئەمڕۆ دەیبینین ، ئەویش بەبێ هێچ جۆرە گشتپرسییەک ، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1948دا بڕیاریدا کەوا بەبێ ریفراندۆم کێشەی هەرێمی کشمیری نێوان هیندستان و پاکستان چارەسەر ناکرێت ، بەڵام تائێستا ریفراندۆم لە کشمیر نەکراوە .

تەیمووری ڕۆژهەلات پاش مانەوەی نزیکەی 25 ساڵ لەژێر حوکمی ئەندەنووسیا سەربەخۆیی خۆی لە ئەنجامی ریفراندۆمێکدا وەرگرت . هەرچەندە نەتەوە یەکگرتوەکان گشتپرسیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بیابانی ڕۆژئاوا لەنێوان مەغریب و بەرەی پۆلیساریۆ پەسندکردووە ، بەڵام تائیستا ئەنجامنەدراوە .

## گشتپرسیی لە کوردستان

لەم نموونانەی باسکران بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەر شوێنێک کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە کۆمەڵێک هەلومەرجی گونجاوی ناوخۆیی و دەرەکییە (هەرێمی و نێودەوڵەتی). لەسەرووی هەموشیانەوە دژ نەبوونی لەگەڵ بەرژەوندی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا . لە هەموو حاڵەتێکیشدا ریفراندۆم کارێکی زۆر و خۆ ئامادەکردنێکی تەواوی دەوێت بەشێوەیەکی گشتی . سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق، من وای بۆ دەچم کە ئێمەی کورد لەم قۆناغەی ئیستاماندا بارمان زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون و دواتریش بۆ دیاریکردنی چارەنووسمان لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ :

**یەکەم :** سەقامگیری هەرێمی کوردستان لەلایەنی سیاسی و ئابووری و، بوونی بە واقعیک وەک دەوڵەتیکی ئاشکرانەکراو (غیر معلن) بەتایبەتی پاش پچڕانی پەیوەندی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدا ئەویش لەئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی و هەرەسهێنانی پلانی دروستکردنی عێراقێکی نوێی بەهێز و یەکگرتوو.

**دووەم** :ئەو واقعیە تازەی هاتووەتەکایەوە لە عێراق پاش دابڕانی ناوچە سوننە نشینەکان و بەهێچ پێوەرێک پێشبینیناکرێ کەوا بگەڕێتەوە دۆخی جاران .

**سێیەم** :گەڕانەوەی زۆربەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دروستبوونی واقیعێکی تازە کەوا دەخوازێت کورد بۆخۆی ئەو هەنگاوەی ماوە لە مادەی 140 ئەنجامبدات ، کە ریفراندۆمە . بۆیە بە بۆچوونی من ئەو هەنگاوانەی دوایی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەزگای سەرپەرشتی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەلایەن پەرلەمانەوە و دواتریش بڕیاردان لەسەر گەڕانەوە بۆ دەنگ و بڕیاری گەل بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەنگاوی ڕاست و دروستن لەسەر ڕێگەی سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی باشووری کوردستان و دەبێ لەوەش دڵنیابین کەوا ئەگەر میللەت بڕیاری لەسەر چارەنووسی خۆیدا ئەوا زۆربەی گەلان و وڵاتانی جیهان پشتگیری لێدەکەن و دانی پێدەنێن بۆ نموونەش تاوەکو دوێنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی سەربەخۆیی (کۆسوڤۆ) بوو ، بەڵام ئێستا لە هەموو وڵاتێک زیاتر پشتگیری لێدەکات ، هەروەها کاتی خۆی ئەمریکا لەگەڵ جاڕدانی دەوڵەتی ئیسرائیل نەبوو ، بەڵام کە ئیسرائیل سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، ئەمریکا یەکەم دەوڵەت بوو دانی پێدانا .

***ئەم وتارە کاتی خۆی لە شاری (بۆن) ی ئەڵمانیا پیشکەشکرا ، لە سیمینارێکی سەنتەری کوردی- ئەڵمانی ، ئێستاش بە دەستکارییەوە بڵاویدەکەمەوە .**



عەبدولسەلام مەدەنی

# داعش وەک بیرکردنەوە

دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش)، یانیش ئێستا تەنیا (دا) ! سەری گێژکردین بە لێدوان، هەڵوێست و ڕووداوەکانی، کە هەریەکێکیان لەوەی دیکە سەیرترە .

من نەمدەویست لەسەر ئەو شتانە قسە بکەم، هەرچەندە دەزانم ئەوە پرسێکی زۆر گەورەیە بۆ ناوچەکە و جیهانیش، بەڵام ڕۆژێک دێت ئەو قسەکردنە زیاتر دەبێت لەسەر ئەو پرسە و دەبێتە یەکێک لە گەرمترین باس و خواسەکانی ناوچەکە! بۆیەش ئامادەکاریی بۆکردنی پێویستە .

قسەکردنی من لەڕووی پێویستی قسەکردنی زۆرینەی بێدەنگەوەیە کە فیکرێکی نێوەنجییان هەیە لە بەرامبەر کەمینەی بێ عەقڵی و دوورخستنەوەیەکی تووڕە. ئەوە نێوەڕۆکی بیرۆکەی منە و هیچ پەیوەندییەکی لە دوور و نزیکەوە بەهیچ نزیکبوونەوەیەکی حیزبییەوە نییە .

بەڕاستی داعش نامترسێنێ، چونکە داعش تەنیا ئامرازێکە، داعش کۆمەڵەیەکی ئیسلامیی وەک قاعیدە نییە و هیچ قوڵاییەکیشی نییە لەڕووی ئایدیۆلۆژی و سیمبوولەکانیشی وەک بنلادن و زەواهیری نین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داعش ڕووخسارێکی کێشەیەکی مەترسیدارتر و قوڵترە . کێشەی قوڵ و مەترسیدارتر لەو فیکرەدایە کە دەدرێتە ئەو کۆمەڵگەیانە و ڕێگەی بوونیان پێدەدات و پاساویان بۆ دروستدەکات و زەمینەیەک دروستدەکات کە هەندێ بۆچوونی دیاریکراو بۆ هەندێ توێژی خەڵک بەتایبەتی گەنجان، مەترسییەکەش لێرەوە سەردەگرێت .

زۆر سەیرە کە ئەو ئایینەی کە وەک ڕەحمەت بۆ مرۆڤ هاتووە (ومارسلناك الا رحمە للعالمين- الانبيا و 107) ، ببێتە ئایینی کوشتن و سەربڕین و، ئێمەش بێدەنگبین بەرامبەر ئەو فیکرە کە دەیەوێ خۆی تەرخانبکات بۆ دژایەتیکردنی هەموو شتێک. دژی هەڵبژاردن، دیموکراسی، ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، شارستانیەت، تەکنەلۆژیا، هونەر، وێژە، جولەکە، کریستیان، هەموو حیزبەکانی جیهان، هەموو کۆمەڵەکان، هەموو بۆچوون و ئاراستەکانی جیهان لەوانەش ئیسلامییەکان و تەنانەت لەسەرووی هەموویانەوە ئیسلامییەکان. ئەوانیش بە لێدوان و ئاماژە فیرقەی ڕزگاربوو و ئەو فیرقەیەن کە هەموو ڕاستی لەلای ئەوانە و خراپە لەنێو دەستەکانی و پشتییەوە بۆی نایێت. هەرکەسێکیش لەگەڵ ئەواندا نەبێت لە دەرەوەی گەلی موسڵمانە، چونکە ئەوان گەلی موسڵمان و پێوەری ڕاستی پێکدێنن. لەڕاستیشدا هەموو ئەوەی دەیکەن شێواندنی ئایین و وێنەی موسڵمان و مرۆڤایەتی مرۆڤیشە. هەموو هەوڵی ئەوانیش لەپێناو بڵاوکردنەوەی ڕق و تووڕەییە، هەروەک ئەوەی ئیسلام گوتاری ڕقلێبوونەوەو بڵاوکردنەوەی ڕق و کوشتن بێت، باشە ئەوە چ دینێکە؟ ئەوە چ فیکرێکە؟

ئایا ئەمە ئەو ئایینەیە کە خەڵک باوەڕی پێبێنێ لە ئەخلاقی بازرگارنەکانی؟ ئایا ئەمە ئەو ئاینەیە کە شارستانیەتی دروستکرد و چەندین دەیە و سەدە سەرکردایەتیکرد؟ ئایا ئەوە بە شمشێر، کوشتن، ڕقلێبوونەوە لە خەڵک، کە وایکرد خەڵکی چین و هیندستان و سند باوەڕ بە ئیسلام بێنن؟ ئایا تەقاندنەوەی تاوەری بازرگانیی جیهان لە نیویۆرک، وادەکات کە سەنتەرە ئیسلامییەکان پڕببن لەکەسانی تازە موسڵمانبوو؟ ئایا موسڵمانان بریتین لە گردبوونەوەی پیاوکوژان و دڵڕەش و خوێنڕێژان؟ یان بریتین لە داخوازکارانی خێر و ئاشتی و ئاوەدانی؟

ئەو فیکرە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنێکی جیدییە . ئەوەش بەس نییە کە ڕزگاری بکەین و لە قوژبنێکدا گرمۆڵەی بکەین. هەندێک هەڵوێست و کردار هەن کە کۆمەڵگەکەمان لە ڕێگەیانەوە پاساو دەداتە ئەو فیکرە و موسڵمانان کە دڵنیابن شەڕێک دژی ئایین، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام هەیە و، ئێمە کۆمەڵگەی فاسق و کافرین، یان دەبێ تۆبە بکەین و بگەڕێینەوە، یان دەبێ حەقیان لێدەربکرێت، سەربڕینیش باشترین ڕێگەیە بە بۆچوونی ئەوان بۆ گێڕانەوەی خەڵک بۆ لای خوا!!

دەبێ کۆمەڵگەکانی ئێمە لە ڕێگەی دەستەبژێری سیاسی، فیکری، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، ئایینی، مەدەنی و میدیاییەوە، پاساوەکانی ئەو فیکرە هەڵوەشێنێتەوە کە کەس کەس قبوڵناکات و هەموویان بە کافر دادەنێت . هەروەها دەبێ کۆمەڵگەکانی ئێمە چاو بخشێننەوە بە جۆری هەڵوێست و جۆری گوتارەکەی بەرامبەر ئایین و ئیمانداری. هەروەها بچێتە نێو هەندێک وردەکارییەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر ئاشتببنەوەو، وێنەیەکی ڕوونیان هەبێت بەرامبەر ئەو پرسانە . دەڵێم (ئاشتبوونەوە) بەلانیکەمەوە، چونکە هیچ پێویست نییە هاوبیری لەسەر فیکرێکی دیاریکراوی یەکگرتوو هەبێت . بە واتایەکی دیکە، ڕێککەوتن هەبێت کە (گفتوگۆ بکەین) بۆ ئەوەی (ڕێکبکەوین) لەسەر (ژیانێکی هاوبەش). هەروەها هەندێ پێداچوونەوەی تایبەت و پێویست لەسەر حیزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان. هەروەها پێویستە پێداچوونەوە بە گوتاری هەینی مزگەوتەکان، گوتارەکانی بانگخوازەکان، پرۆگرامی کۆلیژەکانی شەریعەت، پەیمانگە ئیسلامییەکان و وانەکانی پەروەردەی ئایینی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا بکرێت. ئەو باسە لە گفتوگۆ شاراوەکانماندا هەیە و، خۆی لە چەندین کردەوە ناڕەزایی و ناکۆکییەکانی گۆڕەپانە جیاوازەکاندا دەردەخات، بەڵام ئێمە بەدیاریناخەین.

لەو بڕوایەدام کە میانڕەوەکانیش لە لایەنە ناکۆکەکانن (بە ئیسلامی، عەلمانی، بێدین و سۆسیالیستەکانەوە)، ئەوان بە ئاشکراگۆیی لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن و لەسەر بنچینەی موجامەلە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەروەک چۆن لە ئیدارە و سیاسەتدا لەگەڵ یەکتری دەکەین. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بابەتە بەرەگەی موجامەلە ناگرێت و هەندێک پێشهات هەن کە ئەوە نیشاندەدەن کە هەندێ کێشە لەوانەیە ببنە قومبەلەی نێوخۆیی پێش ئەوەی ببنە قومبەلەی دەرەکی! ئەو گەنجە داعشییە و ئەوانیدیکەش نموونەیەکن کە مەترسیداریی ئەو پرسەمان نیشاندەدەن.

باوەڕێکی تەواو هەیە لەلای لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە ڕەوتە گەورەکانی کوردستان بایەخ بە پابەندیی ئیسلامیی و پێگەی شەریعەت نادەن. بەڵکو زۆربەی جار دژە ئەو ئاراستەیە وەپێشدەخرێت. لەوانەیە هەندێک ڕاستی لەو قسەیەدا هەبێت، کە لەوانەیە ئەوە ڕەفتاری تاکەکەسی بن، لەوانەشە بەپێی ئیرادەیەکی ڕێکخراوبێت. پاشبەردەیی زۆرە و ڕووبەڕووبوونەوە و ئاشکراگۆییش کەمە. ئێمە پێویستیمان بە ڕاشکاوی و ئاشکراگۆییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ڕێککەوتن لەسەر هاوبەشەکان، بۆ ئارامکردنەوەی دەروونەکان و ئارامکردنەوەی هەموو لایەنەکان و مانگرتن، لەجیاتی ئەوەی داعش و ئەوانیدیکە لەناوەوە سمکۆڵمان بکەن .



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پێویستە پارێزگاری کەرکوک بگۆڕدرێت

دوای فەشەلی سیاسەتی ئەمریکا لە وڵاتی بەناوعێراق و دواتریش شکستی ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە لە ناوچەکەدا، ڕەنگبێ بە دیوە ئاسانەکەیدا ئەوە بێت کە بڵێین وڵاتی بەناو عێراق دابەش دەبێت. بەڵام ئەمە تەنها دابەشبوونێکی سادە و ساکار نییە، بەقەدەر ئەوەی ناوچەکە وەکو پوولی دۆمینە هەمووی بەسەر یەکتریدا دەڕمێ و یەک لەدوای یەک ئەو بوومەلەرزە ناوچەییە وڵاتانی دەوروبەریش دەهەژێنێت.

تەقەللاکانی چەند ساڵی رابردووی ئێران بۆ ڕاستکردنەوەی باری سووریا و وڵاتی بەناو عێراق، بەو ئاراستەیەدا بوونە کە ئەو گۆڕانە قەت روونەدات و بەپێچەوانەوە، هاتنی ئەمریکا لە 2003 ەوە بکات بە فاکتەرێکی پەرەپێدانی هێز و توانای خۆی. دیارە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات نیشانیدەدات کە ئەمریکا دوای خۆی زەلکاوێکی بۆ ئێران و تەنانەت تورکیاش بەجێهێشت کە هەردووکیان تاوەکو ئەژنۆ تێیکەوتوون و ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن لێی ڕزگاربن. تورکیا لە سووریا و میسر ڕەنجەڕۆ بوو و ئێرانیش لە وڵاتی بەناو عێراق. ئەوە جیا لەوەی کە هێزە ئیقلیمییەکانی دیکەی وەکو سعودیە، قەتەر و کوێت و وڵاتانی کەنداویش هەریەکەیان بەجۆرێک "گایەکیان لەو گێرەیەدا هەبوو"!

تورکیا دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە وڵاتی بەناو عێراق و هیلالی شیعە لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە و بەلای ئەوانەوە زەرەر لە نیوە گەڕابێتەوە هەر قازانجە و چەند ساڵێکیشە باشووری کوردستان قووڵاییەکی ستراتیژیی بۆ تورکیا پەیداکردووە. بۆ ئێران، کە دەبینێ نەک هەر هیچی دەستنەکەوتووە، بگرە نێوماڵی شیعەش پەرت و پەلایە، دابەشبوونی وڵاتی بەناو عێراق زۆر کەسەرێکی گەورەیە و هەر بۆیەشە لێدوانی بەرپرسەکانیان سەبارەت بە چارەنووسی باشووری کوردستان بۆنی خوێنی لێدێت.

ئەمە ڕەنگبێ بەشێکی تابلۆ گشتییەکە بێت کە ڕەگێکی لە مێژووی ناوچەکەشدا هەیە، بەڵام بە دیوی نێوخۆییدا و لەسەر ئاستی نێوماڵی کورد، هێشتا واقیعێکی تاڵ حوکمدەکات کە ئەویش ئەو درزانەیە کە لە هەندێک شوێن هەن. کەرکوک و ناوچە ئازادکراوەکان قوربانییەکی کەموێنەیان بۆ دراوە و چوار قۆناخی سیاسیی مێژووی ئەم میللەتە کراوەتە قوربانیی ناسنامەی ئەو ناوچانە.

هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە بگرە تاوەکو ڕزگارکردنی وڵاتی بەناو عێراق، کەرکوک خاڵی جەوهەری بووە لە چارەنووسی سیاسیی کورددا. ئەمڕۆ دەرفەتێکی مێژوویی زێڕین هاتۆتەئاراوە کە ئەگەر کورد بتوانن لەئاست ئەو قۆناخەدا بن، ئەوە دوای سەدەیەک نیشتمانەکەیان کامڵدەبێتەوە. لەو ڕۆژەوە کە کورد دەستی بەسەر کەرکووکدا گرتووە، تاوەکو ئەمڕۆ هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی (ئێرانی لێ بترازێت) نارەزایی بەرامبەر بەوە دەرنەبڕیوە و بەپێچەوانەوە کورد سوپاسیشی دەکرێت کە خەڵکی دیکەشی بەوهۆیەوە پاراستووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر بەزەقی ئەوە دەبیندرێت کە هێشتا چارەنووسی کەرکوک بەرلەوەی بۆ کوردستان بڕیاری لێبدرێت، حیزبێک و لەناو حیزبەکەش کەسێک (مەبەستم پارێزگاری تەعیینکراو نەک هەڵبژێردراو) دەیەوێ وای پیشانبدات کە دەمڕاست و هەمەکارەی ئەو شارە خۆیەتی!

ئەمە سیاسەتێکی هەڵەیە کە بە لێدوان و گوتارەکانی ئەمدواییەی نەجمەدین کەریمەوە ڕەنگیداوەتەوە و بەکردەوە وا پیشاندەدات کە وەکئەوەی خۆی شارەکەی ڕزگارکردبێت و دەیەوێ بیکات بە کانتۆنێک بۆخۆی!

لەکاتێکدا کە حکومەتی هەڵوەشاوەی وڵاتی بەناو عێراق، هەڕەشەی داگیرکردنەوەی کەرکووک دەکات، پارێزگاری کەرکووک ئەگەر لەخەمی چارەنووسی شارەکەدایە، دەتوانێ بە سوودوەرگرتن لەو دەستووری عێراقەی، کە هێشتا بڕوای پێیەتی، تەنها لەڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگاوە، بڕیاری ریفراندۆم بۆ هاتنە سەر سنوورەکانی کوردستان دەربکات و پێویستی بە هیچی دیکە نییە.

بەم سیاسەتە دۆنکیشۆتییانە خزمەتی کەرکووک و دۆزی نەتەوەیی کورد ناکرێت، چونکە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوی کردووەتە پارێزگار و هەر ئەویشە کە دەتوانێ سبەی لەوێ لایبەرێت. بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی باری کەرکووک و ڕزگارکردنی لە زیهنیەتی پێش ڕووداوەکانی مووسڵ، پێویستدەکات یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپەلە پارێزگاری کەرکووک بگۆڕێت و کەسێکی وەکو عیماد ئەحمەد بخاتە جێگەی نەجمەدین کەریم. ئەگەر یەکێتی وانەکات، زیانێکی زۆر لە خۆی و لە پرۆسەکە دەدات.

چونکە هاوکێشەکان گۆڕاون، بەڵام پارێزگاری ئێستا هەر لە ڕابردوودا دەژیت و هیچ بەلاتانەوە سەیرنەبێ کە لەکاتی فرۆشتنی نەوتی کەرکووک (ئەوە لێگەڕێ کە بەوە سەغڵەتە کە کوردستان نەوتی کەرکووک بفرۆشێت) داوای پترۆدۆلاریش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.



مەجید نیزامەدین گلی

# دابەشبوونی عێراق خەونە

دابەشبوونی عێراق سێ دەوڵەت یاخود سێ هەرێمی فیدرالی )کورد، سوننە و شیعە(ی لێدەکەوێتەوە. ئەم پێشبینیە هەڵەیە و لەگەڵ ڕاستییەکانی عێراق ناگونجێ.

کورد نابێ لە چاوی خۆیە بڕوانێتە عێراق. بێجگە لە پەرلەمانێکی کارا و حکومەتێکی یەکرێزی نیشتمانی و ئابوورییەکی خۆجێی نیمچە سەرکەوتوو، کورد خاوەن ئەزموونێکی حوکمڕانی 25 ساڵەیە. ئەزموون باوکی سیاسەتە. تا ڕادەیەکی باش، نوخبەی سیاسی کوردی فێری سازش و ڕێکەوتن بووە لەسەر بڕیارە سەرەکییەکان. "نێو ماڵی کوردی" و "یەکڕیزی" و کۆبوونەی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش هەر گەشتێکی گرنگی بۆ ئەمریکا و بەغدا، بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی کوردی. هیچ سەرکردەیەکی کورد نایەوێ ناوی لێ بنرێ "تێکدەری یەکڕیزی ناوماڵی کورد"، ئەگەر بە ڕاستیش ئەم کارە بکات. ئەم فەرهەنگە هێشتا لە ناو سوننەدا نییە، ئەمەش چانسی دروستبوونی کیانێکی سوننی لە عێراق زۆر کەم دەکات. ئەمە تەنیا شت نییە کە ئێمەی کورد هەمانە و ئەوان نیانە.

سوننەی عێراق، خاوەنی سەرکردایەتییەکی سیاسی پێگەیوو نین. شیعە فەتوای ئایەتوڵاکان وچاو سوورکردنەوەی قاسم سولەیمانی سەرۆکی سوپای قودسی ئێرانی یەکیاندەخاتەوە. سەرکردەکانیان فێربوون لە ماڵی یەکێ:ە وەکو ئیبراهیم جەعفەری کۆببنەوە و هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێ لەسەر بابەتە سەرەکییەکان. بەڵام سوننە، نە ئایەتوڵاکەی شیعە و نە ئەزموونە حکومڕانییە 25 ساڵییەکەی کوردی هەیە. سەرکردەکانی سوننە لە بەغدا و هەولێرن و، ناوچە سوننییەکان لە دەستی داعشە. ئەگەر ئەوان بگەڕێنوە ناوچەکانی خۆیانیش، ئەگەرێکی کەم هەیە کە عەلی حاتەمی سەرۆک هۆزێکی ئەنبار، کە هێشتا لە وتارەکانی نوری مالکی وەکو کێشەی سەرەکی سوننە باسدەکات بتوانێ ڕێکبکەوێت لەگەڵ ئوسامە نوجەیفی موسڵی، کە بەهۆی بوونی نەوتێکی زۆر لە موسڵ بیر لە دروستکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ دەکاتەوە.

سوونە وەکو تایفە لە عێراق داوایەکی سیاسی ڕوونیان نییە و تاکە شت کە هەموویان لەسەری کۆکن دژایەتی حکومەتی زۆرینە شیعی بەغدایە. بەعسییەکان خەون بە عێراقی پێش 2003ەوە دەبینن و سەرۆک هۆزەکانیش داواکانیان زیاتر دەربارەی خراپی ڕەوشی ژیانیانە دوای ئەوەی مالکی لە ساڵی 2010 پارە و چەکی لێیان بڕی. سەرۆک هۆز و کۆنە بەعسی و سەرکردە میانڕەوەکانی سوننە لە هۆتێلەکانی عەمان و هەولێر و دوبەیەوە قسە بۆ جەزیرە و ڕووداو دەکەن. ئەوان ئەجێندەیەکی سیاسی یەکگرتوویان نییە. هەر بۆیە لایەنگرانیان پێویستیان بە ئاڵاکەی داعشە بۆ ئەوەی پێکەوە نمایشی نارەزاییەکانی خۆیان بکەن. داعش دەزانێ چی دەوێ لە عێراق، بەڵام لایەنە سوننییە میانڕەوەکان تەنیا دەزانن چیان ناوێ. ئەویش حوکمڕانی شیعەیە. ئەم جۆرە نوخبەیە کە لە هۆتێلەکانەوە وتار دەدەن هیچ بە هیچ ناکەن. باشترین نمونەش ئۆپۆزیسیۆنی سوورییە. سەرکردەکانی سوپای ئازادی ئۆپۆزیسیۆن لە هۆتێلەکانی ئەستەنبولەوە نارەزایی دەردەبڕن کە بۆچی بەشار ئەسەد هەر لە دەسەڵاتە و گرووپە توندڕەوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبن. ئەوان یەکگرتوو نین لە سەر ئەرز بێهێزن. سووریا بابەتێکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەوە شاراوە نییە کە ناڕێکی و بێهێزی سەرکردایەتی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی سووری هۆیەکی سەرەکییە بۆ بەهێزبوونی گرووپە توندڕەوەکان و مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا.

بێجگە لەوەی کە لایەنە سوننەکان وتارێکی سیاسی یەکگرتوویان نییە و لە کەسیاندا ڕانابینرێ کە بتوانێ زۆرینەی سوننە کۆبکاتەوە، لایەنە سوننەکان هێزی سەربازیان نییە، یاخود زۆر لاوازە و پاشکۆی داعشە. ڕاستە هۆزە سوننەکان و کۆنە بەعسییەکان ڕۆڵی سەربازیان هەیە، بەڵام هەموویان لە ژێر ئاڵای داعش چەکیان هەڵگرتووە. کێشەی حکومەتی عێراق و ئێران و ئەمریکا ڕووخانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقە لە پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار و دیالە. کێشەی سەرەکی بۆ ئێران و ئەمریکا دروستبوونی مۆڵگەیەکی ئارامە چەکدارەکانی داعش. نە ئێران و نە ئەمریکا ئامادە نابن گفتوگۆ لەگەڵ عەلی حاتەم و ئوسامە نوجەیفی بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەم قەیرانە و تاوەکو ئەو دوو سەرکردە سوننیەش داوای کیانێک بکەن بۆ سوننە لە عێراق. هەر بۆیە، هەموو لایەنەکانی دژە داعش باس لە چارەسەری ئەمنی دەکەنەوە بۆ ئەم قەیرانەی عێراق کە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسی سوننەیە. تاوەکو داعش کۆنترۆڵی سەربازی ئەو ناوچانەی لە دەست بێ، باسکردنی کیانێکی سوننە دانپێنراو هەر قسە و حبری سەر کاغەزە. هیچ لایەنێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە حکومەتی بەغداشەوە بەهیچ شێوەیەک قەبوڵی کیانێکی سیاسی بۆ سوننە ناکەن لە عێراق کە داعش باڵا دەست بێت تێیدا. ئەگەر داعشیش لەو ناوچانە دەربکرێت، جا لە لایەن ئێران و ئەمریکاوە بێت یاخود هێزە سوننە میانڕەوەکان، سەکردە سوننەکان لەوە ناچێ بتوانن ڕێکبکەون لەسەر پڕۆژەی هەرێمێکی سوننە. ئەوان کاتیان دەوێ تاوەکو بتوانن وەکو نوخبەیەکی سیاسی پێبگەن و فێری سازشکردن و سیاسەت بن بۆ بەرژەوەندی سوننە. زۆربەی سەرکردەکانی سوننە یان سەرۆک هۆزەکان قیمەتی دەسەڵاتی سیاسی نازانن و زۆرجار داوا سیاسییەکانیان بە پارە و چەک گۆڕیوەتەوە. یاخود کۆنە بەعسین کە فەرهەنگی حوکمڕانی 80 ساڵی سوننەیان لە عێراق لە بیرنەچووەتەوە و وا دەزانن ئەگەر باس لە دابەشبوونی عێراق بکەن ئەوە خیانەت دەکەن لە وەتەن. هەندێکیان وەکو ئەسیل نوجەیفی دەزانن کە داهاتووی سوننە لە عێراق ئەستەمە بە بێ دامەزراندنی کیانێکی سیاسی بۆ سوننە، بەڵام کەسانی وەکو نوجەیفیش نازانن چۆن خەڵکی سوننە کۆبکەنەوە لە دەوری ئەو پڕۆژەیە. کورد بە کردار دەوڵەتە و تەنیا ڕاگەیاندنەکەی نوقسانە. ئەمە پێچەوانەی سوننەی عێراقە. سوننە سەرکردایەتیەکی سیاسی پێگەییووی نییە و لەسەر ئەرزی واقع ئەوەی کۆیان دەکاتەوە دژایەتی مالیکی و ئاڵا ڕەش و سپییەکەی داعشە. بۆیە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە کورد بۆ چەندین ساڵ لە باشوورەوە دراوسێیەتی ئاژاوە و شەڕ بکات، نەک هەرێمێکی سوننەی سەقامگیر.

*مەجید نیزامەدین گلی، شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیای ڕووداو و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی The City University of New Yorkی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.



د. شەفیق قەزاز

# لەدووڕێیانی چارەنووسدا، پەیامێک

ئەمە یەکەمجار نییە لە بارودۆخێکی یەکلاییکەرەوەدا، کورد پەیامی خۆی لێ چاوەڕواندەکرێت. ئەوەتا ئەمجارەش ڕۆژگار بە جۆرێک گەڕاوە کە دەبێ کورد بیر لە بڕیاری چارەنووسساز بکاتەوە و شوێن ئەرکی ستراتیژی بکەوێت. هێمای ئاشکرای ڕووداوەکان کە ڕاستەوخۆ لەسەر کورد کاریگەرن، سەردەمێکی نوێیان بۆ باشووری کوردستان ڕەخساندووە، واتە دیسانەوە لە کورد داوا دەکرێت، تەنانەت، گوشاری لەسەرە کە نەک هەر وەک نەتەوە بیربکاتەوە، بەڵکو کرداری نەتەوەیی بنوێنێت.

کورد دەمێکە بڕیاری چارەنووسی خۆی دەزانێت. ئەگەر تاوەکو ڕابردوویەکی نزیک، مافی چارەنووسی-خۆ وەک حاڵەتێکی دەروونی لە ناخی تاکی کورددا قەتیس مابێت، وەک ئێستا دیاردەیەکی ئاشکرا و خواستێکی هەژێنەر ئاراستەی هزر و کرداری نەتەوەیی ئەو تاکە دەکرێت. لە باشووری کوردستاندا، کوردایەتیمان بەقۆناغ هێناوە تاوەکو ئەمڕۆ لە پاڵ پێویستیی هاوژیانی لە عێراقێکی بە ئومێد دیموکراتی، یەکسان و فرەییدا، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو ئومێدە هەرەسهاتوو دەبینرێت و لەهەموو کاتێک زیاتر کەیسی باشووری کوردستان بەرامبەر عێراق ئاشکرا و فەرمانییە.

گرنگیی ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستان لەوەدایە کە لە بژاردەیەک زیاتر فەراهەمبووە بۆ لێکدانەوەو نەخشەکێشانی ستراتیژی کوردی. واتە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بڕیاری سیاسی و بەرنامەی داهاتووی بە دوو ئاراستەدا بگێڕێت. حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لە ئەرکی حوکمڕانیی خۆیدا کەدەشێت خزمەتکردنی خەڵک بێت. لە کەشوهەوایەکی تازەدا لەدایکبووە و چاوەڕوانیی زۆری لێدەکرێت. واتە جیاواز لەو ئەرکە پێویست و بایەخدارەی بەرامبەر خەڵکی هەرێمی کوردستان ، دەبێ وەک سیستمی حوکمڕانییەکی دروست و لێهاتوو، کەرەستەی گۆڕین و گەشەپێدانی ڕەوشێکی دیفاکتۆ بێت لە ستراتیژی نەتەوەیی کوردیدا.

کورد بە ئەزموون بۆی دەرکەوتووە کە لەکاتی چارەنووسسازدا دەبێ بڕیاری خۆی بەدەست خۆی بێت. ئەمەش بەڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیی ئەرکی نەتەوەیی و لەلایەکی دیکەوە ناچاریی سیاسی تەوزیمی کردووە. عێراقی ئەمڕۆ پاشماوەی وڵاتێکی ئازادکراوی ساڵی 2003 یە لەلایەن ئەمریکاوە، بەو نیازەی کە لەشێوەی بۆچوونی خۆیدا ڕەوشی وڵات ڕاستبکاتەوە، بەڵام شکستی هێنا. کەچی ئەمریکا هێشتا بەو هیوایەیە کە عێراق ببێتە کەیسی سەرکەوتنی ئیدارەی ئۆباما و نموونەی وڵاتێکی ئارام و گەشەکردوو بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆی. هەرچی کوردی ئەم بەشەی کوردستانە، لەژێر هەستی کەڵەکەبووی نامۆیی تێکەڵبوونەوەیدا بەو عێراقە، ئەمڕۆ هیچ ڕووناکی و هیوایەک لە بەردەوامبوونی هاوژیانیی ئێستادا بەدیناکات. دەرفەتی ڕەخساوی ئەمڕۆ بۆی، تەنیا هاندەرێکی دەربڕینی ئەو هەستەیە، بەڵام لەمێژەوە عێراقی مالیکی و هاوڕێیەکانی هەرێمی کوردستانی نائومێد و بێچارە کردووە.

سیستمی حوکم لە عێراقدا ئەمڕۆ خەسڵەتی دەوڵەتێکی شکستخواردووی وەرگرتووە. بەمانا توانا نییە لە پاراستنی هاووڵاتیان و ڕێگری لەهەڕەشەیەک کە لەسەر ئاسایشی خودی وڵاتەکە هەیە. لە ڕەوشێکدایە کە پێویست بە دەستتێوەردان دەکات بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە هەڕەشە و خەتەری ناوخۆ. "دەسەڵات"ێکە کە خۆی بەدوور یاخود بەرزتر دەبینێ لە یاسای ناوخۆ و نێودەوڵەتی و خۆی ئازاد دەبینێت لە هەڵوێستی شەڕانگێزی و توندی نواندندا. فۆرمێکی حوکمڕانیی هەیە کە نەبوونی دیموکراسی تێدا دامەزراوە فەرمییەکانی لەنێوەڕک و بەرهەمی ڕاستەقینەی دیموکراتی بێبەشکردووە. ئەمە دەوڵەتێک نییە کە کورد ئەمڕۆ بتوانێ گرەوی دانوستاندن و ڕێککەوتنی لەگەڵ بکات.

واپێدەچێت باری ئاڵۆزی عێراق ئەمریکای تەنگاو کردبێت، بۆیە بەپەلە بە شوێن چارەسەرێکدا دەگەڕێت کە پێکهاتەی ئەو وڵاتە بپارێزێت. بەهاوکاری و ڕەزامەندیی ئەمریکا هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ بەشێکە لە عێراق، واتە چارەسەری کێشەی لەگەڵ ناوەند دەبێ بەشێکبێت لەو خەمەی واشنتۆن سەبارەت بەعێراق هەڵیگرتووە. دەگوترێت هاوکاری ئەمریکا لەگەڵ کورد لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە و دەبێ کورد هەمیشە جۆرێک داوای لەئەمریکا هەبێت کە ئەو وڵاتە بتوانێ یاخود لەبەرژەوەندی بێت کە جێبەجێیبکات. کەوابێ ئێستا لەهەموو کاتێک پێویستترە، بەتایبەتی کە John Kerry داوا دەکات "کورد ڕۆڵێکی پێشڕەوانە ببینێ لە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوودا لەبەغدا"، ئەمریکا گرێدانی پەیامی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەخواست و ئارەزووی خۆیەوە بۆ ڕزگارکردنی عێراق بە ئەرکێکی فەرمانی بزانێت.

مالیکی کە فاکتەری سەرەکی قەیرانی ئەمڕۆی عێراقە، دوورخستنەوەی لە حوکمڕانی داوایەکی جەختلێکراوە نەک هەر لەلای کورد، بەڵکو لەلایەن زۆرینەی هێزەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق. کشاندنەوەی پاڵپشتی ئەمریکا لێی و هاوکاری لەدەستنیشانکردنی کاندیدێکی پەسەندکراو، دەشێت خواست و ئارەزووی خودی ئەمریکاش بێت بۆ ئێستای عێراق.

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان . ڕاستکردنەوەی کردارێکی ناڕەوا و نایاساییە، بەهەقی خەڵکی کوردستان. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شانبەشانی بەرگریکردن لەو ناوچانەی سوپا و هێزی ئەمینی عێراق جێیان هێشتوون، سەرقاڵی ڕێکخستنی نێوماڵی خۆیەتی. با ئەمریکا ئاستێک لەو ئەرکانەی هەرێمی کوردستان ئاسان بکات بەتایبەتی کە داواکارە لەهەرێمی کوردستان کە وەک ئەکتەرێکی بەتوانا هاوکاربێت لەقوتاربوونی عێراق لە قەیرانەکەی.

هەرێمی کوردستان حوکمڕانییەکە لەڕووی یاساییەوە سەلمێنراو و لە ئاستی باری ئاسایش و ئارامییەوە خۆڕاگرە. ئەمڕۆ بەحوکمی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم دواییەی عێراق کە کورد خۆشی دەستی تێدا نەبووە، لەلایەکەوە بەرهەمی ڕاستکردنەوەی شێواندنێکی ستەمکارانەی جیۆگرافی و دیمۆگرافیی نەخشەی باشووری کوردستانی بەردەست خستووە، کە پێشتر نەدەستووری هەمیشەیی عێراق و نەحکومەتی عێراقی فیدراڵ، وەک ئەرکی پێویست لە ئەستۆیان، مەبەستیان نەبووە ئەنجامیبدەن. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی پیرۆز، بەڵام سەختی بەرگری و پاراستنی ئەو دەستکەوتە ئێستا پێشمەرگە و ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەپەرۆشەوە لە ئەستۆی گرتووە.

لەنێو پێکهاتەکانی کۆمەڵی عێراقدا کەم گرووپ هەیە کە ئەم ڕەوشە بەهەلێکی ڕەخساو بۆ کورد نەبینێ کە لە بەرژەوەندی خۆی بیقۆزێتەوە. هەربۆیەش کورد دانپێدانان و قبووڵکردنی ئەم ڕەوشە ئارایەی باشووری کوردستان لەلایەن حوکمڕانیی نوێی عێراقەوە (ئەگەر پێکهات) بەمەرجی سەرەکی بڕیاری هاوکاری لەدروستبوون و بەشداری ئەو حوکمڕانییەدا دادەنێت. دەشێ ئەمریکا بەتایبەتی هەستیاربێت بەو داوایەی کورد، بەتایبەتی خۆ ئەگەر کورد گوێڕایەڵی (Realpolitik) ی د. هێنری کیسینجەر بێت، بێگومان نابێ دەستبەرداری کەرکووک و ئەو ناوچانە بێت کە ئەمڕۆ لەژێر ڕکێفی خۆیدان و لە واقیعدا موڵکی کوردستان خۆیەتی.

بەلای منەوە ئەمانە بەشێکی هەستیار و گرنگن لەو پەیامەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئاراستەی پاشماوەی عێراقێکی لەبارکەوتوو، ئەمریکا بەحوکمی پێوەندیی تایبەتیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بکات.

شانبەشانی ئەو پەیامەی سەرەوە، ئاراستەیەکی دیکەی بڕیاری سیاسی کوردە بۆ داڕشتنی ستراتیژی چارەنوسی باشووری کوردستان. هەرێمی کوردستان کاتێک پەیام ئاراستەی عێراق دەکات، بیر لەئەگەری سەرنەگرتنی ئەو پەیامەش دەکاتەوە، جاچی لەکاردانەوە و مامەڵەی ناڕاستی بەرامبەرەکە بێت، یان لێکترازان و دارمانی تەواوی ئەو پێکهاتەیە بێت وەک دەوڵەت. واتە لەئێستاوە نەخشەڕێگەی ژیان و مانی سبەینێی خۆی، جیاواز لە عێراق، دەستنیشان دەکات. ئەمە ئەرکێکی نەتەوەیی چارەنووسسازە کە پێناسەی باشووری کوردستان لە ناوچەکە و لە ناوەندی نێودەوڵەتیدا دەگۆڕێت. بۆیە بەلای منەوە شێوەگۆڕانی ئەو پێناسەیە، پرۆسەیەکە پێڕەوکردنی ئەم خاڵانە دەخوازێت:

-هەرێمی کوردستان دەبووایە لەسەرەتای درووستبوونیەوە خاوەنی دەستووری خۆی بووایە. ئێستاش دەسپێکی کاری پەرلەمان دەشێت هەمووارکردنەوە و پەسەندکرنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بێت کە پێموایە سیستمی حوکمڕانی دەخاتە ئاستێکی بەرزتری ڕەوایی دەستووری و ڕەوشێکی گونجاوتر بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی.

-گواستنەوەی توانا و سیستمی ئیداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی گەڕاونەتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی گوزەرانی شایستە و ئارام بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە، نەک هەر ئەرکی چاوەڕوانکراوی حکومەت خۆیەتی، بەڵکو لەنزیکبوونەوەی خەڵک و دەسەڵات لەیەکتر، ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت.

-واپێدەچێت ئەنجامدانی گشتپرسیی خواستێکی هەمووانی ئەمڕۆ بێت. پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاریی حکومەت خواستی گشتپرسیی لە باشووری کوردستاندا وەک پرۆسەیەک بڕیار لێبدات و داوای بەشداری و چاودێری UN بکات بۆ ئەنجامدانی.

-ڕاستە بیرکردنەوەی ئەمڕۆمان زیاتر ئاراستەی باشووری کوردستانە، بەڵام کوردی هەموو کوردستانی دابەشکراو هەمان هزری نەتەوەیی و چاوەڕوانیی دوارۆژ دەیانجوڵێنێت. ئەنجامدانی دیالۆگی کوردی-کوردی یەکڕیزی لە پشتیوانیی خواست و ئەرکی ئەمڕۆمان پتەودەکات. بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەشێ شێوازێکی ئەو دیالۆگە بێت، بەڵام با هوشیاربین کە لە ڕەوشی هەستیاری ئەمڕۆدا، شێوەی بەڕێوەچوون و بڕیاری ئەو کۆنگرەیە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئێستا و دوارۆژی پرسی نەتەوەییمان.

-ئەرکی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، لەهەر جێگەیەک بێت، ڕێبازێکی سەخت و ئەرکێکی پڕگرفتە. بۆیە دەگوترێت کە ئەم ڕووداوانە، بەتایبەتی ئەگەر دەستکاریی سنوور و دابەشبوونی دەوڵەتی فرەنەتەوە و دروستبوونی دەوڵەتانی دیکەی لێبکەوێتەوە، زیاتر وەک ئاڵۆزبوونی ئاشتی و سەقامگیری جیهانی و ئەرک بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەیر دەکرێن. لێرەدایە کە سەربەخۆیی ئابووری، واتە ڕەوشی لێهاتووی سیستم و ژێرخانی ئابووریی دەوڵەتی بەوجۆرە دروستبوو، توخمێکی هەرە گرنگی سەرکەوتن و سەلماندنی مافی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونە. باشووری کوردستان خاوەنی هەندێک لەم توانا ئابوورییە، هەرچەندە تائێستا شێوەی بەکارهێنانیان و ڕادەی سوودبەخشییان زامن نەکراوە.

باشووری کوردستان خواستی نەتەوەیی هەیە و شوێن ئەرکێکی ستراتیژی کەوتووە کە سەرفرازیی نەتەوەیی لێبەدەست بهێنێت. ئەمە زادەی هزر و خەباتی هەموو خەڵکی ئەم هەرێمەیە. جیاواز لەو گۆڕانەی بەسەر ڕەوشی باشووری کوردستاندا هاتووە، خودی ئەجێندای سەربەخۆیی پەیوەستە بەفەراهەمبوونی ئەو بنەمایانەی باسیان لێکرا. ئەمانە بەشێک لەهۆکاری زامنکردنی ڕاگەیاندنی دروست و سەرکەوتنی پرسەکەن . مەسەلەی کات، ئاستی ئامادەباشی و شێوازی ڕاگەیاندنی پرسەکە دەشێت بابەتی بۆچوونی جیاوازبن. ئەوەی ناکرێت جێگەی گومان بێت، یەکڕیزیی نیشتمانی و کۆدەنگی خەڵک و دەسەڵاتە لەسەر خودی پرسەکە.



هیوا جەمال

# پێشنیازی کەرکووکیانە بۆ پەرلەمان

کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی جاران پێیاندەگوترا "ناوچە دابڕاوەکان" لەلایەن پێشمەرگەوە ڕووداوێکی گرنگ بوو، بەڵام تاوەکو ئێستا بەکردەیی دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئەو بایەخەی پێنەداوە کە پێویست بوو پێی بدات. یەکێک لەو هەنگاوانەی بەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەدا هاویشترا، گێڕانەوەی کۆمپانیای نەوتی باکوور بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام تەنانەت ئەوەش بەبێ بەرنامەیی و هەماهەنگی روویداو و هەموو لایەنەکان لەسەر شێوازی کۆنترۆڵکردنەکەی کۆک نەبوون.

ئێستا کە زۆرینەی خاکی باشووری کوردستان، بە شنگال و مەخموور و کەرکووک و تەواوی ناوچەکانی دیکەوە بوونەتەوە یەک لەگەڵ ئەو سێ پارێزگایەی جاران هەرێمی کوردستانیان پێکدەهێنا، حەقوایە پەرلەمانی کوردستان بیر لە هەندێک گۆڕانکاری بکاتەوە.

یەکێک لەو گۆڕانکارییانە ئەوەیە کە پێویستە ناوی پەرلەمان لە "پەرلەمانی کوردستان -عێراق"ەوە بگۆڕدرێت بۆ "پەرلەمانی باشووری کوردستان". بەمە هەم لە دەستەواژەی عێراق رزگارمان دەبێت و چیدیکە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان نوێنەرایەتیی پەرلەمانێکی عێراقی ناکەن، هەم خەڵکی ناوچە تازە گەڕێندراوەکانیش هەست بەوە دەکەن کە پەرلەمانی کوردستان هی ئەوانیشە.

راستوایە لەمەودوا چیدیکە لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بەناوی "لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان" نەمێنێت. چونکە لەمەودوا، ئەگەر سەرکردایەتیی کوردستان لە بەڵێنەکەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە، ئیدارەی تەواوی باشووری کوردستان هەیە نەک ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

بۆئەوەی مەسەلەکەش هەر بە ناوگۆڕین و هەڵڵای راگەیاندن کۆتایی نەیەت، چاکوایە بە بڕیارێکی کاتی ژمارەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگای کەرکووک و نەینەوا و نوێنەرانی مەخموریش بکرێنە ئەندامی پەرلەمانی باشووری کوردستان. ئەمە تەنیا تاوەکو ئەوکاتە بێت کە گشتپرسی لەو ناوچانەدا ئەنجامدەدرێت و بەدوایدا خەڵکی ئەو ناوچانەش بەشداردەبن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی باشووری کوردستاندا.

هەر لەو ماوەیەشدا کە خەڵکی ناوچە تازە گەڕێندراوەکان نوێنەریان لە پەرلەماندا دەبێت، گرنگە پەرلەمانی باشووری کوردستان شاندێک لە لیژنە جیاجیاکانی دروست بکات بۆ سەردانی ئەو ناوچانە و لە پێداویستیی دانیشتووانی ئەو ناوچانە، بەبێ جیاوازیی زمان و نەتەوە، بکۆڵێتەوە. یەکسەریش بڕیارێک دەربکات بۆئەوەی خوێندکارانی ناوچە تازە گەڕێندراوەکان لە زانکۆکانی هەرسێ پارێزگاکەی دیکەی باشووری کوردستاندا وەربگیرێن، چونکە ئێستا وەرناگیرێن.

لەپەنای ئەوەشدا بە بڕیارێکی پەرلەمان ئەو رێوشوێنانە هەڵبوەشێندرێنەوە کە وادەکەن ئۆتۆمبێلی ژمارە کەرکووک لە بازگەکانی هەرسێ پارێزگاکەی دیکەی باشووری کوردستان بە کاخەز داخیل ببن. چونکە ئێستا خەڵکی کەرکووک هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ خەڵکی سلێمانی و دهۆک و هەولێر. شایانی ئەوەشن پارێزگاکەیان بکرێتە پایتەختی پیشەسازیی باشووری کوردستان.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خەتای مالیکی نییە

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا بە نووری مالیکی دەڵێت "تووشی هیستریا بووە و تەوازوونی لەدەستداوە". ئەم رستەیە لە میدیای جیهانیدا دەنگیداوەتەوە و زۆر قسەی لەسەرکراوە. راستە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سەنتەری دەستنیشانکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان نییە، بەڵام لە پێناسەکردنی هەڵسوکەوتی ئەمدواییەی مالیکیدا خراپی نەپێکاوە.

مالیکی لە یەکێک لە مشکەکانی تاقیکردنەوەیەکی دەروونناسی دەچێت کە چەند ساڵ پێش ئێستا لە ئەورووپا ئەنجامدرا. ئامانجی تاقیکردنەوەکە ئەوەبوو کە بزانن کاریگەریی سەرکەوتن لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەدوای بردنەوە چییە. هەروەها لە پێچەوانەکەشی کۆڵدرایەوە. بەپێی تاقیکردنەوەکە کاتێک مشکێک دەیتوانی لە شەڕدا بەسەر زۆرتر لە مشکێکدا زاڵ بێت، لەخۆی بایی دەبوو و پەلاماری مشکی زۆرتری دەدا. بەڵام کاتێک یەکێک لە مشکەکان دەیشکاند، وردە وردە مشکە لەخۆباییەکە دەشێوا و دۆڕان لەدوای دۆڕانی بەسەردەهات.

بیرکردنەوەیەکی هەڵە هەیە کە پێیوایە "ئەوانەی وادەکەن کەسێک ببێتە دیکتاتۆر، خەڵکی وڵاتان نەک کەسەکان خۆیان". هەڵە لەم بیرکردنەوەیەدا ئەوەیە کە سروشتی خۆویستانە و دەسەڵاتخوازیی بێسنووری مرۆڤ لەبیرکراوە. ئەوەش لەبیرکراوە کە دەسەڵات مرۆڤەکان دەگۆڕێت. سەیری نموونەی هیتلەر، مۆسۆلینی، قەزافی، سەدام و زۆر دیکتاتۆری دیکە بکەن. هەموو ئەوانە مرۆڤی ئاریز و جەماوەرداربوون لە کۆمەڵگەکانیاندا، بەڵام سەرکەوتنەکانیان و نەبوونی دەسەڵاتێکی لەخۆیان بەهێزتر، کە بەسەرسەریانەوە بێت و سنوور بۆ حەزی بێسنووری دەسەڵاتدارتربوونیان دابنێت، ئەوانی گۆڕی.

مالیکی پیاوێکی چاک بوو. شۆڕشگێڕێک بوو لە پیرە هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان خوێندی و ژیا. کاتێک گەڕایەوە بەغداش، بە پارە و پاسەوانی سەرکردەیەکی کوردستان گەڕایەوە. مالیکی وەکو مشکی نێو تاقیکردنەوەکە بە سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی لەخۆی بایی بوو. ئەو لەخۆباییبوونەش لە واقیع دووریخستەوە. ئەو ئەوکاتە لەخۆباییبوونەکەی گەیشتە لوتکە کە توانی میلیشیا شیعەکان بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکات، لەلایەکەوە ئەمریکا لە عێراق دەربەڕێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی سەدد لەسەدی ئێران وەدەستبهێنێت. کاتێک کەللەڕەقیی کرد و هەر سەرۆک وەزیرانی عێراق مایەوە، ئەمریکاش نەیتوانی دەستی لێ بەربدات، هێندەی دیکە لەخۆبایی بوو و تێگەیشت دەتوانێ مشکی زۆرتر ببەزێنێت. چ شیعارێک جوانتر و پیرۆزترە لەوەی کە هەوڵ بۆ چەسپاندنی "دەوڵەتی یاسا" بدەیت؟ دەوڵەتێک کە بەرەبەرە بووە "دەوڵەتی یاسای دارستان" و زاڵترەکانی بەسەر لاوازترەکاندا سەرخست.

ئێستا مالیکی بەو قۆناخەدا تێدەپەڕێت کە مشکەکەی تاقیگە لە یەکەم شکستیدا تێیدابوو. ئەو شکستەی بەرامبەر داعش تووشی بوو، وەکو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەسفیکردووە، تووشی هیستریای کردووە. پیاوێک کە لەوەتەی فەرمانڕەوای عێراقە شکستی نەناسیوە، لەپڕ سوپاکەی تەفروتونا بوو و هەڕەشەی دەرپەڕاندن لە بەغداشی لێکرا. ئەو مشکەی دەبوایە مشکە رکابەرەکانی دیکەی یەک بە یەک ببەزێنێت و ئێستاش بەو نەفەسەوە قسەدەکات، لەپڕ داعشی لێ قیتکرایەوە و لەپەنای "دەوڵەتی یاسای دارستان"ەکەی "دەوڵەتێکی ئیسلامی" سەری وەدەرنا.

مالیکییەک کە گاڵتەی بە گازندەکانی کوردستان دەهات و جێگرە سوننەکەی سەرۆککۆماری وڵاتەکەی، کە دەزگای سەرووی خۆیەتی، لە وڵات دەردەپەڕاند، لەپڕ سوپاکەی بووە مایەی گاڵتەپێکردنی هەمووان. ئەمە "تەوازوون"ی جەنابی سەرۆکوەزیرانی تێکدا.

ئێستا سەرکردایەتیی کوردستان مەرج دادەنێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا لە بەغدا. یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە مالیکی لە دەسەڵاتدا نەمێنێت. هەرچەندە ئەگەر ئەمە روویدا، کۆتایی بە دەسەڵاتی بێسنووری مالیکی دەهێنێت، بەڵام دەکرێ مالیکییەکی نوێ شوێنی بگرێتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە سیستەمی عێراقی رێگە بە دروستبوونی مالیکییەکی نوێ دەدات.

رەجەب تەیب ئەردۆغان زۆر نیشانەی پاوانخوازی و دەسەڵاتویستیی وەکو مالیکیی تێدا دەرکەوتوون، بەڵام سیستەمی تورکیا رێگەی پێنادات وەکو ئەوی لێبێت. بۆئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە سیستەمێکی وەکو ئەوەی تورکیای پێویستە. لێ ئەو سیستەمە بە ساڵێک و دوو ساڵ و دە ساڵ دروست نابێت. کولتوورێکە دەبێ بچەسپێت. پێشناچێت تازە عێراق کاتی بۆ چەسپاندنی ئەو کولتوورە مابێت.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# میزاجی براژن

لە وڵاتی ئێمە زۆربەی شت جێگەی سەرسوڕمانە. بۆ نموونە دەمی هەرکەسێک بکەیتەوە، یەکسەر باسی سەربەخۆییت بۆ دەکات، بەڵام بێ لە کۆکردنەوەی "لایک" لە فەیسبوک ئامادە نییە هیچ "فیداکارییەکی" دیکە بکات! دوو کەس بدوێنە لەسەر جاددە یەکێکیان بەرپرسان بە دزی تۆمەتبار دەکات، بەڵام لە بچوکترین دەرفەتدا بۆ "دزین"ی 30 لیتر بەنزین و فرۆشتنەوەی بە گران، هەزارەها ئۆتۆمبێل لەبەردەم بەنزینخانەکان ریز دەبن. زۆرترین رێژەی کارمەندی حکومی لە وڵاتی ئێمەدایە، بەڵام زۆرترین رۆتینیاتیش هەر لێرەیە. سبەی هەستایت لە خەو بچۆ سەردانی هەر فەرمانگەیەکی حکومی بکە بۆ هەر مامەڵەیەکی ئاسایی، یان بچۆ کۆبۆنی بەنزین وەربگرە! دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی باش لە سەرەدا دەوەستیت، دەگەیتە بەردەم "فەرمانبەرێکی میری". جا خۆت و بەختی خۆت ئەگەر دڵی خۆش بوو کارەکەت باش دەڕوات، گەر نا زۆر بە ئاسانی پێتدەڵێت "ئیشەکەت ناکرێت" ئەگەر بشپرسیت "بۆ؟" لێت تووڕە دەبێت و ئامادەیە دەریشت بکات. کارەکەی تۆ بەستراوەتەوە بە دڵخۆشی کاکی فەرمانبەر، دڵخۆشی کاکی فەرمانبەریش بەستراوەتەوە بە ئاسودەیی ناو خێزانی خۆی، کەوابوو کارەکەی تۆ بەستراوە بە "میزاجی براژن"ەوە. جا دەبێت دوعا بکەیت، براژن دڵی نەرم بووبێت و کاکی فەرمانبەری بە بەختەوەری بەڕێکردبێت بۆ کار.

وەرن، با پێکەوە شیکارییەک بۆ ئەم بارە بکەین. بزانین بۆچی کاکی فەرمانبەر لە دەردەکانمان تێناگات؟ گرنگتر لەوە بزانین، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە لە جێگەی ئەو بووایە هەر بە هەمان جۆر هەڵسوکەوتی دەکرد یان ئێمە پاڵەوانی مەیدان دەبووین. با لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە دەستپێبکەم، هیچ یەکێک لە ئێمەش هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو، چونکە تەمبەڵی و دڵسۆز نەبوون و نا پرۆفێشناڵی لە کاردا دەمێکە بووەتە کلتووری وڵات و قەدەری هەر یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا. سەرەتا تەماشای چەند داتایەک دەکەین، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراون لە کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن و 300 هەزار مووچەخۆر هەیە، لەم ژمارەیە 682 هەزار و 849 یان فەرمانبەرن کە بە کرداری رۆژانە دەچنە سەر کار بۆ راپەڕاندنی کارەکانی هاووڵاتیان.

بەپێی ئاماری دەستەی ئامار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر و دهۆک) 5 ملیۆن و 300 هەزار کەسە. کە 13%ی خەڵکی ئەم سێ شارە فەرمانبەرن. بە واتایەکی دیکە بە 9 هاووڵاتی فەرمانبەرێکمان بەر دەکەوێت. با تەماشای ئەم رێژەیە بکەین لە وڵاتانی تورکیا و ئەمریکا و سعودیە. ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە تورکیا 1 ملیۆن و 856 هەزار و 942 کەسە و ژمارەی دانیشتوانیشی 76 ملیۆن و 667 هەزار کەسە، کەواتە 2.4%ی دانیشتووانی تورکیا فەرمانبەری حکومەتن. لە ئەمریکا ئەو رێژەیە دادەبەزێت بۆ 1.3%. لە سعودیەش 4%ە. ئەی چۆنە لەو وڵاتانە رۆتینیات نییە و کاروباری هاووڵاتیان بە ئاسانی دەڕوات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە روونە، لەو وڵاتانە کارکردن لە حکومەت، بە چەشنی کارکردن لە دوکانێک یان کارگەیەک یان کۆمپانیایەک، پیشەیە. نەک رێگەیەکی تەئمینکردنی ژیان بە بێ ماندووبوون. هاوکات بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەرکەکانی هەر کارمەندێک دیاری کراوە و چاودێری و لێپرسینەوە هەیە بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە. کاتێک ئەمە چارەسەر دەبێت، کە خەڵکی ئێمەش وەک هی وڵاتان لەوە تێبگەن دامەزران لە داو و دەزگا حکومییەکان ئەرکی سەرشانی حکومەت نییە بۆ تەئمینکردنی ژیانیان. بە پێچەوانەوە حکومەتیش وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە پێویستی بە دەستی کار هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی. هەر کەسیش بە بتوانێت لێهاتووانە ئەرکەکان جێبەجێکات دەتوانێت لە حکومەت کار بکات.

هۆکارێکی سەرەکی کە خەڵک هان دەدات بۆ تەمبەڵی و بێبەرهەمی، سەرچاوە سروشتییەکانە. جێگەی داخە کە کۆمەڵگای کوردی بووە میراتگری باوەڕێکی باوی خەڵکی عێراق، ئەویش چیرۆکی دەوڵەمەندی وڵاتە. هەموو کەس دەڵێت "نەوتمان هەیە و دەوڵەمەندین"، حکومەت ناچارە بمانژیێنێت. دەبێت لەوە تێبگەین کە نەوت بە تەنیا خۆی دەوڵەمەندی نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی سروشتییە بۆ بنیادنانی ئابوورییەکی بەهێز و وڵاتێکی دەوڵەمەند. فرۆشتن و بەبادانی نەوت بۆ دابەشکردنی مووچە، جگە لە گێلییەتی هیچی دیکە نییە. کاتێک نەوت نرخی هەیە کە بە دەستکەوتەکەی وەبەرهێنانی گەورە بکرێت و ژێرخانی ئابووری بۆ وڵات دروست بکرێت، نەک مووچەی پێ ببڕدرێت بە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی وڵات.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەم باسە ببەسمەوە بە مەسەلەی سەربەخۆیی. چونکە باوەڕم وایە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوانیاندا. کۆمەڵگا کاتێک دەبێت بە نەتەوە و مافی چارەی خۆنوسین بە دەستدێنێت، کە تاکەکانی ئیشکەر و بەرهەمهێن بن. بیر لەوە نەکەنەوە ببن بە مشەخۆر بەسەر حکومەتەوە، بەپێچەوانەوە دڵسۆزانە و پرۆفێشناڵانە کاربکەن و "میزاجی براژن" نەبێت ئەوەی بڕیار دەدات بەڵکو یاسا و رێسا و رێنماییەکان بێت. دیوێکی دیکەی مەدالیاکە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە کە بە کرداری یاسا و رێسا و رێنمایی راستەقینە و پراتیک دابڕێژێت و چاودێر بێت بەسەر جێبەجێکردنیانەوە. هاوکات واز لەوە بهێنێت دامەزراندن بە رێگەی کۆکردنەوەی دەنگ ببینێت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا چارەکی کۆمەڵگاکەی بکات بە مووچەخۆر.



دەیڤد رۆمانۆ

# وانەی کوردی لە ئەزموونی ئیسرائیلی

کوردی عێراق هەندێکجار لە دەوڵەتی زایۆنی دەڕوانن بۆئەوەی وانەی دەوڵەت دروستکردن وەربگرن. جوولەکەکان دواجار توانییان بەسەر نەهامەتیی زۆردا زاڵبن و دەوڵەتێکی بەهێز بۆخۆیان دابمەزرێنن.

پێش دامەزراندنی ئیسرائیل، جوولەکەکان وەکو کەمینە لە وڵاتانی دیکەدا پەرشوبڵاو ببوون. هەندێکجار لەو وڵاتانەدا بارودۆخیان باش بوو و دەیانتوانی گەشە بکەن و هەندێکجاریش لە هەندێک شوێنی دیکەدا سەرکوتدەکران و دەچەوسێنرانەوە و بەکۆمەڵ دەکوژران. بەلای زۆر لە جوولەکەکانەوە دامەزراندنی ئیسرائیل گەڕانەوەی ئەو شەرەف و شانازییە بوو کە جوولەکەکان چەندین سەدە پێشتر لەدەستیاندابوو، بەهۆی وەکو کەمینە ژیانەوە لەبەردەم رەحمی خەڵکانی دیکەدا. ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ وەکو قوربانی ژیابوون، لە گەڕەکەکانی خۆیاندا قەبوڵ نەدەکران و چارەیان نەدەویسترا.

زۆر ئەستەم نییە لەوە تێبگەین کە بۆچی کورد هاوخەمییان بەرامبەر ئەو ئەزموونەی جوولەکەکان هەیە. هەرچەندە خەڵکانی دیکەی ئەو ناوچەیە خۆشیان بە چارەیاندا نایە، بەڵام کورد، بەتایبەتی کوردی عێراق، هاوخەمیان بەرامبەر ئیسرائیل هەیە. لەبەر یەک شت، ئەوان هاوکارییەکانی ئیسرائیلیان لەبیردێت کە لە ساڵەکانی 1960 و 1970دا بۆ شۆڕشی کوردی دەنارد. چەندین دەیەیە ئیسرائیل دوژمنی سەرسەختی دوژمنی کورد بوو، کە بەغدایە. لەبەرئەوە جێگەی سەرسووڕمان نییە کە هاوینی ئەمساڵ ئیسرائیل یەکەم دەوڵەت بوو نەوتی کوردستانی کڕی و یەکەم دەوڵەت بوو پشتگیریی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەئاشکرا راگەیاند. هەروەها ئیسرائیل نزیکەی 100 هەزار جوولەکەی کوردی هەیە کە لە زاخۆ و کەرکووک و سلێمانی و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لەلایەن رژێمی پێشووەوە وەدەرنراون و ئەمە لە ساڵانی پەنجاکاندا روویداوە. ئەم جوولەکانە تاوەکو ئێستاش شانازی بە ناسنامەی کوردیی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام "عەرەبە جوولەکەکان" زۆر لەمێژە خۆیان لە ناسنامەی عەرەبی بێبەریکردووە.

هەرچەندە لە باشوری کوردستان زۆر کەمینە هەن، بەتایبەتی عەرەب، تورکمان، و مەسیحی، دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بەو مانایە نایەت کە ئەم کەمینانە دەبێت بە هەمان دەردەسەریدا تێپەڕن. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رەنگە رووبەڕووی هەندێک کێشە ببێتەوە لەلایەن کەمە نەتەوەکانەوە، بەتایبەتی ئەگەر ناوی ئەو دەوڵەتە و هێماکانی لە شوناسی ئەتنیی کوردییەوە وەربگیرێن. هەندێک لە گرووپ و کەمەنەتەوەکان رەنگە نەتوانن ئەو دەوڵەتە بە هی خۆیان بزانن. زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننین، ئەمەش چانسی ئەوەی کە پەراوێز بخرێن کەمدەکاتەوە، بەڵام مەترسیی ئەوەی کە ببنە بەشێک لە شەڕی سوونە و شیعە، کە ناوچەکەی گرتووەتەوە، زیاددەکات. بەڵام کێشەی گەورە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەوەیە کە کوردستان تەنیا بە خاک دەورەدراوە و ئاوی نییە. بۆیە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان زۆر پشتبەستوو دەبێت بە هیچ نەبێت یەکێک لە دراوسێکانیەوە.

بەهەرحاڵ، زۆر لێکچوونیش هەیە. کوردستانیش [وەکو ئیسرائیل] خاوەنی گەلێکە کە زۆر لەخەمی گەڕاندان بەدوای ئاسایش و شەرەفمەندی و وڵاتێک کە بە وڵاتی خۆیانی بزانن. گەلێکی لەمجۆرە دەتوانن شتی وا بێننەکایەوە کە جێگەی بڕواپێکردن نەبێت. هەروەکو چۆن جوولەکەکان ئامادەبوون خوێنی خۆیان و خەڵکانی دیکە بۆ بە دەوڵەتبوونی خۆیان برێژن، کوردیش بەهەمانشێوە ئەو ئامادەگییەی هەیە. وەکچۆن جووەکان چەندین ساڵ بەر لە 1948 دەوڵەتی دیفاکتۆی خۆیان لە فەڵەستین دروستکردبوو، کوردیش چەندین ساڵە ئۆتۆنۆمیی هەیە و خۆی بۆ سەربەخۆیی ئامادەدەکات. هەروەها وەکچۆن ئیسرائیل تاوەکو ئێستاش بەدەست ناکۆکیی سنوورەوە دەناڵێنێت و خوێنی لەسەر بەڕشتن دەدات، ئاواش دەوڵەتی داهاتووی کوردستان هەمان ئەگەری رووبەڕوو دەبێتەوە.

**دەیڤد رۆمانۆ لە ساڵی 2010 وە کۆڵۆمنوسی رووداوە. ئەو مامۆستای سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی مزۆری ستەیت و نوسەری کتێبی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیە (چاپی زانکۆی کامبریج 2006) هەروەها لەگەڵ نوسەر مەهمەت گورسەس هاونوسەری کتێبی ململانێ، دیموکراتیزەبوون و کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (چاپی پالگرەیڤ ماکمیلان، 2014)یە.**



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# زەمانەتی نێودەوڵەتیمان دەوێ

ئێمە لەگەڵ ئەم عێراقە و دەسەڵاتدارانیدا تووشی قەیرانێک بووین. قەیرانێک کە رەگێکی مێژوویی و رەهەندێکی جوگرافیی هەیە. مێژوو بە تێپەڕبوونی کات، جوگرافیای گۆڕیوە بە ئاراستەیەکی پێچەوانە و جوگرافیای ئێستاش راستییەکانی مێژووی جارانی سڕیوەتەوە.

سروشتی نەیارەکانیشمان لەم قەیرانەدا، دەسەڵاتی بەغدایە، وردتریش ئێستا مالیکییە. مالیکی چی دەکات؟

گۆڤاری فۆرێین پۆڵیسی پار نووسیبووی:

)مالیکی کەسێکە حوکمی عێراق ناکات، بەڵکو ئیدارەی دەکات.

ئامرازەکانی مالیکی هی خۆی نین، بەڵکو دەیانخوازێت و بەکاریان دەهێنێت.

مالیکی ئیدارەی ململانێکان دەکات، هەوڵی چارەسەرکردنیان نادات.

مالیکی تائیفییەت وەکوئامراز بەکاردەهێنێت، نەک بڕوای پێی هەبێت.

مالیکی پراگماتیکە، کەمتر مەبدەئییە).

لێرەوە ئەمڕۆ دەردەکەوێت کە مالیکی ئەوەندەی (بەڕێوەبەر)ە، ئەوەندە (حاکم) نییە. ئەو سیناریۆیەکی بۆ کێشراوە و کار لەسەر ئەنجامدانی دەکات.

بۆیە ئێستا لە کۆی ئەو سێ سیناریۆیە، مالیکی لەگەڵ یەکەمیاندایە:

یەکەم: هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش (10)ی حوزەیران، بە بەکارهێنانی هێزو چەک، ئەمەش رووسیا و ئێران و مالیکی لەگەڵیدان.

دووەم: بەشدارپێکردنی هەمووان و جێبەجێکردنی فیدراڵی و گۆڕینی نەخشەی ناوخۆ بۆ رێگرتن لە گۆڕینی نەخشەی عێراق، ئەمەش ئەمریکا و سعودیە و تورکیای لەگەڵدایە.

سێیەم: دابەشکردنی عێراق، ئەمەش داوای ئێمەیە و پشتگیریی زارەکیی چەند دەوڵەتێکیشە.

بۆیە پرسیارەکە ئێستا ئەمەیە: ئەی ئێمە لەبەرامبەر ئەم سیناریۆیانە چی بکەین؟

ئێمە (2) رێگەی سەرەکیمان لەپێشە:

یەکەم: ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی رابگەیەنین، ئەگەر بەرگەی فشارەکان بگرین و بزانین بارودۆخ لەبارە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە، ئەوسا بۆ ئەم هەنگاوە پێویستە هەموو حیزبە کوردستانییەکان دیدگا و گوتارو رەفتار و سەنگەری سیاسییان لە ناوخۆی کوردستاندا یەکبخەن، بۆئەوەی بەغدا کەرتمان نەکات.

دووەم: ئەگەر زانیمان فشارەکان جددین، کاریگەرن، ئەزموونەکەمان بەرەو دواوە دەبەن، ئەوسا رێگەی (2) بە (1) بەکار دەهێنین، واتە ئێمە 2 هەنگاو چووینەتەپێش، بەڵام 1 هەنگاو دێینە دواوە، بۆ ئەمەش (دوو) رێگەی دیکەمان لەپێشە:

رێگەی یەکەم: یان بەشداریکردنی کاراتر لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا، بەڵام بە مەرجی:

یەکەم: ئەو لایەنەی فشارمان دەخاتە سەر بۆ بەشداربوون لە حکومەتێکی نوێی عێراقیدا، پێویستە زەمانەتێکی کات بۆ دیاریکراومان بداتێ، بۆئەوەی بەردەوام لە گێژاوی ئەم دەوڵەتە فاشیلەی عێراقدا نەخولێینەوە، هەتا هەتایە.

دووەم: لادانی مالیکی و دانانی کەسێکی دیکە.

سێیەم: مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەموو ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان.

چوارەم: زیادکردنی بودجەمان بەپێی واقیعە نوێیەکە بۆ 25% — 30.

پێنجەم: ئیدارەی ئەو ناوچە کوردستانییە ئازادکراوانەمان لەدەست بێت.

شەشەم: نەوتی ئەو ناوچانە بە بۆڕیی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە ببەسترێتەوە و ئازادیی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوتمان بەیاسایی بکرێت.

حەوتەم: قۆناخی دووەم و سێیەمی ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان کاتی خۆی رازی بوو لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنەکەی بۆ ماوەی 6 مانگ دوای بەروارەکەی نێو دەستوور. ئەمەش ئاماژەیەکی یاساییە کە ئەو ماددە دەستوورییە لە جێبەجێکردندا لە 2007/12/31 کۆتاییینەهاتووە.

رێگەی دووەم: یان بەشدارینەکردن لە حکومەتی عێراق و هەوڵدان بۆ دەرخستنی زیاتری فەشەلی ئەم عێراقە دەستکردە و قەناعەتهێنان بە دوور و نزیک، کە عێراق ئەو دەوڵەتەیە پێکهاتەکانی بە نیشتمانی خۆیانی نازانن.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




نووری گەرمیانی:

# سەیداوە لە ئەمریکا خۆشترە

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێخۆشحاڵ دەبین بە دانی ئۆفەرێکی تایبەت بۆ یەکەم جار لە کوردستان: یەک لە مۆدێلە هەرە سەرکەوتوەکانی BMW ٢٠١٤ هەڵبژێرە – BMW زنجیرەی پێنجەم یان BMW زنجیرەی سێیەم. و ئەم تایبەت مەندیە نایابانەی خوارەوە بەدەست بهێنە:

- قیستی مانگانە کە لە ٨٧٥$ دەست پێدەکات.
- قازانجی سفر ٪
- بە بێ دەستەبەری و بەبێ گڵدانی خانووبەرە
- بۆ ماوەی دوو ساڵ.

بفەرمە ئەمڕۆ بۆ سەردانی پێشانگای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل بۆ تاقی کردنەوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بژاردەکەت.

کۆمپانیای العروش بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل
تەلەفۆن: ٠٧٨١ ٣٧٧ ٧٧٧٧
پۆستی ئەلیکترۆنی info@bmw-iraq.com. سایتی ئەلیکترۆنی www.bmw-iraq.com